حەشدی شەعبی پێنج کیلۆمەتر لە خاڵی تەماس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچە سنورییەکانی نەینەوا دەکشێتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6017) سێشەممە 6ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد کە بە پێنج کیلۆمەتر لە خاڵی تەماس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە بکشێتەوە. دوای ئەوەی چەند رۆژێك لەمەوبەر لە ناوچەیەکی سنووری کارگێڕی پارێزگای نەینەوا کە لەژێر کۆنترۆڵی لیوای 30ی حەشدی شەعبی دایە، شەش مووشەك ئاراستەی دەروروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کرابوون، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد کە بە پێنج کیلۆمەتر لە خاڵی تەماس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە بکشێتەوە. لەمبارەوەیە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە نەینەوا بە ئاژانسی شەفەق نیوزی راگەیاندووە کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان فەرمانی بە حەشدی شەعبی کردووە کە لە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا بە پێنج کیلۆمەتر لە پێشمەرگە بکشێتەوە و بۆشایی ئەو ڕووبەرە پێنج کیلۆمەتریەش لەلایەن سوپای عێراقەوە پڕ دەکرێتەوە. بە گوتەی سەرچاوەکە ژمارەیەك لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی ئەو بڕیارەیان ڕەتکردووەتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 30ی ئەیلوولی 2020، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو، شەش مووشەك لە سنووری ناحیەی بەرتلە سەربە پارێزگای نەینەوا کە دەکەوێتە سنووری لیوای 30ی حەشدی شەعبی ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کراون و هیچ ئامانجێکیان نەپێکاوە، هەروەها هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە. دوای ئەوە، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان فەرمانی کرد کە فەرماندەی ئەو هێزەی کە بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیەی کە مووشەکەکانی لێوە ئاراستەکرابوون، دەستبەسەر بکرێت.

ڕاپۆرتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان:

دوور لە هەموو موزایەدەکردنێک لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام دەبین

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز سیاسەتی تەعریب قبوڵ ناکات و ڕەتی دەکاتەوە



دوێنێ دووشەممە 5-10-2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاپۆرتێکی پێشکەشکرد.

سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند: خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەمڕۆ هاتوومەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی ئێوە و ڕای گشتی کوردستان، بخەمەڕوو. سەرۆکی حکوومەت گوتیشی: بێگومان پەرلەمانی کوردستان، وەك دەزگایەکی گرنگی یاسایی و دامەزراوەیەکی باڵای دەستووری، هەمیشە جێگەی بایەخ و ڕێز و پێزانینی ئێمە بووە. لە دوای سوێندخواردنمان لە بەردەم پەرلەمان و لە ماوەی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی و هەماهەنگییەکی بەهێز و پتەو و تەواوکەرمان لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم و لە نێویشیاندا لە گەڵ پەرلەمانی کوردستان هەبووە، کە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر جێبەجێکردنی باشتری کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

(ڕاپۆرتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە ل2 و 3 و 4 بخوێنەوە)

وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

بەغدا بەبڕیاری سیاسی پارەی کوردستانی نەناردووە

لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا، وەزیری دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری لەبارەی دۆخی دارایی و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد و هۆکاری بڕیاری لێبڕینی مووچەی فەرمانبەرانی خستەڕوو.

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

پەرلەمانی عێراق: قەرزەکانی حکوومەت دەوڵەتی عێراق مایەپووچ دەکەن

لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە قەرزەکانی حکوومەت، دەوڵەتی عێراق مایەپووچ دەکەن. دوێنێ دووشەممە ٥-١٠-٢٠٢٠، لێژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندووە، لێژنەکە چەندین جار داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە هەنگاو بۆ زیادکردنی سەرچاوە داراییەکان بەبێ قەرزکردن، بنێت. هەروەك لێژنەکە ڕایگەیاندووە، حکوومەتی عێراق بە ڕێکنەخستنی دابەشکردنی مووچە و داواکردنی قەرزی زیاتر، گەراوەتەوە سەر "بیسەروبەری"ی دارایی. لێژنەکەی پەرلەمان هۆشداریی داوەتە حکوومەتی عێراق بەوەی هەوڵ نەدات نەدانی مووچەی فەرمانبەران بخاتە ئەستۆی پەرلەمانەوە، چونکە دابەشکردنی مووچە ئەرك و بەرپرسیارێتیی ڕەهای حکوومەتە. پێشتر لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندبوو، کە بەهۆی قەرزەکانی حکوومەتی عێراقەوە، لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا عێراق مایەپووچ دەبێ و دەوڵەتی عێراق هەرەس دەهێنێت.

ڕاپۆرتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان:

دوور لە هەموو موزایەدەکردنێک لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام دەبین

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز سیاسەتی تەعریب قبوڵ ناکات و ڕەتی دەکاتەوە



دوێنێ دووشەممە 2020-10-5 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاپۆرتێکی پێشکەشکرد. سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند: خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەمڕۆ هاتوومەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی ئێوە و ڕای گشتی کوردستان، بخەمەڕوو. بێگومان پەرلەمانی کوردستان، وەک دەزگایەکی گرنگی یاسایی و دامەزراوەیەکی باڵای دەستووری، هەمیشە جێگەی بایەخ و ڕێز و پێزانینی ئێمە بووە. لە دوای سوێندخواردنمان لە بەردەم پەرلەمان و لە ماوەی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی و هەماهەنگییەکی بەهێز و پتەو و تەواوکەرمان لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم و لە نێویشیاندا لە گەڵ پەرلەمانی کوردستان هەبووە، کە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر جێبەجێکردنی باشتری کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بەڕێز:

خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەمڕۆ هاتوومەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخی ئێوە و ڕای گشتی کوردستان، بخەمەڕوو. بێگومان پەرلەمانی کوردستان، وەک دەزگایەکی گرنگی یاسایی و دامەزراوەیەکی باڵای دەستووری، هەمیشە جێگەی بایەخ و ڕێز و پێزانینی ئێمە بووە. لە دوای سوێندخواردنمان لە بەردەم پەرلەمان و لە ماوەی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی و هەماهەنگییەکی بەهێز و پتەو و تەواوکەرمان لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم و لە نێویشیاندا لە گەڵ پەرلەمانی کوردستان هەبووە، کە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر جێبەجێکردنی باشتری کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە و لەکارنامەی کابینەی نۆیەمدا، ئاماژەمان بە ڕۆلی گرنگیی پەرلەمان کردووە بۆ بەدواداچوونی کارەکانی حکوومەت و هەماهەنگیی و هاوسەنگیی و بەرپرسیارێتی هاوبەش. لەم ڕووەشەوە، لە کابینەی نۆیەمدا، بە بەراورد لەگەڵ هەموو خولەکانی پێشووی پەرلەمان، ئێمە زۆرترین ژمارەی وەزیر و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمان نارد‌ووەتە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان. لەسەر بنەمای شەفافیەت، بە ئەرکی خۆمان زانیوە، ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆمان بڵێین و دوور لە هەموو موزایەدەکردنێک، لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بین. بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش، ئەنجوومەنی وەزیران، بەم نزیکانە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە گشت وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

ئەمڕۆ خۆشحاڵم لێرەدا ڕوونکردنەوە و وردەکارییی پێویستتان، لە بارەی چەند دۆسییەکی ماوەی کارکردنمان وەکو سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەم. لەوانە پرۆسەی چاکسازی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، دۆخی دارایی و تەندروستی ئێستای هەرێمی کوردستان و ڕێپەوی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لە گەل حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا.

بەر لەوەی بچمە سەر وردەکارییەکانی ئەو دۆسیانە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە لە ماوەی یەک ساڵی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا، هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، دووچاری چەند قەیرانێکی سەختی تەندروستی و ئابووری بوونەتەوە. بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی و بەتایبەتی دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا، هەروەها دواکەوتنی خەرجکردنی بەشە بودجەی هەرێم لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە، کاریگەریی نەرێنی لە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست کردووە. ئەم قەیرانانە کێشە و گرفت و تەحەدای گەورەی نەک هەر بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ وڵاتانی زلهێزی خاوەن ئابووریی و پیشەسازی گەورەی جیهانیش، دروست کردووە و سیستەمی دارایی و ئابووریی ئەو وڵاتانەی، ڕووبەڕووی دارمان و زیانی گەورە و بێ وێنە کردووەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو قەیرانانەش، بەڵام ئێمە هەرگیز لە کارکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریی و ستراتیجییەکان نەوەستاوین و بە پێی توانای دارایی بەردەست، بەردەوام بووین کە دواتر ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.

بەڕێزان: لە ڕێورەسمی سوێندخواردنمان لە بەردەم ئێوەدا، لە گوتارێکدا ئاماژەم بەوە دا، کە ئەرکێکی سەختمان لە ئەستۆ گرتووە و چاوەڕوانیی زۆریش لەم کابینەیە دەکرێت و هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانییەدا ببین، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتم، دەبێ واقعبین بین و کۆسپ و کێشە و گرفتە کەڵەکەبووەکانمان، لە بەرچاو بێت، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە، کاتیان دەوێت. بۆیە پێویستە لەم چوارچێوەیەدا و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو قەیران و دۆخە تەندروستی و دارایییە سەختەی هاتە پێش، هەڵسەنگاندن بۆ کارو ئەدای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

لێرەدا دێمە سەر باسکردنی ئەو دۆسیانەی کە مەبەستی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمانن:

تەوەری یەکەم (1)

پرۆسەی چاکسازی:

وەک ئاگادارن، چاکسازی بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمە و، هەر لە سەرەتاوە زۆر بە جیددی کارمان لە سەر کردووە. بەڵام بێگومان چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە شەو و ڕۆژێک تەواو ناکرێت و هەموو کەرتەکانیش دەگرێتەوە.

ئێمە لە سەر چەند ئاستێکی جیاواز دەستمان بە ئەنجامدانی چاکسازی کردووە، کە دەکرێ بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشی بکەین: چاکسازی دارایی و چاکسازی کارگێڕی.

یەکەم: چاکسازی دارایی:

چاکسازی داراییش هەردوو بواری داهات و خەرجییەکان دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چاکسازی لە بواری داهات:

ئەمەش سێکتەرەکانی باج و گومرگ و دەروازی سنوورییەکان دەگرێتەوە، کە بەم شێوەیە بە وردی ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەکەین کە لەم بوارانەدا ئەنجام دراون:

چاکسازی لە بواری باج:

پشتبەست بە برگەی (هەشتەم) لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاکسازی کە تیایدا هاتووە: (هەشتەم: چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ سەپاندنی باج)، لەسەر ئەم بنەمایە، لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوە بە بواری باج لە هەرێمی کوردستان. ئەنجوومەنی وەزیران سەرجەم ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی بە بڕیاری ژمارە (64) پەسەند کرد و ئێستا کەوتونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەتایبەتی لە دانانی باج لە سەر پەیوەندی و گەیاندن و باج لە سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

باجدانان لە سەر کۆمپانیاکانی پەیوەندی و گەیاندنداً:

1 - لە چوارچێوەی دانانی باج لە بواری پەیوەندی و گەیاندندا (وەک مۆبایل وئینتەرنێت)، کۆمپانیاکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان پابەندکراون بە پێدانی ئەو شایستە داراییانەی کە لە ئەستۆیانە وەک بەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی گرێبەستی هاوبەشی حکوومەت و ئەو کۆمپانیایانە، یان ئەو بڕە پارانەی وەک باج یان ڕەسم یان سزای دواکەوتن لەسەریان کەڵەکە بووە.

2 - ڕاسپاردنی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ دابینکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە باجی فرۆشتنی سەر کارتی مۆبایل بەپێی ڕێژەی فرۆشتنی کارت لە هەرێمی کوردستان، کە ڕێژەی بەشداربووان و فرۆشتنی کۆمپانیاکانی (کۆڕەک، ئاسیاسێل و زین العراق) لە هەرێمی کوردستان زۆرە و بەهۆی ئەوەی ئەم باجە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت، بۆیە پێویستە بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێم خەرج بکرێتەوە.

3 - پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل کە قەرزاری باجی هاتوون لە برگەی سەرەوە، پێداچوونەوە بە خشتەی دانەوەی قەرزەکانیان بکەن (إعادە جدولە الديون) بە شێوەیەکی گونجاو و کەمکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە قیستەکانیان لەسەر دابەشکراوە.

4 - پابەندکردنی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت، کە گرێبەستی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بە پێدانی باجی پێویست بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەرجێک کاریگەریی لەسەر کوالێتی و نرخی خزمەتگوزارییەکە نەبێت.

5 - وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، نووسراویان کردووە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان (هەولێر سلێمانی و دهۆک) و بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەدران کە پێویستە سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن پێڕاگەیاندنیان بۆ بکرێت و ملکەچ بکرێن بە پێدانی باجەکانیان بە زووترین کات، تاوەکو ئێستا 49 کۆمپانیای بواری گەیاندن ئاگادارکراوەنەتەوە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ ئەوەی پابەندبن بە شایستە داراییەکان لەگەڵ کۆمپانیای فرۆکەوانی عێراقی و 7 کۆمپانیا دراونەتە دادگا بۆ پابەندبوون بە پێدانی شایستە داراییەکان.

6- جیا لەم هەنگاوانەی ئاماژەمان پێدان، کاریشیان کردووە بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و بیرۆکراسی لە داموددەزگاکانی حکوومەت و ڕایکردنی ئیشوکار و مامەڵەی هاووڵاتیان لە فەرمانگەکانی حکوومەت، بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا. هەروەها دەست بە پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی گشتیش کراوە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمە جیا لە بەستنەوەی دەروازە سنووری و فرۆکەخانەکان، بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کە ئاسانکارییەکی باشی کردووە لە بواری کۆکردنەوەی گومرگ و باشتربوونی کوالیتی کۆنترۆلدا.

باج لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گۆڕانکاریی لە ڕێکار و میکانیزمی وەرگرتنی باج

1. ئەژمارکردنی باج لەسەر گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە و ماوەی بەخشینەکانی باج و گومرگیان تەواو بووە کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4) ساڵی 2006 وەریانگرتبوو.

2. ڕاسپاردنی (دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی پەیرەوی ژمارە (3)ی ساڵی 2020 تایبەت بە پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان و پێکهێنانی (ئەنجوومەنی پیشەی چاودێری و وردبینی هەژمارەکان لە هەرێمی کوردستان) و ڕێکارەکانی تایبەت بە پەیانگای باڵای زانستە دارایی و ژمێرییەکان. جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە دانی باج.

3. پابەندکردنی گەورە باجەدران (لە بوارەکانی نەوت، کارگەکانی ئاسن و چیمەنتۆ، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پەیوەندی و گەیاندن) بە پێشکەشکردنی هەر دەفتەرێکی بازرگانی و بەڵگەنامەیەک کە ڕاستی و دروستیی داهاتی بەدەستهاتوو دەخاتەڕوو و وازهێنان لە خەملاندنی لەگۆتره (التقدير الجزافي) کە ڕاست و دروستی قازانجی بەدەستهاتوو لەلایەن ڕاسپێردراو بە پێدانی باج، ناخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجوومەنی وەزیران (پێرەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (2)ی ساڵی 1985 لە هەرێمی کوردستان-عێراق هەموارکردەوە بەپێی پەیرەوی ژمارە (1)ی ساڵی 2019).

4. هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیار و فەرمان و نووسراوانەی لێخۆشبوون لە باج لە هەر سەرچاوەیەکەوە دەرچوو بن، ئەگەر لە دەرەوەی یاسا پەیوەندیدارەکاندا درا بن.

گومرگ و دەروازە سنوورییەکان:

بەڕێزان: سەبارەت بە گومرگ و دەروازە سنوورییەکان لێرەدا دەمەوێت چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەم:

-1 ئێمە بۆ ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە کاروبارەکانی دەروازە سنوورییەکان، لیژنەیەکمان پێکهێنا لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆلکردنی سنوورەکان.

-2 بڕیاری پێداچوونەوەمان بە گرێبەستەکانی دەروازە سنوورییەکان داوە. بە شێوەیەک ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکوومەت خۆی دەتوانێ ئەنجامیان بدات، ئەوا لە لایەن حکوومەتەوە ئەنجام دەدرێن. بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی حکوومەت ناتوانێ بیانکات، لە ڕێگەی گرێبەستی شەفاف و ڕوونەوە، دەدرێنە کەرتی تایبەت بەمەرجێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە بەرژەوەندی گشتیشدا بێت.

-3 یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دەروازە سنوورییەکان، بەداخەوە بوونی دیاردەی قاچاخچییەتییە لە هەندێک لە دەروازە سنوورییەکان. بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیەش، لیژنەیەکمان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی ئاسایش پێکهێناوە و هیوادارین بە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەنەکان، بتوانین سنوورێک بۆ ئەم دیاردە و کێشەیە دابنێین.

چاکسازی لە بواری ڕێکخستنەوەو زیادکردنی داهات:

1 - وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، بە چەندین نووسراو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو لێخۆشبوونانەی داوە کە پێشتر دراون و لە گەڵ یاسا و ڕێنماییەکان ناگونجێن. هەروەها دەبێ هەموو کۆمپانیاکان تۆمار بکرێن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان و ملکەچی پێدانی باج بن.

2 - کارمان کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، لەسەر ڕسووماتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی میکانیزمی کۆکردنەوەی ئەو لایەنانەی ڕسوومات خزمەتگوزاری وەزارەتەکان بە شێوەی گرێبەست کۆدەکەنەوە، بە جۆرێک لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بێت و بە شێوەی ئەلیکترۆنی تۆمار بکرێن لە لایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران.

3 - دەستەی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستیان کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی زەوی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنا تا ئێستا دەست بە کار نەبوون کە تا ئێستا 30 پرۆژە هەڵوەشاونەتەوە. هەروەها وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان لە بەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان ژمارە 4 ی ساڵی 2006. پرۆسەکە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و بەردەوامە. هەروەها وەزارەتی شارەوانی بە هەمان شێوە، دەستی بە هەڵوەشاندنەوەی تەرخانکردنی ئەو زەویانە کردووە، کە بە موساتەحە دراون بەڵام دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان نەکراوە.

4 - لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ و داد، پێکهێنراوە بۆ تاپۆکردنی ئەو زەوییانەی کە بە شێوەی کارت بۆ هاووڵاتیان تەرخانکراوە وەک قەرەبووی جووتیارانی خاوەن گرێبەست، دوای ووردبینیکردنی دۆسیەکانیان. پرۆسەکە بەردەوامە و لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

5 - لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و داد و دەستەی وەبەرهێنان، پێکهێنراوە بۆ تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە بە ناوی هاووڵاتیانەوەیە.

6 - لیژنەی هاوبەش لە وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان، پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە نرخی خزمەتگوزاری کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون. وەک قۆناغی یەکەم زۆربەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و نرخەکانیان کەم کراونەتەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی لە سەر هاووڵاتیان. پرۆسەکەش بەردەوامە.

7 - حکوومەتی هەرێم دەستی کردووە بە جەردکردن و پۆلینکردنی سەرجەم مووڵک و ماڵی وەزارەت و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی مووڵکەکانی حکوومەت، وەک سەرچاوەیەک بۆ داهاتی گشتی مامەڵەیان پێوە بکرێت.

8 - پێداچوونەوە کراوە بەو زەوییە کشتوکاڵییانەی بە گرێبەست بە کرێ دراون لە ڕووی نرخ و شێوازی گرێبەست، هەروەها پۆلینکردنی سەرجەم ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە زێدەڕۆییان لە سەر کراوە، بۆ ئەوەی وەک سامانێکی نیشتیمانی مامەڵەیان پێوە بکرێت و بێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ حکوومەت.

9 - سەبارەت بە زێدەڕۆیی لە سەر زەویی حکومی کشتوکاڵی و زەوییەکانی تر لە سەر ئاستی پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان بە بەردەوامی ڕێگری دەکرێت لە سەر ئەم زێدەڕۆییانە و پرۆسەکە بەردەوامە.

10 - بۆ خێرا کردنی پرۆسەی وەرگرتنەوەی داهاتەکانی حکوومەت، داشکاندن کراوە بە ڕێژەی 15% لەو پێشینانەی حکوومەت کە لە لای هاووڵاتیانە، وەک پێشینەی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەکانی پرۆژەکانی پیشەسازی گەشتیاریی. بە هەمان شێوە 15% لێخۆشبوون لە

هەرگیز لە کارکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریی و ستراتیجییەکان نەوەستاوین

بەم نزیکانە راپۆرتێکی تایبەت بە گشت وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکەین

دەرفەتی کاری هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ئارادایە



قەرزەکانی کارەبا بۆ هاوبەشانی کارەبا کراوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
11 - پێداچوونەوە بە چەندین کۆنتراکت کراوە کە لە بەرژەوەندی لایەنی دووهەم ڕێکخرابوون. بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە لە بەرژەوەندی گشتیی و حکوومەتدا گۆڕانکارییان تێدا کراوە.

چاکسازیی لە خەرجییەکان:

1 - خەرجییەکانی مووچە و خانەنشینی و بەخشین و ئیمتیازات(یاسای ژمارەی 2 ی ساڵی 2020:

هەر لە دوای دەستبەکاربوونمان، لیژنەیەکی باڵامان لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو حکوومەت پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی (پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان) و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە دواجار لە لایەن ئێوەوە پەسەند کرا و لە 2020/7/1 ەوە، یاسای چاکسازی چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ماوەی سێ مانگی پەسەندکردنیشیدا، ئەم هەنگاوانەی یاسای چاکسازی لە بواری کارگێڕی و دارایی جێبەجێ کراون:

1 - دەرچوواندنی پەیڕەوی دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 7 ی ساڵی 2020.
2 - یەکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی 70 و 80 لە یەك، یەکەی ژمێریاری.
3 - ئامادەکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنەوەی پاسەوانیی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایش.
4 - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، دۆسییەکانی (شەهیدان و کۆچکردووان و خانەنشینان بە گشت جۆرەکانی و پەکەوتەی سەنگەر) یان ئامادە کردووە بۆ گواستنەوەی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و ڕێکخستنەوەیان لە سەر بنەمای دادپەروەریی و شایستەبوون و بە پێی ڕێنماییە بەرکارەکان.
5 - ڕێکخستنەوەی هەژماری خزمەت بە شێوەیەك، کە گشت وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، دەستیان بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران کردووە.
6 - پێداچوونەوە بە خانەنشینی پلە باڵاکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی.
7 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و ڕێکخراوی UNDP و فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری، سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دانراوە بە مەبەستی دروستکردنی دۆسێیەی ئەلیکترۆنی بۆ گشت خانەنشینکراوەکان. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەر دەبێ بۆ لێك جیاکردنەوەی کەسانی شایستە و ناشایستە و یەکخستنەوەی مافی خانشینان و پاشان بەستنەوەی سیستەمی خانەنشینی بە سیستەمی بایۆمەتری.
8 - گرێدانی سەرجەم مووچەو منحە و شایستە داراییەکان، بە سیستەمی بایۆمەتری بۆ ئەوەی لە مەودوا بەپێی سیستەمی بایۆمەتری، گشت مووچە و منحە وەربگیرێت، یەکەم هەنگاویش بریتییە لە پێداچوونەوە، بە لیستی ئەوانەی لە مووچە و منحەیەك زیاتر وەردەگرن لە دەرەوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
9 - ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندنی پلە باڵاکان، لە بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار بەرەو سەرەوە، دەرکردووە و چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
10 - سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، داتای گشت بەڕێوەبەری گشتی و پلەباڵا و پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی معەوەمی، لە هەموو وەزارەتەکان دەستنیشانکردووە و پرۆژە بڕیارێك ئامادەکراوە، بۆ گونجاندنیان لەگەڵ یاسای چاکسازی.
11 - دەستکراوە بە وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیی و حکومییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان وەزارەتی دارایی و ئابووری، تاپۆی سەرجەم ماڵ و مووڵکی ڕەهنکراوی قەرزارانی ئاراستەی فەرمانگەی جێبەجێکردن لە وەزارەتی داد کردووە، بە مەبەستی فرۆشتنەوەی مووڵکەکان بە پێی یاسای (وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان) ژمارە 56 لە ساڵی 1977. هەروەها وەزارەتی داد، فەرمانگەی جێبەجێکردنی دادی تایبەتی لە پارێزگای هەولێر دامەزراندووە، تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

خەرجییەکانی نەوت و گاز:

پێداچوونەوە بە باج و مەرج و بڕگە داراییەکانی گرێبەستەکانی بواری نەوت و گاز:

1 - دەستبەکاربوونی تیمێکی شارەزا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتی پێداچوونەوە بە مەرجە داراییەکان و باج لە گرێبەستە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ژمارە (22)ی ساڵی 2007 و مەرجەکانی گرێبەستی لە هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان (Production Sharing Contract) کە ژمارەیان (78) حەفتا و هەشت گرێبەستە و (41) چل و یەك گرێبەستیان کۆتایی پێهاتووە و (37) سی و حەوت گرێبەستیان چالاکە و (11) یانزە گرێبەستیشیان چالاکن و نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت. لەگەڵ (1) یەك گرێبەستی خزمەتگوزاری، بە ڕەچاوکردنی یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنیان لەگەڵ مەرجە داراییەکانی ئەو گرێبەستانە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هاتوو لەو گرێبەستانە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و بنەمای هاوسەنگی لەم بوارە، بە گوێرەی ئەو ڕێکار و میکانیزمانەی لە گرێبەستەکاندا هاتوون، بە ئاراستەی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز، کە بەپێی ڕاپۆرتی (دیلۆیت) بۆ ساڵی 2019 کۆی گشتیی داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بڕیتیی بوو لە (8) ملیار و (439) ملیۆن دۆلار. لەم بڕە پارەیە: (4) ملیار و (515) ملیۆن دۆلاری وەك سافی داهات بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ماوەتەوە و باقییەکەشی کە دەکاتە نزیکەی (4) ملیار دۆلار، خەرجیی کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی نەوت و گاز بووە. بەم شێوەیە، لە ساڵی 2019 ڕێژەی (47%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجیی کۆمپانیاکان بوو.

2 - پابەندکردنی سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (822) هەشت سەد و بیست و دوو کۆمپانیایە، بە پێدانی باجی پێویست، بەپێی یاسا بەرکارەکان و ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزارییانەی نەوت و گاز، کە دەبێت ئەو کۆمپانیایانەی خۆیان تۆمار نەکردووە لە هەرێمی کوردستان، خۆیان تۆمار بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان و لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج، بە پێچەوانەوە، ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەریان وەردەگیرێت و چالاکییەکانیان ڕادەگیرێت.

3 - دەستەی وەبەرهێنان، پێداچوونەوەی پێویستی کردووە بە دۆسێیەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری کانی نەوت و گاز، کە مۆڵەتی دەستەیان وەرگرتووە. هەروەها جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4)ی ساڵی 2006 تایبەت بە (بەخشینەکانی باج و گومرگ) کە تایبادا هاتووە، دەستپێکردنی ماوەی (10) دە ساڵ لێبوردن لە باج لە ڕۆژی بەرهەمهێنان بە کردەنی دەست پێدەکات، نەك ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان.

4 - پابەندکردنی ئەو کەسانەی کە لە بواری هاوردەکردنی سووتەمەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بە پێدانی باجی پێویست، بە مەرجێك ئەو باجە لە داهاتی بەدەستهاتووی چالاکییەکانیان بدەن و هیچ کاریگەرییەکی نەبێت لەسەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی لەسەر هاوڵاتیانی بەکاربەر.

5 - سەبارەت بە سەپاندنی باج لە سەر کۆمپانیا ناوخۆییەکانی بواری نەوت و گاز، هەماهەنگیی تەواو هەیە لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری، بە شێوەیەك کە نووسراوی هیچ کۆمپانیایەك ڕایی ناکرێت، تاوەکو پاکانەی باجی لە گەڵدا نەبێت، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ووردبینی دەکات لە بڕی باجی خەملێنراو لە سەر کۆمپانیاکان بەرامبەر بەو کارانەی کە هەیانە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (بۆ نموونە حاڵەتی وا هەبووە پاش پێداچوونەوە بە پارەی خەملێنراوی باج دە هێندە پارەکە زیادی کردووە لە بەر ئەوەی پارەی کەم خەملێنراوە لە باج). سەبارەت بەو کۆمپانیا و لایەنانەی کە لە بواری هاوردەکردنی سووتەمەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کاردەکە، چ کەسیی سروشتی بن یان مەعنەوی، ئەوا بە بڕی 2.25 % باج دەدەن.

چاکسازی لە بواری خەرجییەکانی بەکاربردن (تەشغیلی)

1 - وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ڕێنمایی دارایی ژمارە 14، بودجەی بەکاربردنی بۆ نزمترین ئاست کەم کردووەتەوە، بە جۆرێك تەنیا بواڕە سەرەکییەکانی خەرجی بگرێتەوە: وەکو دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و خواردنی نەخۆشەکان و زیندانیەکان و خانەی بەسااڵچووان و کارەبا و بواڕە گرنگەکانی دیکە.
2 - لە سەرەتای مانگی حەفتی ئەمساڵ دەست بە پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی ئۆنااین تایبەت بە خەرجییەکان (IIS) کراوە، بۆ خەرجکردنی بودجەی بەکاربردن (تەشغیلی) و کۆنترۆڵکردنی سیستەمی کڕینی پێداویستییەکان بە پێی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە جۆر و نرخ و هۆکارەکانی کڕین وبەکارهێنانی پێداویستییەکانی تێدا ڕوون کرابێتەوە، لە پێناو کەمکردنەوەی خەرجییەکان و بەرەودان بە شەفافیەت و کەمکردنەوەی ڕووتین.

دووەم: چاکسازی کارگێڕیی:

سەبارەت بە چاکسازیکردن لە بواری کارگێڕیدا، ئەم خاڵانە ئەنجام دراون:

1 - کردنەوەی چەندین فەرمانگەی خزمەتگوزاری بۆ نموونە نووسینگەی پاسپۆرت لە شارەکانی سۆران و زاخۆ و کۆیە، کاردەکرێت بۆ کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لە چەمچەماڵ و ئاکرێ. بێگومان کردنەوەی ئەم فەرمانگانە ئاسانکارییەکی زۆر دەکات بۆ هاوواڵتیانی نیشتەجێی ئەو شارانە و گوند و دێهاتەکانی دەوروبەریان.
2 - پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی سەرجەم وەزارەت و دامەو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی لە ئاستی کارگێڕیدا، بە ڕەچاوکردنی پێداویستی فیعلی و تایبەتمەندییەکانیان. بە هەمان شێوە پێداچوونەوەو دابەش کردنەوەی میلاکی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:
3 - دابەشکردنی پەیکەری ئیداری هەر وەزارەت و دامەو دەزگایەك بۆ سێ ئاستی (سەرکردایەتی، سەرپەرشتیاری، جێبەجێ کاری) هەروەها جیاکردنەوەی ئیشوکارەکانی سەرجەم وەزارەت و دامەو دەزگاکان بۆ دوو بەشی سەرەکی لایەنی کارگێڕی و دارایی و لایەنی پسپۆڕی و بچووك کردنەوە و دارشتنەوەی قەبارەی یەکە کارگێڕییەکان بە ڕەچاوکردنی سروشتی کارو چالاکییەکانیان.
4 - گونجاندنی ناوی یەکە کارگێڕییەکان لەگەڵ سروشتی کارو چالاکیەکانیان.
5 - هەڵوەشاندنەوە، یەکخستن و پێکەوەلکاندنی ئەو پێکهاتە ئیداریانەی کە ئەرك و چالاکیان وەکو یەکن، یان وەکو پێویست چالاك نەبوون، لە پێناو دووبارە نەبوونەوەو بەریەك نەکەوتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانیان.
هەروەها لە بواری پێداچوونەوەو دابەشکردنەوەی میلاکی فەرمانبەرانیش دەست بە چەندین بە چاکسازی کراوە کە دواتر لە ڕاپۆرتێکی گشتیدا دەخرێتەڕوو و بڵاودەکرێتەوە.

تەوەری دووەم (2)

باروودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە و پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی:

وەك ئاگادارن لە سەرەتای ئەمساڵەوە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەرێمی کوردستانیش وەك هەموو ناوچە و وڵاتانی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی ئابووری بووەوە. نەناردنی ئەو بەشە بودجەیەی کە لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە دەنێردرا بۆ چەند مانگێك، دۆخەکەی زیاتر سەختتر کرد. ئێمە هەر زوو هەوڵماندا پلانێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە دابنێین بە ئاراستەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات کەبەشێکە لە تەوەری چاکسازییەکان کە لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا خرانەڕوو.
بێگومان ئەم قەیرانە داراییە، زیاتر هانمان دەدات لە سەر درێژەدان بە جیبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی، لە ڕێگەی کارکردن لە سەر کارنامەی کابینەی نوێمان بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەك و گرنگیدان بە کەرتەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی.
لە سەرەتای دروستبوونی ئەم قەیرانەدا، هەموو هەوڵێکماندا بۆ دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا، توانیومانە تا ئێستا دوازدە مووچە دابەش بکرێت و لەم ماوەیەدا، تەنیا دوو مووچە دواکەوتووە، ئەویش بە هۆی نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم بۆ مانگەکانی پێنج و شەش و حەفت لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە.
بە هۆی کەمکردنەوەی تەمویلکردنی مووچە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵی و ئەو دۆخە سەختە ئابوورییەی کە هەموو جیهانی گرتەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت و قەدەغەی هاتوچۆ و دابەزینێکی زۆری ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی، کە هەمووی بووە هۆی دۆخێکی نا ئاسایی و ئەنجوومەنی وەزیران بە ناچاری بڕیاریدا بە پێی توانا و داهاتی بەردەست مووچە دابەش بکات و دوو مووچە بە تەمویلکردنی ٪79 بدات.
ئەم دۆخە سەختە داراییە، دۆخێکی نەخوازراوە و حکوومەتی هەرێم دروستی نەکردووە و تەنیا تایبەتیش نییە بە ناوچە و هەرێمی ئێمە، بەڵکو نزیکەی هەموو جیهانی گرتووەتەوە. بۆیە دەبێ بە ناچاری خۆمان لە گەڵ ئەم دۆخە سەختە بگونجێنین. لە هەمانکاتدا حکوومەتی هەرێم هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی بەو داهات و توانا داراییەی لە بەردەستدایە و لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکوومەت و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕینین.

سەبارەت بە قەرز و پابەندییە داراییەکان:

لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا ئاماژەم بەوەداوە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ملیار دۆلار قەرز و پابەندی دارایی لە سەرە. بەشێکی زۆری ئەو قەرزانەش لە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵە، بە هۆی نەناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتەکانی پێشووی عێراق، هەربۆیەشە بەداخەوە حکوومەتی هەرێم خاوەنی هیچ یەدەگ و پاشەکەوتێکی دارایی نییە، کەواتە ئیمە تەنیا پشت بەو سەرچاوە داراییانە دەبەستین کە مانگانە دێتە بەردەستمان، ئەمەش وادەکات لە هەر قەیرانێکی دارایی ڕووبەڕووی کێشە ببینەوە.
لێرەدا دووبارە بە پێویستی دەزانم لە بابەتی قەرز و پابەندییە داراییەکان ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم:
1 - لە ڕوانگەی پەیڕەوکردنی شەفافیەت، حکوومەتی هەرێم بڕیاری خستنەڕووی سەرجەم قەرز و پابەندییە داراییەکانی ئەستۆی هەرێمی کوردستانی دا. بۆ ئەم مەبەستەش، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران خشتەی قەرز و پابەندە داراییەکانی نارد بۆ دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم بە مەبەستی چاوپێداخشانەوە و ڕادەربڕینی چاودێری دارایی. سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەیەکی دارایی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا و یەکەمین ڕاپۆرتی خۆی لەمبارەیەوە ئامادە کردووە.
دواتر بە فەرمانێکی دیکەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی، هەمان دەستە ڕاسپێردرا بە کۆکردنەوەی زانیاری و دۆکیومێنتی پێویست و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی. پاش گەیشتنی ڕاپۆرتی کۆتایی دیوانی چاودێری دارایی، ئەنجوومەنی وەزیران، ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر بڕی قەرز و پابەندییە داراییەکانی دەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان.
2 - زۆربەی داتاکانی ئەم خشتەیە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە تا ڕێکەوتی 15ی ئەیلوولی 2020 نوێکراوەتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێك لە داتاکان کە مێژووەکەیان بۆ پێش ئەم ڕێکەوتە دەگەڕێتەوە.
3 - بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، کاری کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێنکردن و ڕێکخستنەوەی ئەنجامداوە. کە ئێستا قەرز و پابەندییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەیە:

دۆخی تەندروستی و ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا:

ئاشکرایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستی بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی خۆپارێزی کرد. تەنانەت ئەزموونی سەرکەوتووی حکوومەتی هەرێم، لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان، بووە مایەی ستایشی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و زۆر ڕێکخراو لایەنی دیکە.بەڵام بەداخیکی زۆرەوە خەڵکانێك، لە جیاتی هاوکاریکردن وپشتیوانیکردنی هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگە، هەوڵی ناشرینکردنی هەنگاو و پلانەکانی حکوومەتیان داو بابەتەکەیان بە سیاسی کرد و سەرەنجام، بەداخەوە بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، ئەمڕۆ کۆرۆنا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە و بووەتە هەڕەشەیەکی بەرچاو لە سەر تەندروستی گشتی و چەندین کەس بەداخەوە گیانیان لە دەستداوە. لێرەدا پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکارەکانیان دەکەم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ تووشبووان دەخوازم.
بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پیادەکردنی پلانێکی تایبەت و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین کە حکوومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا گرتوویەتیە بەر:

هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ سەپاندنی باج

لەسەر بنەمای شەفافیەت بە ئەرکی خۆمان زانیوە ڕاستییەکان بە خەڵکی خۆمان بڵێین

1 - خەرجکردنی نزیکەی بیست و هەشت ملیار دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بواڕەکانی خۆپارێزی و بەرەنگابوونەوە و زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.
2 - (159) ئامێرێ هەناسەی دەستکردی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی کۆرۆنا ئێستا لەکارکردندان و (72) لە پلاندانانن بۆ ئەم مەبەستە و، زیاتر لە (85) ڤێنتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کڕدراون.
3 - چالاککردنی سیستەمی هێلی گەرمی (122) و ئامادەکردنی (186) تیمی وەڵامدانەوەی خێرا.
4 - (40) شوێن لە نەخۆشخانەکان جیاکراونەتەوە و ئامادەکراون بۆ وەرگرتنی کەیسی نوێی کۆرۆنا. هەروەها دابینکردنی ئامرازەکانی خۆپارێزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان.
5 - ئەنجامدانی زیاتر لە (5) هەزار تێستی ڕۆژانە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆنا کە تا ئێستا نزیکەی نیو ملیۆن تێست ئەنجام دراون و 28 تاقیگەی گشتی و تایبەت پشکنین ئەنجام دەدەن..
6 - زیاتر لە (3400) بوتڵی پلازما وەرگیراوە بۆ پێدان بە تووشبووانی کۆرۆنا کە لە نێوان پاریزگاکان ئالوگۆڕکراوە. هەر بوتڵێکی پلازماش بڕی زیاتر لە (400) هەزار دینار خەرجی پێویستە.
7 - ڕاگەیاندنی کەمپەینێکی سەرتاسەری سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان و بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو پەیام و ڕێنماییە تەندروستییانەی، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە پەسندکراون.

جیا لەو پلانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دانراوە و جێبەجێ کراوە.ئەم هەنگاوانەش بۆ پێشخستن و باشترکردنی کەرتی تەندروستی ئەنجام دراون:

1 - دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگەی (هیتوتێ) لە قەزای ئامێدی بە بڕی 43 ملیۆن دۆلار.
2 - بڕی 23 ملیار دینار بۆ دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی پزیشکی خەرجکراوە.
3 - زیاتر لە 40 ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرجکراوە بە پالپشتی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە.
4 - کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بە ڕێژەی ٪25 لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لە سەرشانی هاووڵاتیان لەم بارودۆخە نالەبارەدا.
5 - هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و ڕاگرتنی چالاکی گشت ئەو کۆمپانیایانەی، کە پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان کە ژمارەیان (33) کۆمپانیایە. هەروەها هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت و هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراک بە ڕێگای زانستی.
6 - ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتییەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

بەردەوامبوونی پڕۆژە خزمەتگوزاریی وستراتیجییەکان :

وەك پێشتر ئاماژم پێدا، سەرەڕای قەیرانی دارایی و ئەو دۆخە سەختەی ڕووبەڕوومان بووەتەوە، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە پێشکەشکردن پڕۆژەی خزمەتگوزاریی و ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیجی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ بە هێزکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستاندا.

لێرەدا بە گرنگیی دەزانم هەر تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە هەندێك لەو پڕۆژانە بکەم:

یەکەم: کارکردن بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری:

لە چوارچێوەی کارکردنمان بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پشت نەبەستن بە تاکە سەرچاوەیەك، حکوومەتی هەرێم کاری کردووە بۆ گرنگیدان بە سەرجەم کەرتەکان بەتایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازی. بۆ ئەم مەبەستە و لە ماوەی یەك سالّی دەستبەکاربوونماندا، دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم پلان و پڕۆژانە کراوە:

1 - دەستکردن بە دروستکردنی چەند ناوچەیەکی پیشەسازی خۆراك لە شارەکانی کوردستان بە هاوکاری کەرتی تایبەت لەوانە: ناوچەی پیشەسازی خۆراك لە دهۆك کە سەدان کارگە و کۆگای خۆراکی لە سەر دروست دەکرێت بە گوژمەی 70 ملیار دینار.
2 - کارکردن لە سەر دروستکردنی یازدە ناوچەی پیشەسازی خۆراکی هاوشێوە لە هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان. بەم نزیکانە لە هەڵەبجە بەردی بناغەی دادەنرێت.
3 - کارکردن بۆ دروستکردنی 5 سایلۆ لە شارەکانی دهۆك، هەڵەبجە، زاخۆ، کفری و هەریر. هەر سایلۆیەك خەرجیەکەی نزیکە 20 ملیار دینارە.

دووەم: لە بواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی ناوخۆیی:

1 - تەرخانکردنی نزیکەی 33 ملیار دینار بۆ تەواوکردنی (12) پڕۆژەی بەنداو لە هەرێم.
2 - قەدەغەکردن و دانانی باجی پێویست لەسەر بەرهەمی هاوردە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ئەو بەروبوومانەی کە خواستی بازاڕەکان پردەکەنەوە.
3 - پڕۆژەی بە بازاڕکردنی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە دروستکردنی سێ کارگەی گەورە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆك کە بڕی پێنجسەد هەزار تۆن گەنم لە سالێکدا وەردەگرنەوە بۆ دروستکردنی ئاردی سپی و هەموو ئەو خۆراکانەی لە گەنم بەرهەمدەهێنرێن.
4 - دانانی باج لەسەر هێلکەی هەڵهێنەر، بەم هۆیەوە 13 پڕۆژەی ستراتیجی ناوخۆیی دەست بەکار بوونەتەوە و سەدان هەلی کار ڕەخسێنراوە.
5 - دروستکردنی بۆردی بااڵی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

دەیان پڕۆژەی تر لە بواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ ئەنجامدران کە دواتر لە ڕاپۆرتی گشتیدا دەخرێنەڕوو.

سێیەم: لە بواری کارەبا:

لە بواری زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبادا لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی یەکەکانی کارەبا و زیادکردنی بڕی گازی سروشتی و بەگەڕخستنی وێستگەی هەڵمی خەبات کە بووە هۆی ئەوەی 843 مێگاواتی کارەبا زیاد بکرێت لە ناو تۆڕەکانی هەرێم و سەرەنجام بۆ یەکەمین جار ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتە (3,700 مێگاوات). ئەمە جیا لەوەی کە 260 مێگاوات بە پارێزگای موسڵ و 56 مێگاواتیش بە کەرکووك دراوە. تێکڕای پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە نێوان 20- 21 کاتژمێرە سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتی کارەبا و دابەشکردنی پێوەری زیرەك بۆ دابەشکردنی کارەبا.

لە ڕووی هەموارکردنی گرێبەستەکانی کارەبا:

1 - نرخی کرینی یەك مێگاوات/کاتژمێر لە کۆمپانیا سایکل، بە پێی گرێبەست 63 دۆلار بوو کەمکراوەتەوە بۆ 45 دۆلار.
2 - قەرەبووی وەبەرهێنەران بە پێی گرێبەست (یەك مێگاوات/کاتژمێر) بە 32 دولار بوو کەمکراوەتەوە بۆ 16 دولار.
3 - گۆڕینی جۆری سووتەمەنی وێستگەکان لە دیزل بۆ نەوتی ڕەش، بەم هەنگاوەش تێچوی یەکەی کارەبا لە 22 سەنتەوە بووەتە 7.2 سەنت.

لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو هەموار و ڕێکخستنەوانە لە کەرتی کارەبا، پارەیەکی زۆرمان بۆ حکوومەت گەڕاندووەتەوە کە ساڵانە زیاتر لە 300 ملیون دولارە.

چوارەم: لە بواری ڕێگاوبانداز:

1 - دانانی بەردی بناغە و دەستکردن بە پڕۆژەی ستراتیجی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی کە درێژیەکەی 146 کیلۆمەترە بە تێچووی چوارسەد ملیار دینار. ئەم پڕۆژە گرنگە قەرەبالّغییەکی زۆر لە سەر شاری سلێمانی کەم دەکاتەوە.
2 - کارکردن لە شەقامی 150 مەتری هەولێر. ئەو بەشەی ئێستا کاری تێدا دەکرێت، لە قۆناغی کۆتاییدایە. بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژە گرنگە، قەڵەبالّغی و جەنجاڵییەکی زۆر لە سەر شاری هەولێر کەم دەکاتەوە.
3 - ڕێگای جووتسایدی هەولێر - دهۆك (گۆپاڵ) کە درێژییەکەی (60) کیلۆمەتر دەبێت و لە قۆناغی کۆتاییدایە.
4 - دروستکردنی ڕێگای کەلار-سلێمانی کە ڕێژەی 36 % جێبەجێکراوە.
5 - یەکێك لەو پڕۆژە گرنگانەی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا ئەنجامدراوە، جێبەجێکردنی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەمو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بووە هەر لە زاخۆوە تا گەرمیان بە بودجەی 43 ملیار دینار کە 79 پڕۆژە بوون و بە ماوەیەکی پێوانەیی لە ماوەی 70 ڕۆژدا تەواو کران. ئەمە جگە لە تەواو کردنی 22 پڕۆژەی تری ڕێگاوبان بە بڕی زیاتر لە سەد و دە ملیار دینار کە دواتر وردەکارییەکانی لە ڕاپۆرتێکدا دەخرێتەڕوو.

تەوەری سێیەم (3)

پڕۆسەی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ بەغدا:

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە، کارمان کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش و بنیاتنەرانەمان لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا هەبێت کە یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هەر لەم ڕوانگەیەوە، یەکەمین سەردانی فەرمیمان دوای دەستبەکاربوون بۆ بەغدا بوو، کە مەبەستمان نیشاندانی نیازپاکی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی و گەیشتن بە چارەسەرێکی گشتگیر و هەمەلایەنە، لە سەر بنەمای دەستوور. تا ئێستا گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەردەوامە لە سەر ئەم دۆسیانە:

یەکەم: دۆسیە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم:

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم لە یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی حکوومەتی فیدراڵی لە ڕێکەوتی 2019/7/25 لە دوای (15) ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی، دەستی کردووە بە دانوستان لەسەر کێشەی ئەم ناوچانە و پڕۆژە و تێڕوانین و پێشنیاری پێویستیشی، بۆ چارەسەر پێشکەشی حکوومەتی فیدراڵ کردووە. دوای چەند ڕۆژێکیش لە دەستبەکاربوونی حکوومەتی هەرێمیش، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە 2019/7/30 بە بڕیاری ژمارە (7) لیژنەی باڵای دانوستان بۆ ئەم مەبەستە پێکهات، کە پڕۆژەی حکوومەتی هەرێمیش پڕۆژەیەکی هەمەلایەنە و لەسەر دوو ئاست کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسییەیە دەکات، ئاستی یەکەم بریتییە لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سەربازی و ئیداری و ئەمنی و سیاسی و ڕێگەگرتن لە پڕۆسەی تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە بەداخەوە تا ئێستاش بە چڕی بەردەوامە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە لەسەر کۆی ئەو ڕەفتارانەی دژی هاووڵاتییانی ئەو ناوچانە دەکرێت، لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ئیتیحادی، لە پەیوەندی دایە بە مەبەستی ڕێگرتن لە سیاسەتی تەعریب. بۆ چارەسەری کێشەی گۆڕینی باری دیموگرافی ئەم ناوچانە، لە سەردانەکانی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ بەغدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق و بەرپرسانی باڵای دیکەی عێراق کوبوونەتەوە، ڕوانگەی حکوومەتی هەرێمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێ ڕاگەیاندوون. بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا لیژنەی باڵای دانوستان تایبەت بەم دۆسیەیە، سەردانی بەغدا بکاتەوە. ئاستی دووەمی چارەسەرکردنی ئەم دۆسییەیە، بریتیە لە جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی دەستوور و لە کۆبونەوەی ڕۆژی 2019/7/25 شاندی حکوومەتی ئیتیحادی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم کە لە هەولێر ئەنجام درا، پڕۆژە و تێڕوانینی حکوومەتی هەرێم، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (140) پێشکەش بە حکوومەتی ئیتیحادی کراوە. گرنگترین بڕگەکانی پڕۆژەکەش بریتییە لەدروستکردنەوەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی(140) و دەستپێکردنەوەی هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان. بەڵام تا ئێستا حکوومەتی فیدراڵی، وەڵامی فەرمی و ئەرێنی، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە سەر ئەم بابەتە نەداوەتەوە.

ئەوەی زۆر جێگەی نیگەرانیی قوڵی ئێمەیە، بەردەوام بوونی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانە. کە ئێمە بە وردی چاودێری بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەین، کە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، گۆڕینی دیموگرافی ئەو ناوچانە بەردەوامە و ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقە لە دژی خەڵکی ئەو ناوچانە. ئەم سیاسەتە لە کاتێکدا پیادە دەکرێت، کە بەپێی دەستوور نەخشەڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە و چۆنیەتی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان و دیاریکردنی چارەنووسیان، دیاریکراوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرگیز سیاسەتی تەعریب قبوڵ ناکات و ڕەتی دەکاتەوە. بە تایبەت گەڕاندنەوە و نیشتەجێکردنی خەڵکانێك کە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ناوچانە نین، یان داگیرکردنەوەی گوند و ناوچە کوردستانییەکان و دەرکردنی هاووڵاتییانی کورد و تورکمان لەسەر خاکی خۆیان و داگیرکردنەوەی زەویيە کشتوکاڵییەکانیان و جارێکی دیکە بەخشینی بەو کەسانەی، لەژێر سایە و بە پشتیوانیی ڕژێمی پێشوو، زەویيەکانیان داگیرکرد بوو.

داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکەین کە ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر و ڕێگری بکات لە درێژەدان بەم جۆرە سیاسەتە و ڕێگە نەدات هێزە چەکدارەکان بۆ زۆلمکردن لە خەڵکی ئەو ناوچانە بەکاربهێنرێت. چونکە ئەم جۆرە سیاسەتانە، هەرگیز لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە و نەتەوەکانی ئەو ناوچانە دەکات.

دووەم: دۆسیەی دارایی:

بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێم، هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ بە ئاراستەی چارەسەر کردنی ئەم کێشانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم لە 2019/7/25 یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ ئەنجامدا و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوە بوو دوای چەندین سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی فیدراڵی، لە 2019/12/1 شاندی حکوومەتی هەرێم گەیشتە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی و بە پێی ڕێککەوتنەکە، حکوومەتی هەرێم، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ڕادەستکردنی بڕی (250) هەزار بەرمیلی نەوتی ڕۆژانە بەحکوومەتی فیدراڵ، لە بەرامبەردا حکوومەتی فیدراڵی شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات کە مانگانە بە (900) ملیۆن دۆلار دیاریکرا بوو. دواتر ئەم ڕێککەوتنە خرایە چوارچێوەی پڕۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2020 وە، بەڵام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی عێراق و دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان و بە بیانووی دەست لەکار کێشانەوەی حکوومەتەکەی بەڕێز عادل عبدالمهدی، ئەگەرچی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی فیدراڵ دەنگیش لەسەر پڕۆژەکە درابوو، بەڵام پڕۆژە یاساکە، نە نارددرا بۆ پەرلەمان. بێگومان ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە لەوکاتەوە تا ئێستا جێبەجێ بکرایە، هەرێم تووشی ئەم قەیرانە داراییەی ئێستا نەدەبوو. بۆیە ئەوەی پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، حکوومەتی فیدراڵ بوو نەك حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی 2020/4/16 بە بیانووی دەرنەچوونی یاسای بودجە، حکوومەتی فیدراڵ بەشە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی بڕی کە بڕەکەی (453) ملیار دینار بوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، حکوومەتی هەرێم، شاندێکی نارد بەغدا بەڵام تادەست بەکاربوونی حکوومەتەکەی بەڕێز مستەفا کازمی، ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرا. تەنیا بۆ یەك مانگیش بڕی (400) ملیار دینار ڕەوانەی هەرێم کرا. دوای دەستپێکردنەوەی دانوستان بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێکی بنەڕەتی. دوای چەندین سەردانیش بۆ بەغدا و گۆڕینەوەی (12) نامە و پێشنیار، لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گەیشتینە ڕێککەوتنێك، هەرچەندە ئەو شایستە داراییانەی ڕەوانەی هەرێم دەکرێت، زۆر کەمتر لە شایستە یاساییەکانی هەرێم.

ئێستا کە یاسای بودجەی ساڵی 2020 پەسەند نەکراوە و حکوومەتی فیدراڵ کار بەیاسای ئیدارەی دارایی ژمارە(6)ی ساڵی 2019 دەکات. لە چوارچێوەی ئەم یاسایەشدا، ئێمە ڕازیبووین کەداهاتی غەیرە نەوتی بە پێی ئەم یاسایە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها لاریمان نەبوو لە ئیدارەدانی دەروازە سنوورییەکان بەهاوبەشی بەپێی مادەی (114) برگەی (یەکەم)لە دهستوور و بە ئەلیکترۆنیکرنی دەروازە سنوورییەکان و بەستنەوەیان بە دەروازە سنوورییەکانی دیکەی حکوومەتی فیدراڵی.

حکوومەتی هەرێم لاری نییە لەسەر وردبینی کردنی داهات و خەرجییەکان و ئەو قەرزانەی لە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵە، یان ئەو بڕە پارانەی حکوومەتی فیدراڵی بانگەشەی دەکات کەلە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمە، لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی، بەپێی یاسای ئیدارەی داراییی فیدراڵی ژمارە (6)ی ساڵی 2019.

لە پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق، خەرجییەکان بە زیاتر لە سەدو چل و هەشت تریلیۆن دینار (148,606,809,164) خەملێنراوە بەڵام داهاتەکەی بە شەست و حەوت تریلیۆن دینار خەملێنراوە (67425220454) بەمەش بودجەی فیدراڵی زیاتر لە (60%) کورتهێنانی هەیە و ئەم کورتهێنانەش بەداخەوە بەشی هەرێم کەم دەکاتەوە.

تەوەری چوارەم (4)

سێیەم: دۆسیەی نەوت:

سەبارەت بە دۆسیەی نەوت، بەهۆکاری دەرنەچوونی یاسای بودجەی ساڵی 2020، حکوومەتی فیدراڵی داوای ڕادەستکردنی نەوتی نەکردووە، بەڵکو باسی داهاتی نەوت دەکات و حکوومەتی هەرێم لەمەشدا پابەندی خۆی نیشانداوە بە ڕادەستکردنی داهاتی نەوت، بەمەرجێك لە بەرامبەردا حکوومەتی فیدراڵ شایستە داراییەکانی هەرێم دابین بکات.

هەروەها حکوومەتی هەرێم، ڕازیبووە لەسەر ڕادەستکردنی (250) هەزار بەرمیل نەوت بە حکوومەتی فیدراڵی، تاکو لە ڕێگای سۆمۆ بفرۆشرێت، ئەمەش لە پڕۆژە یاسایی بودجە 2020 ئامادەی پێکراوە. ئێستا کە ڕەشنووسی پڕۆژەی بودجە ئامادە کراوە تێبینیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان داوەتە حکوومەتی فیدراڵ، بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەندێك بڕگە و ماددەی پڕۆژەی بودجە.

سەبارەت بەپابەندبوون بە بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپێك OPEC+ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاندووە بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، بەڵام بەپێوەرێکی داوەپەروەرانە بۆ ئەم مەبەستەش وەفدی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێککەوتی 2020/4/18 لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك کە پابەندبوونی حکوومەتی هەرێم نیشان دەدات بە مەرجێك ڕێژەی کەمکردنەوەکە داوەپەروەرانە بێت و زیان بە بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان نەگەیەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی فەرمییان ئاراستەی حکوومەتی فیدراڵ کردووە.

سەبارەت بەدابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێم پێویستی بە (260) ملیۆن لیترە، بەڵام تا ئێستا حکوومەتی فیدراڵ، تەگەرچی پێشتر ڕەزامەندی مەبدەئی لەسەر (100) ملیۆن لیتر دەربڕیبوو، بەڵام تائێستا تەنیا ڕەزامەندی لەسەر (50) ملیۆن لیتر داوە.

هەروەها لە بواری وزە و کارەبا و گاز، لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆ هەیە و لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئامادەباشی نیشان داوە بۆ هەماهەنگیی کارکردن، سەبارەت بەم دۆسیەیە.

ئێمە پێمانوایە پەسەندکردنی یاسای نەوت وگاز و هەموارکردنی یاساکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)، بە شێوەیەك لەگەڵ دەستوور گونجاو بێت. چارەسەریی بەشێکی زۆری ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەندیدارن بە نەوت و گازەوە.

چوارەم: دۆسیەی هێزی پێشمەرگە:

شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا کردووە و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق، لەسەر گرنگیی هەماهەنگیی و کاری هاوبەش، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی و دەستەبەرکردنی شایستەکانی پێشمەرگە لهلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە لە گفتوگۆدان.

سەبارەت بەهەماهەنگیی ئەمنی و عەسکەری، ڕێککەوتنێك کراوە لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی، بۆ دروستکردنی شەش ناوەندی هاوبەشی زانیاریی لە دیالا و کەرکووك و مەخمور و مووسڵ و هەولێر و بەغدا. هەروەها دەرفەتی کاری هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ئارادایە، بەڵام تا ئێستا دەستبەکار نەبوون وبڕیارەکان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و گفتوگۆکان لەمبارەیەوە بەردەوامن.

سەبارەت بە مووچە و شایستە داراییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەش، ئەگەرچی ساڵانە لە بودجەکانی عێراقدا بڕە بودجەیەك بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنرێت، بەڵام بەداخەوە، دواتر بە بیانووی جیاجیای ناقانوونی و بەبێ هیچ پاساوێك، خەرج ناکرێت، بۆ بودجەی ساڵی 2020 لە ئەنجامی دانوستانی شاندی حکوومەتی هەرێم، لە بودجەی عێراقدا، هێزی پێشمەرگە وەك هێزە هاوشێوەکانی، لە ناو خەرجییە سیادییەکان جێگەی بۆ کراوەتەوە. هیواداربن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەند بکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت.

ئومێدەوارم هەردوولامان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی، ئەو کەشە ئەرێنی و ئەو دەرفەتە لە دەست نەدەین کە ئێستا لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم پرس و کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لە سەر بنەمای دەستوور، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان و هەبوونی پەیوەندییەکی بنیاتنەرانە و هاوبەشانە لە نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی، فاکتەرێکی زۆر گرنگیی سەقامگیریی و ئارامیی عێراق و ناوچەکەیە و لە بەرژەوەندی گشت هاووڵاتییانی عێراقیش دایە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

ئەمە ئەو زانیارییە و بەرچاوڕوونیانە بوون کە بە پێویستم زانی، ئەمڕۆ بۆ ئێوەی بەڕێزی بخەمەڕوو. دواتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا بە داتا و وردەکاریی پێویستەوە، کۆی چالاکیی و زانیارییەکان دەخاتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز و ڕای گشتی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، سوپاسی خۆڕاگریی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ تێگەیشتنیان بۆ ئەم دۆخە سەختە و ئەو ئاستانگانەی ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە. دڵنیام بە پشتیوانیی و هاوکاریی و پشوودرێژی ئێوەی بەڕێز، ئەم ڕۆژە سەختانەش تێدەپەڕێنین و هەرێمی کوردستان، بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر و گەشەسەندووتر هەنگاو دەنێت. هەر شاد و تەندروست بن.

دەقی وەڵامی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانتاران

حکوومەت بە هیچ شێوەیەک پێی خۆش نییە دەست بۆ مووچەی هیچ فەرمانبەرێک ببات و کەمی بکاتەوە، ئەوەی هەیە خۆگونجاندنە لەگەڵ بودجەی بەردەست



K24 -

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی دوێنێ دووشەممەی پەرلەمان و لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران رایگەیاند، هاتنی ئێمە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەیە لە یەکتر تێبگەین، ئەو پرسیارانەی ئێوە هەتانە بە روونی وەڵامتان بدەینەوە و ئەو پەیوەندیە پێویستەی دامەزراوەی جێبەجێکردن و یاسا هەیە، بە شێوەیەکی یاسایی و شارستانی و دیموکراسیانە پیادەی بکەین، حەقی خۆشتانە وەڵامی پرسیارەکان بزانن.

ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو تان زیاتر پەرۆشی ئەوەین بارودۆخی کوردستان بەرەو باشتر بێت و بژێوی خەڵک باشتر بکەین، حەز دەکەین پێش ئەوەی ئێوە لێمان رازی بن خەڵک لێمان رازی بن، ئەوەی نەکراوە دڵنیا بن پێمان نەکراوە، بەڵام دڵنیا بن لە باشترکردنی بارودۆخی کوردستان لە ئێوە زیاتر پەرۆشین. لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارێک لەبارەی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان. مەسرور بارزانی گوتی، گەورەترین مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە خۆمان لە ناو خۆمان تەبا نەبین، قەوارەکە بە شێوەیەکی دەستووری دانی پێدانراوە، ئەرکی هەموومانە داکۆکی لەوە بکەین، خیلافی سیاسی چەند هەبێت نابێت کاریگەریی لەسەر قەوارەیە بکات، کە پێشتر خەڵکێک داوای کردووە بشێک یان ناوچەیەک بگەڕێتەوە سەر عێراق، ئێمە دەبێت چاو لە ئەزموونێکی باشتر بکەین نەک خراپتر، ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو رووێک لە هەموو بەشەکانی دیکەی عیراق باشتر و سەرکەوتووترە.

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا رایگەیاند، مەسەلەی کۆرۆنا تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە، هەروەها قەیرانی دارایی هەموو جیهانی گرتووەتەوە و لە دەست کەسدا نییە. بەڵام گرنگە بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە یەکگرییزی و یەکهەڵوێستی هەیە، بە لایەنی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنە.

دەربارەی بابەتی لامەرکەزی حکوومەتی جەختیکردەوە، پێشتریش باسمان کردووە لامەرکەزی ئیداری بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە کارنامەی کابینەی نۆیەم هاتووە و لەم کابینەیە لە هەموو کابینەکانی پێش خۆی دەسەلاتی زیاتر بە پارێزگارەکان دراوە و ئەوەی کراوە بشێکە، هێشتا کۆتایی نەهاتووە و قۆناغێکە، لە سەرەتاوە ویستوومانە بزانین لە قۆرخکردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیانەیان بۆ بگەڕێنینەوە.

مەسرور بارزانی لەبارەی خاڵە سنووریەکان گوتی، بەداخەوە تا ئێستا ئاسەواری دوو ئیدارەی بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوە، لەگەڵ کاك قوباد و ئەوانەی لە کابینە لەگەڵمانن هەوڵماندا و کاڵتری بکەینەوە و هەر نەپهێڵێین. خۆشم لە راپۆرتەکەدا ئاماژەم بەوە کرد پێشێلی هەندێك شت دەکرێت و قاچاخچێتی هەیە، بەڵام لیژنەی پێویست پێکهێنراوە و بۆ کۆنترۆڵکردنی بەردەوامین و هەرگیز رێگەبەوە نادەین بەردەوام بێت و قەبووڵی ناکەین، بەڵام ئێمە نامانەوێت لە ئەنجامی ئەو رێکارانەی دەگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، نەبێتە کێشەی دیکەی سیاسی و ئەمنی و ئاسایشی، دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگرین.

سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا، بودجە لەسەر بنەمای داهات ئامادە دەکرێت، داهاتی ئێمە یەکێکیان نەوتە، ئەوەی دیکە داهاتی ناوخۆییە و ئەوەی دیکە حکوومەتی عێراق، بەداخەوە لە زۆر قۆناغ حکوومەتی هەرێم شایستەی نەناردووە، لە دوو قۆناغیشدا نرخی نەوت زۆر دابەزی، لە کابینەی پێشووش تووشی سێ قەیران بووین، ئێستاش سێ قەیران رازی بن، ئەوەی نەکراوە دڵنیا بن پێمان نەکراوە، بەڵام دڵنیا بن لە باشترکردنی بارودۆخی کوردستان لە ئێوە زیاتر پەرۆشین.

لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارێك لەبارەی مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان. مەسرور بارزانی گوتی، گەورەترین مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە خۆمان لە ناو خۆمان تەبا نەبین، قەوارەکە بە شێوەیەکی دەستووری دانی پێدانراوە، ئەرکی هەموومانە داکۆکی لەوە بکەین، خیلافی سیاسی چەند هەبێت نابێت کاریگەریی لەسەر قەوارەیە بکات، کە پێشتر خەڵکێك داوای کردووە بشێك یان ناوچەیەك بگەڕێتەوە سەر عێراق، ئێمە دەبێت چاو لە ئەزموونێکی باشتر بکەین نەك خراپتر، ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو رووێك لە هەموو بەشەکانی دیکەی عیراق باشتر و سەرکەوتووترە.

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا رایگەیاند، مەسەلەی کۆرۆنا تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە، هەروەها قەیرانی دارایی هەموو جیهانی گرتووەتەوە و لە دەست کەسدا نییە. بەڵام گرنگە بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە یەکگرییزی و یەکهەڵوێستی هەیە، بە لایەنی دەسەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆنە.

دەربارەی بابەتی لامەرکەزی سەرۆکی حکوومەتی جەختیکردەوە، پێشتریش باسمان کردووە لامەرکەزی ئیداری بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە کارنامەی کابینەی نۆیەم هاتووە و لەم کابینەیە لە هەموو کابینەکانی پێش خۆی دەسەلاتی زیاتر بە پارێزگارەکان دراوە و ئەوەی کراوە بشێکە، هێشتا کۆتایی نەهاتووە و قۆناغێکە، لە سەرەتاوە ویستوومانە بزانین لە قۆرخکردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەسەلاتە کارگێڕیانەیان بۆ بگەڕێنینەوە.

مەسرور بارزانی لەبارەی خاڵە سنووریەکان گوتی، بەداخەوە تا ئێستا ئاسەواری دوو ئیدارەی بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوە، لەگەڵ کاك قوباد و ئەوانەی لە کابینە لەگەڵمانن هەوڵماندا و کاڵتری بکەینەوە و هەر نەپهێڵێین. خۆشم لە راپۆرتەکەدا ئاماژەم بەوە کرد پێشێلی هەندێك شت دەکرێت و قاچاخچێتی هەیە، بەڵام لیژنەی پێویست پێکهێنراوە و بۆ کۆنترۆڵکردنی بەردەوامین و هەرگیز رێگەبەوە نادەین بەردەوام بێت و قەبووڵی ناکەین، بەڵام ئێمە نامانەوێت لە ئەنجامی ئەو رێکارانەی دەگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، نەبێتە کێشەی دیکەی سیاسی و ئەمنی و ئاسایشی، دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگرین.

سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا، بودجە لەسەر بنەمای داهات ئامادە دەکرێت، داهاتی ئێمە یەکێکیان نەوتە، ئەوەی دیکە داهاتی ناوخۆییە و ئەوەی دیکە حکوومەتی عێراق، بەداخەوە لە زۆر قۆناغ حکوومەتی هەرێم شایستەی نەناردووە، لە دوو قۆناغیشدا نرخی نەوت زۆر دابەزی، لە کابینەی پێشووش تووشی سێ قەیران بووین، ئێستاش سێ قەیران رازی بن خەڵک لێمان رازی



دڵنیاشم لە کاتێکی زوودا ئەوەی پێویست بێت دەیکەین بۆ ئەوەی ئەو ئاسەوارە نەمێنێت، بەتایبەتیش ئەو فەرمانگە و دائیرانەی حکوومەت کە لە هەر پارێزگایەک بن پابەندی بڕیارەکانی حکوومەتن، نابین لە هیچ فەرمانگەیەکی حکوومەت ئاسەواری دوو ئیدارەیی پەیڕەو بکرێت، بڕیارەکان بە ئیجماع دەدرێن و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراڵ بە یەکەوە بڕیارەکان دەدەین و هەموو پارێزگارەکانیش پێوەی پابەندن.

لە بەشێکی دیکەی وەڵامەکان سەرۆکی حکوومەت رایگەیاند، باوەڕ بکەن لە هەموو کەس و حکوومەتێک زیاتر ئێمە هەوڵماندا و مەسەلەی قورخکاری و نەهێشتنی گەندەڵی بە هەر شێوازێک بێت نەهێڵێین، بەڵام ئەوە ئاسان نییە، ئەوەی ئێستاش کراوە ئاسان نەبووە، ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بوونەتەوە، هەموو کەس نەهاتووە چەپڵەمان بۆ لێبدا و دەستخۆشیمان لێ بکا لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە هاوبشتوومانە، ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، پێویستیمان بە یارمەتی پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان هەیە، ئەگەر دەیانەوێ هاوکاری خەڵکی کوردستان بکەن، پاڵپشتی بەرنامەکانی حکوومەت بن بۆ جێبەجێکردنی بابەتی چاکسازی.

دەربارەی بودجە مەسرور بارزانی ئاماژەی بەوەدا، باسی بودجەمان کرد بۆچی نەنێردراوە، چونکە تووشی ئەو قەیرانانە بووین، دەبێت بزانین داهاتمان چەندە، بۆ ئەوەی بتوانین خەملاندن بۆ بودجەی پێویست بکەین بۆ ساڵی داهاتوو، ئەگەر ئێمە توانیمان لەسەر بنەمایەکی چەسپاو لەگەڵ حکوومەتی عێراق بگەینە ڕێککەوتنێک کە بزانین داهاتەکانمان چەندە و خەرجییەکان چۆنن ئەو کاتە دەتوانین بودجە ئامادە بکەین.

سەبارەت بە پێشنیازی پڕۆژە لە پەرلەمانەوە بۆ حکوومەت سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند، هەندێک لە برادەران پێشنیازی ئەوەیان کردووە ئەوان کردووە کە پێشنیازی هەندێک پڕۆژە دەکەن ئەگەر ئێوە (حکوومەت) پاڵپشت بن، ئێمە هەموو کاتێک دەرگامان کراوەیە، بۆ پشتیگیری هەر پڕۆژەیەک کە لەگەڵ کارنامە و بەرنامەی حکوومەت بگونجێت، ئێمە پابەندین لەو ڕۆژە بەرامبەر ئێوە سوێندم خوارد ئەو کارنامەیە جێبەجێ دەکەین، ئەگەر ئەو پڕۆژانەی هەتانە بگونجێک لەگەڵ ئەو کارنامەیە ئێمە سوپاسیشتان دەکەین ئەگەر بتوانن یارمەتیمان بدەن.

لە وەڵامی چەند پەرلەمانتارێک لەبارەی چاکسازی و مووچە مەسرور بارزانی جەخێکردەوە، حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم، لە زۆر شوێن گوێمان لەوە دەبێت کە دەڵێ» چاکسازی حکوومەت بڕینی مووچە بوو؟ نەخێر بڕین و دەستکاری مووچە و خۆگونجاندن لەگەڵ بودجەی بەردەست بە هیچ شێوەیەک چاکسازی نییە، چاکسازی لە مووچەی فەرمانبەری ڕاستەقینە ناکرێت ئەوەی کە شایستەی وەرگرتنی مووچەیە دەبێت مووچەی خۆی لە کاتی خۆیدا وەربگرێت، چاکسازی لەو کەسانە دەکرێت کە شایستە نین مووچە وەرگبرن، ئەوەش پرۆسەیەکە دەستپێکراوە، مەسەلەی بایۆمەتری و پێداچوونەوە بە لیستەکانە، زۆر لە وەزارەتەکانیش ڕاسپێردراون جێبەجێی بکەن و یەکلای بکەینەوە. بابەتی چاکسازی لە مووچە بە هیچ شێوەیەک لە مووچەی فەرمانبەران نییە، لەو کەسانەیە کە ناشایستەن بۆ وەرگرتنی مووچە، چاکسازی لە مووچەی کەسانی ناشایستە و بندیوار خەریکین و زۆر بەچڕیش ئیشمان کردووە، وەک ئەوەش نییە کە لە ڕاپۆرتەکان دەخوێندرێتەوە یان هەندێک خەڵک باسی دەکات، هەموو شت بەو شێوەیە نەبووە کە چوویتە ناو وردەکارییەکان.

سەرۆکی حکوومەت گوتیشی، حەز دەکەم ئەوەشتان بۆ باس بکەم، لە خاڵە سنووربییەکان هەوڵماندا پێداچوونەوەیەک بکەین، بەرنامەیەکیشمان داناوە و ئێستا خەریکین قسە دەکەین لە جێبەجێکردن دایە، زۆر لە کۆمپانیاکان لە خاڵە سنووربییەکان ئیشیان کردووە، لە هەندێک شوێنیش دەسەڵاتی حکوومەت بەسەر خاڵە سنووربییەکان لاواز بووە، لێرەیەکی حکومیمان لە ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێناوە دیراسەی ئەوە بکەین کام خزمەتگوزاری لە خاڵە سنووربییەکان پێویستن ئەوانە پۆلێن بکەین، ئەوانەی کە حکوومەت خۆی دەتوانێت بیکات ئەوە خۆی دەیکات، ئەوەی دیکە پێویستە کەرتی تایبەت بیکات، بۆ نموونە بابەتی سکانەرەکان، پێشتر ئێمە زۆر داوامان دەکرد ئەو کاتە لە ئەنجوومەنی ئاسایش بووم، گوتمان با حکوومەت خۆی دایبنێ، بەڵام لە هەر خاڵێکی سنووری پێویستی بە 15 ملیۆن دۆلار بوو لەو ئامێر و شتانە، ئەو کاتە حکوومەت ئەو پارەیەی نەبوو، بۆیە پەنامان بردە بەر کەرتی تایبەت ئەو شتانە بکات، بۆ نموونە تریٚلە یان بارهەڵگر و قەلابەیەک دێتە ناو هەرێم، ئەگەر ئەمە پشکنینی بۆ بکرێت جگە لەوەی مەترسی تەندروستی لەسەر ئەو کەسانە دروست دەکات کە بارەکە دادەگرێت و دادەنێتەوە، کاتی زۆر دەوێ و هەموو شتیشی پێناکرێت، جووڵەی بازرگانیش کەم دەبوو، گوتمان ئەو سکانەرە دادەنرێت ئەوەی بە دوو سێ سەعات دەکرێت بە خولەکێک دەکرێت، بەڵام لە جیاتی ئەوەی یەک بارهەڵگر بێت لە هەمان کاتدا 100 بارهەڵگر بێت، ئەوەش داهاتی حکوومەت زیاد دەکات. ئینجا ئەو کەرتە تایبەتەی کە پێویستە بۆ بەردەوامبوون لە ئیش و کاری خۆیان تاکو وەبەرهێنانی خۆیان دەکەنەوە بەردەوام بن، بەشەکەی دیکە ئەوەیە گرێبەستەکانن لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە کراون، ئەگەر لە جێگەی ڕەزامەندی ئێمە نەبن پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، زۆرێشیان گۆڕانکارییان تێدا کراوە، ئەو ڕێژە زۆرەی بۆ کۆمپانیا دانراوە، ڕێژە زۆرەکەی گەڕێنراوەتەوە بۆ حکوومەت. ئیشی زۆرمان کردووە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە لە هەندێک شوێن ماوە. ڕاشیگەیاند، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕاگرتنی دیاردەی قاچاخچێتییە، ئەوەش بڵێم دیاردەکە تەنیا لە خاڵە سنووربیە فەرمییەکان ناکرێت، لە زۆر شوێنی دیکە هەیە کە زۆریش زەحمەتە، لە هەموو دنیا باوە خەڵک قاچاخچێتی دەکەن، بیرۆکەمان هەیە کە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ کە بۆ کەمترین ڕێژە نزمی بکەینەوە، ئەوەش هەوڵ و پابەندی هەمەلایەنەی دەوێت بە تایبەتیش حکوومەتی خۆجێییەکان یارمەتیدەر و وەڵامدەرەوەی حکوومەتی هەرێم بن لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی لە حکوومەتی هەرێم دەردەچن.

لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارێک لەبارەی دەستگیرکردنی خەڵک بە دەر لە یاسا مەسرور بارزانی گوتی، ئەو برادەرەی باسی کرد بە دەر لە یاسا خەڵک گیراون، من دەڵێم ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئەوانەی گیراون بە بڕیاری دادوەر گیراون، ئەوانەی گیراون تەنیا داوای مووچەیان نەکردووە، بەڵکو تەحریزیان کردووە لە کەناڵەکان و لە سۆشیال میدیاش داوای ڕووخان و سووتاندن و تێکدانیان کردووە، ئەوەش لە دەربڕینی ڕا دەردەچێت و دەکەوێتە قاڵبی تەحریز و هاندان بۆ تاوان. ئەو برادەرانەی کە ئەمنییەت و سەلامەتی هاووڵاتیان و شوێنی حکوومەت دەپارێزن، لە هەموو شوێنێک دەربڕینی بیرووڕا و بۆچوون ئازادە، بەڵام کار بگاتە هاندان و چەک بەکاربەێنرێت و تەقە لە ئاسایش و پۆلیس بکرێت و بریندار بکرێن و گیان لەدەست بکەن فەرمانگە و بنکەکانی حکوومەت بسووتێنرێن، ئەرکی حکوومەتە پارێزگاری لە مووڵکی گشتی و گیانی هاووڵاتیانی دیکە بکات و ئەو کەسانەشی هانیان داون بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

پەرلەمانتارێک لە میانی پرسیارکردنی باسی لەوەکرد کە لەم کابینەیە 20 هەزار فەرمانبەر دامەزرێندراوە، سەرۆکی حکوومەت ئەو زانیاریەی ڕەتکردەوە و گوتی، ئێمە کەسمان دانەمەزراندووە مەگەر هەندێ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا نەبێت، ئەگەر تێبینی وا هەیە حەز دەکەن دواتر بیدەنە سەرۆکایەتی دیوان با بزانین لە کوێ هەبووە.

دەربارەی پرسیارێک کە بۆچی ئەنجوومەنی نەوت و گاز بۆ دانەمەزراوە؟ مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، ئێمە لەسەر پێکهاتەی ئەنجوومەنەکە جیاوازی بیروبۆچوونمان هەیە، لەکاتێکدا یەکلادەکرێنەوە، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبووە لەوەی ئەو لایەنانەی کە پێویست بووە بەشدار لە گفتوگۆی بابەتی نەوت و گاز، بەردەوام گفتوگۆمان کردووە. هاوکات لەبارەی وەزیری سامانە سووشتییەکان سەرۆکی حکوومەت گوتی، دانەنانەی وەزیری سامانە سووشتییەکان، بەپێی یاسا من وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سووشتییەکانیشم، کەواتە هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە کە بگوترێت وەزیری سامانە سووشتییەکان نییە، بەڵکو هەیە، بەڵام بۆچی وەزیرێکی دیکە دانەنراوە، ئێمە هەوڵماندا وە لە کەسێک بگەڕێین بتوانێت ئەو مەلەفە وەکو پێویست بەڕێوەببات و شارەزا بێت و جێگەی متمانە بێت، توانای ئیش و کارەکەی هەبێت، چونکە کارەکە ئاڵوزە ئەوەندە ئاسان نییە، لەلایەکی دیکەشەوە خۆم حەزم دەکرد لە وردەکارییەکانی کاری وەزارەتەکە شارەزا بم کە چۆن دەکرێت، تا ئێستاش پێشنیازی دوو کەسمان کردووە کە وەک وەزیر دەستبەکار بێت، هەر کاتێکیش گەیشتینە ئەنجام داواتان لێ دەکەم ئەو بەڕێزە پێنشیازکراوە دێتە پەرلەمان دەنگی پێبدەین بۆ ئەوەی بێتە وەزیری سامانە سووشتییەکان.

لەبارەی قاچاخچێتی مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، من حەز ناکەم بە شێوەیەکی گشتی هەموو لایەک تاوانبار بکرێن، ئەگەر کەسێک حەزدەکات خۆی دەربخات ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەگەر واقیعی بن و لە ئاستی بەرپرسیارێتی ئەندامێتی پەرلەمان بن، دەبێت واقیعی بن، لە ڕەخنەگرتنتان لە ئاماژەکردنتان، حەز دەکەم بە گشتی باس نەکەن و بە وردی باسی بابەتەکە بکەن، بە سوپاسیشەوە لێتان وەردەگرین، بزانین لە کوێ دزی و قاچاخچێتی دەکرێت، من خۆم لە هیچ یەکێک لە ئێوە کەمتر نازانم پەرۆشی ئەوەبم گەندەڵی بنبڕ بکرێت و چاکسازی بکرێت، شتێکە خۆم قەناعەتم پێیەتی، بۆ ئەوە نییە ئێوە ڕازی بکەم، بۆ ئەوەمە وێژدانی خۆم و خوای خۆم ڕازی بکەن، لە هەموتان زیاتر دەمەوێ گەندەڵی لەم وڵاتە بنبڕ بکرێت و چاکسازی ڕاستەقینە بکرێت، بەڵام دەبێت واقیعی بین، شت بە موزایەدە ناکرێت، دەبێت زۆر بە جدی بێین ئەو خاڵانەی پێویستیان بە چاکسازییە بخەینەڕوو.

سەبارەت بە مووچە سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا، هەندێک شت ناوێژدانییە، دەگوترێت بە 60 ڕۆژ نیو مووچە دەدرێت، وانییە، بە 60 ڕۆژ نیو مووچە نەدراوە، ئێستا لە 14مین مانگین، 12 مووچەمان داوە، دوومانگیش بە ڕێژەیەکی دیاریکراو دەستکاری کراوە و دابەش بکەن، ئەگەر بە بڕیاری حکوومەتی عێراق با دەبووایە 3 مووچە هەر نەدەین، چونکە 3 مووچەیان بۆ ئێمە هەر نەنارد دووە، هەندێکجاریش دوادەکەوێت خەتای ئێمە نییە، ئێمە تووشی ئەو هەموو قەیرانانە بووین، دەبووایە یارمەتی ئێمە بدەین کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببینەوە، من نەهاتووم ڤایرۆسی کۆرۆنام هێنابێتە کوردستان، ترخی نەوت ئێمە دامان نەبەزاندووە، ئەم کابینەیە بەپرس نییە لە هەرەسهێنانی کەرتی ئابووری لە هەموو دونیا، خەتای ئێمە نییە، زۆر وڵاتی زلهێزیش ئەم کێشەیەیان ڕووبەڕوو بووتەوە، مووچە کەمکراوەتەوە، حەز دەکەم بە واقیعی بیر بکەنەوە، لەگەڵ واقیع مامەڵە بکەن و واز لە موزایەدە بێنن، بزانن بژاردەکانی دیکەی بەردەستی ئێمە چی بوون؟ بژاردەکان ئەوەبوون تەسلیمی ڕادەستی واقیعێکی تاڵ و ناخۆش بین و هیچیش نەکەین، بەڵام ئێمە تەسلیم نەبووین، هەوڵماندا خەرجییەکان کەمبکەینەوە، داهات زیاد بکەین، لەگەڵ عێراق بەردەوام بین، ئەوەی پێیان بکرێت لەو کاتەی کە پێویست بێت ئەو بڕە مووچەیەی لەبەردەستی ئێمە بێت بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین.

لە بەشێکی دیکەی وەڵامی پەرلەمانتاران سەبارەت بە ڕێگەوبان لە هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی گوتی، بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکرێت، بڵێن لە ئاستی چاوەڕوانی ئێمە نییە، بەڵام ناکرێ بڵێین هیچ نەکراوە، چۆن نەکراوە؟ ئەی ئەو هەموو ڕێگەوبانەی پێداوەچن چییە؟ لە ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژەم بەوەکرد، کە چەند ڕێگەوبان نۆژەن کراونەتەوە، چەند پڕۆژەی ستراتیجی ڕێگەوبان لە ژێر جێبەجێکردن دان، بەڵام ئایا لە ئاست چاوەڕوانی ئێمەیە، نەخێر؟ چونکە ئەو پارەیەی پێویستە لەبەردەستی ئێمەدا نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەوەش وەک جێگرەوە، هەوڵی ئەوەماندا وە، وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی وا بکەین بێنە ئێرە پارە ئیستیسمار بکەن، هەلیکار بڕەخسێنن، کەرتی ناوخۆ دەست بەکارەکانی خۆی بکاتەوە، سەرەڕای ئەو قەیرانانە جووڵە کەوتووەتە بازاڕ، پڕۆژەکانیش دەستیان پێکردووەتەوە، زۆر پرسیارەکان ئەوانە بوون کە ئێوە پارەتان نییە بۆ مووچە بۆ پڕۆژەکەی پێ جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئەوە پارەی حکوومەت نییە، ئەمە پارەی کەرتی تایبەتە کە پڕۆژەکانی پێ دەکرێت، لەجیاتی ئەوە حکوومەت بێت پارە بۆ ئەو شتانە تەرخان بکات، ڕێگەی بە کەرتی تایبەت داوە ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکات و هانیداوە. لە ئەنجامیشدا هاووڵاتیان سوودمەند بێت، ئەرکی حکوومەتیش بۆ ئەوەیە هاووڵاتی سوودمەند بێت. زۆر پڕۆژەی دیکەمان بەردەستە، هەموو پارێزگاکانیش پڕۆژە هەن، بۆ هەمەجۆرکردنی داهاتیش، ناکرێت تەنیا پشت بە نەوت و گاز ببەستین، لە سەرەتای کابینەش باسمان کردووە، ئەگەر باشترین سیاسەتیشمان بۆ نەوت و گاز هەبێت دواجار کۆتایی دێت، پێویستە ئەو وەبەرهێنانە لە کەرتێک سەرف بکرێت کە سەروەتێکی کۆتایی نەهاتووە، ئەویش کەرتی کشتوکاڵە، پێویستە زۆر گرنگی پێ بدەین کە سەروەتێکە و کۆتایی نایەت، هەرێمی کوردستانیش کەشوهەوایەکی زۆر زۆر جیاواز و باشی هەیە بتوانین ئەو داهاتە وەکو داهاتێکی بنەڕەتی و سەرچاوەیەکی گرنگی داهات سەیری بکەین و ئیشی تێدا بکەین. هەروەها کەرتی پیشەسازی ئەو وڵاتانەی پیشەسازییان هەیە، گرنگی بەوە دەدەن پیشەسازییەکەیان لەسەر بنەما ی کشتوکاڵەوە دەستپێدەکەن، گرنگی بەو کەرتەش دەدەین و چەند پڕۆژەیەکیشمان هەیە، بەڵام ئەوە بە مانگێک و دوو مانگێک ناکەین، ئەگەر کارخانەیەک دروست بکەین بڵێین بە مانگێکی دیکە بەرهەمەکەی دەبینین ئەوە ناکرێت و کاتی دەوێت، پێویستە ئێوەش هاوکار بن، بۆ ئەوەی ئەو قەیران و گرفتانەی هەن دەربازیان بکەین و لە ئایندەدا بتوانین چارەسەریان بکەین، جگە لەوەی لە هەوڵەکانیشمان بەردەوام دەبین بۆ دابینکردنی ئەو شایستە دارایانەی کە حکوومەتی فیدراڵی دەبێت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانی بنێرێت.

دەربارەی ئەو قسەیە کە دەگوترێ حکوومەتی هەرێم لەگەڵ شەخس مامەڵە دەکات، سەرۆکی حکوومەت گوتی، بە پێچەوانەوە ئێمە لەگەڵ شەخس مامەڵەمان نەکردووە، ئێمە ویستوومانە ڕێککەوتنی نووسراو هەبێت لەنێوان هەولێر و بەغدا، بە ڕێککەوتنی شەخسی دەکرێ بە تەلەفۆنێک ڕێککەوتن بکرێت، لەسەرەتای ئەم کابینەیە شاندی ئێمە چووینە بەغدا لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی پڕۆژەیەکمان پێشکەش کرد، پڕۆژەکە بووە بنەمایەک بۆ بەدواداچوونی شاندی ئێمەش و ئێستاش قەبوولیان کردووە، کەواتە ئێمە وەکو دامەزراوە مامەڵەمان کردووە، وەکو دامەزراوە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەکەین، بەڵام هەتای ئێمە نییە سەرۆک وەزیرانی عێراق گۆڕاوە، خەتای ئێمە نییە بە تێگەیشتنی کەسی و شەخسی هەڵسوکەوت دەکەن و پێشێلی مافە دەستوورییەکانی هەرێم دەکەن، داوات لێدەکەن ئەو پرسیارە ئاراستەی بەرپرسانی بەغدا بکەن.

لەبارەی دەستەکارکێشانەوەی حکوومەت، مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، ئەو بڕادەرەی دەڵێت دەست لەکاربکێشنەوە با خەڵکی تر حکوومەت بەڕێوەببات، ئەگەر ناتوانن خەڵکی دیکە بێنن، برایانی بەڕێز..حەقی خۆتانە وا بڵێن، چونکە ئێوە لە ئۆپۆزیسیۆنن، لە بنەڕەتدا دەتانەوێ ئەو حکوومەتە سەرکەوتوو نەبێت، حەقی خۆتانە هەموو هەوڵی خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن، خۆتان بەباشتر بێننە بەرچاو و بە خەڵک بڵێن ئێمە باشترین، بەڵام لێرەدا شتێک هەیە، هەڵبژاردنێک کراوە خەڵک ئێمەی دیوە و ئێوەشی دیوە، دەنگی بە ئێمە داوە بە ئێوە نەداوە، کەواتە زۆرینەی خەڵک ئێمەی ویستووە ئێوەی نەویستووە، بەڵام مەجالتان لەبەردەمە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو حکوومەتە بڕووخێنن، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هەموو هەوڵێکی خۆتان بدەن و متمانەی خەڵک وەربگرن، پێویست بە ڕووخان و گۆڕانی حکوومەت ناکات، خۆتان ئەو کاتە دەبنە حکوومەت، ئەگەر پێویستتان بە دیموکراسییەتە ئەو پرۆسە دیموکراسییەتە بگرنەبەر، کاری چاک بکەن، واز لە یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵک بێنن، ئەو کاتە من دڵنیام خەڵک ئێوەی خۆش دەوێت و سندووقی هەڵبژاردن بڕیار دەدات خەڵک زیاتر لەگەڵ کێیە و کێی خۆشدەوێت.

سەبارەت بە خزمەتگوزاریی لە شوێنەکانی کلد و ئاشووری و شوێنی دروودست سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند، ئەگەر ئەو شوێنانە شوێنی وان حکوومەت بە ئەنقەست نەیکردبێت، کە من لەو باوەڕەدا نیم بەو شێوەیە بێت، لەوانەیە شوێنەکە دووری لەسەر بێت یان لە پرۆژەکانی حکوومەت بەرچاو نەگیرابێت، بەڵام بێگومان بە جددی لەسەر ئەو خاڵە دەوەستین، من حەزیشم دەکەم بزانن، پێکهاتەکان جیاوازییە ئایینییەکان لە کوردستان بۆ ئێمە جێگەی شانازییە، بە شانازییەوە سەیری هەموان دەکەین و حەزدەکەین یەکسانیش لەنێوان هەموو پێکهاتەکان پەیڕەوبکەین، چ لە ڕووی جوگرافییەوە چ لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، ئەو فەرق و جیاوازییە قەبوڵ نەکراوە و قەبووڵیش ناکرێت، لە هەر شوێنێکیش پێویست بێت خزمەتگوزارییەک بە خوشک و برا کریستیانەکان، تورکمانەکان بێت لە هەر شوێنێک بتوانین پێی بگەین دەیکەین، بەداخەوە هەندێک شوێن بووتە شوێنی مللمانێی سەخت و پێکدادان هەبووە، لەوانەیە ئەمە یەکێک لە هۆکارەکان بووبێت، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو پرسیارە بە هەند وەربگرین و کاریشی لەسەر دەکەین.

سەبارەت بە بڕینی مووچە و یاسا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، زۆر پرسیار لەوە دەکرێت بە چ یاسایەک مووچەتان بڕیوە، بەڕێزتان، ئێمە مووچەمان نەبڕیوە، ئێمە ئەو بڕە مووچەیەمان بەردەست بووە، یان دەبووایە نەیدەین یان وەکو برادەرێک گوتی دوو مانگ جارێک بدەین، بەڵام دیسان دەبووە کێشە، ئەوەی کراوە بڕیاری بڕینی مووچە نییە، ئەوە دابەشکردنی مووچەیە بەو پێوەرەی ئێمە ویستوومانە خۆمان بگونجێین لەگەڵ بودجەی بەردەست، هەر ئەوەندەمان پێکراوە و ئەوەندەمان بەردەست بووە، ئەگەر برادەرێکیش دەتوانێت پارەمان بۆ دابین بکات و مووچەی پێ دابەش بکەین، فەرموو سوپاسیشی دەکەین، ئەوە لەبیر نەکەین ئەو کابینەیە پارەی قەرز نەکردووە کە بێتەوە گرفتێک بۆ حکوومەتەکانی داهاتووش، ئەوەی کە هەیە مامەڵەیەکی باش و ڕێکە لەگەڵ ئەو بڕە داهاتە کردووە کە لەبەردەستمان بووە.

سەبارەت بە پشتبەخۆبەستن سەرۆکی حکوومەت گوتی، ڕاستە دەبێت پشت بەخۆمان ببەستین و داهات زیاد بکەین، پرۆژەی باشمان هەیە لە وەبەرهێنان، نزیکەی هەزار پرۆژەمان پێشکەشکردووە، ئێستا زۆر وڵاتانی بیانی و وەبەرهێنەری ناوخۆیی هاتوونەتە پێش و هەندێک دەستبەکاربوون و هەندێکیان تەبەنی بەشیک لە پرۆژەکەیان کردووە، ئێمە گرنگی بە زیادکردن یان کەرتی تایبەت دەدەین بۆ ئەوەی هەلیکار زیاد بکەین، ئەگەر پێویستە ئەو وەبەرهێنانەی پێویستە لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و دوای کۆرۆناش لە گەشتوگوزار بکرێن، دڵنیام دەتوانین داهاتی ناوخۆ بە ئاستێک بەرز بکەینەوە، لە کاتی قەیران و ناخۆشیش بتوانین پشتی پێ ببەستین، بەڵام ئەوە کاتی دەوێت، گۆڕانی جادوویی نییە بە شەو و ڕۆژێک بتوانم هەموو شتێک بگۆڕم. ئەگەر واز لە موزایەداتی سیاسی بێنین، خەریکی ئەوە بین چۆن دۆخی خەڵک باش بکەین، زۆر لەگەڵ ئەوەدام سەقامگیری سیاسی هۆکارە بۆ بووژانەوەی ئابووری، بەڵام کە نەهێڵین سەقامگیری سیاسی دروست بێت، کاریگەریی لەسەر بازاڕ، گەشەی ئابووری و خەڵک و هەموو هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە لە جیاتی دڕووشمی تێکدان و بەردبارانکردن و بارەگا سووتان و هاندانی خەڵک ناشیرینکردنی وڵات لە جیاتی ئەو شتانە، دەست بخەنە ناو دەستی یەک و ئەو قەوارەیە بپارێزن، خزمەتی هاووڵاتیانی خۆتان بکەن، خۆتان لەبەرچاوی خەڵک شیرین بکەن، هەوڵنەدەن خەڵکێکی کینە لە دڵ ئێوەی خۆشبوێت، هەوڵبدەن ئەو کەسانەی کوردستانی خۆشدەوێت ئێوەش خۆش بوێت. من دڵنیام ئەگەر بتوانین ئەم شتانە بە یەکەوە بکەین دەتوانین قۆناغی ناخۆشتر و سەختترین تێدەپەڕێنین.

لەبارەی کارەبا و کەرتی تایبەت، مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، برایانی بەڕێز. کارەبا لە چ ئاستێک گەیشتووەتە چ ئاستێک، ئەوەش سیاسەتێکی سەرکەوتووی حکوومەت بووە کارەبا باشتر بووە، چاوەڕێی ئەوە بووم دەستخۆشیمان لێ بکەن بەڵام بەداخەوە دیارە بەس سەرنجتان لەسەر شتەکانی دیکە کردووە و ناتانەوێ ئاماژە بە شتە باشەکان بکەن، یەک شت گرنگە، ئەویش ئەوەیە هاووڵاتی سوودمەندی یەکەم بێت، نرخی لەسەر زیاد نەبێت، ماوەی پێدانی کارەبا زیاد بکرێت، کارەباش بگاتە هەموو شوێنێک، ئەوە ئامانجەکەیە، ئەمە ئەرکی حکوومەتە، ئیدی چ ڕێکارێک دەگرێتەبەر و چۆن پێیدەگات مادام نابێتە ئەرک لەسەر حکوومەت و هاووڵاتیان پێویستە ئێوە پاڵپشت و هاوکاری بکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە دەربارەی وەرگرتنی پڕۆژە، سەرۆکی حکوومەت گوتی، هەر کەسێک پڕۆژەی هەیە، ئەوە دەستەی وەبەرهێنان هەیە و دەتوانن سەردانیان بکەن، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیتان لێدەکەن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی زیندانیانی سیاسی ڕایگەیاند، بە گوێرەی یاسا، زیندانیانی سیاسی 10 ساڵیان هەیە هاوکاری بکرێن، با نەبێتە بابەتی موزایەدە، بەڵام بە پێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە کراوە.

فۆتۆ: فەرهاد ئەحمەد شەریف

قوباد تاڵەبانی:

کێشەی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق زیاتر کێشەی سیاسییە وەک لەوەی کێشەی نەوت و خاڵە سنوورییەکان بێت

کێشەکانی عێراق بەپێی قەبارەی خۆیان لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر و گەورەترن



جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی لە دانیشتنی دوێنێ دووشەممەی پەرلەمانی کوردستاندا وەڵامی بەشێك لە پرسیاری فراکسیۆنەکانی دایەوە بەتایبەت لە پرسی گفتوگۆکان بۆ رێککەوتن و دانوستاندنەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ.

سەرەتا تاڵەبانی سوپاسی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی: سەرۆکی حکوومەت گوتارێکی تیر و تەسەلی پێشکەشکرد و بە زیادەوە توانیی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان بە وردی بداتەوە.

قوباد تاڵەبانی گوتیشی: لەسەرەتای دەستبەکاربوونمان بەرلە هەر شوێنێك چووینە بەغدا بۆ رێککەوتن و چارەسەری پرسە هەڵپەسێردراوەکان لە سەرەتای ساڵی 2019 و دەستبەکاربوونی کابینەی پێشووی حکوومەتی عێراقەوە دانوستانەکانمان لەگەڵ بەغدا بەردەوام بوون، بەڵام خۆپێشاندانەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوو دابڕانی لە دانیشتنەکاندا دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا رێککەوتنی ساڵی پێشوومان لەگەڵ عێراق زۆر گرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان.

جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راشیگەیاند کە دوای دەستەلکارکێشانەوەی کابینەی پێشووی حکوومەتی عێراق و دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ جارێکی دیکە دانیشتنەکان دەستیانپێکردەوە، یەکەم رۆژی دوای دەستبەکاربوونی کازمی سەردانی بەغدادیان کرد بۆئەوەی پێی بڵێین کە لێرەن بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان.

قوباد تاڵەبانی دەربارەی ئەوەی بۆچی لە سەردەمی کازمییشدا کێشەکان هەر چارەسەر نەکراون رایگەیاند: ئەمساڵ بۆشایی یاسایی دروستبوو، بەهۆی ئەوەی بوودجەی ئەمساڵ پەسەند نەکرا بۆیە نەمانتوانی ئەو شایستە داراییانەی هەرێمی کوردستان دیاریی بکەین و رێککەوتنی لەسەر بکەین.

جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: ئێمە لە چوارچێوەی وڵاتێك داین کە خۆی کێشەی زۆرە، کێشەی دارایی و ئابووریی زۆر گەورەی هەیە، کێشەی سیاسیی و ئەمنییشی هەیە، کێشەکانی عێراق بەپێی قەبارەی خۆیان لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر و گەورەترن، بۆیە دەبێت ئێمەش کەمێك واقعی بین، ناکرێت بڵێین کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن و شایستەکانمان رەوانە بکەن ئیتر کێشەکانی عێراق پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

قوباد تاڵەبانی راشیگەیاند: کێشەی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، زیاتر کێشەی سیاسییە وەك لەوەی کێشەی نەوت و خاڵە سنوورییەکان بێت، شەقامی عێراقی تێروانینێکیان هەیە بەرامبەر هەرێم کە پێیانوایە هەرێمی کوردستان هۆکاری کێشەکانی عێراقە، ئەم تێروانینە بەشێکیشی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، هەندێك لە نوێنەرانی کورد کە لە عێراقن ئەو جۆرە تێروانینەیان لای عەرەب دروستکردووە بەرامبەر هەرێمی کوردستان.



سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەشداریی پرسەی بابا شێخ دەکات

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/١٠/٥ بە نوێنەرایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مستەفا سەید قادر، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە یاوەریی بەڕێزان فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەك لە ڕاوێژکاران و بەرپرسان، بەشداریی پرسەی بابا شێخ، ڕێبەری ئایینیی ئێزدییان لە شێخان کرد و پرسە و سەرەخۆشیی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمیان بە ماڵباتی کۆچکردوو و ئەنجوومەنی ڕۆحانی و ئێزیدییان گەیاند.

کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ پلانی نوێی داهاتی ئاوی هەرێمی کوردستان و گرفتەکانی بەردەمی بەڕێوەچوو



بە مەبەستی بەدواداچوون و گفتوگۆکردنی کۆکردنەوەی داهاتی ئاو و ئەو پلانانەی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و میکانیزمی نوێ بەشێوەیەك بارگرانی لەسەر هاوبەشانی ئاو دروست نەبێت و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان لە پێدانی پارە و خوێندنەوەی پێوەری ئاو و چەند تەوەرێکی تری پەیوەست بە بواری ئاو، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئەنجامدرا.

دوێنێ دووشەممە 5/10/2020 ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار سەرپەرشتی کۆبوونەوەکی کرد، کە تێیدا بەڕێوەبەری گشتیی دیوان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ بە وەکالەت، بەڕێوەبەری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو لە پارێزگە و ئیدارە سەربەخۆکان، لەگەڵ کۆمپانیاکانی تایبەت بە کۆکردنەوەی داهاتی ئاو، ئامادەی بوون.

چەند تەوەرێکی تایبەت بە داهاتی ئاو و پێوەری ئاو و گرفتەکان و میکانیزمی نوێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، بەشێوەیەك کە هاوڵاتییان چەقی خزمەتگوزارییەکان بن، لەگەڵ ئەوەشدا جەختکرایەوە لەسەر ئەوەی دەبێت هاوڵاتییانیش پابەندبن بە پێدانی پارەی ئاو هەموو دوو مانگ جارێك و ئەوانەی پێوەریان نەبەستاوە، لە جۆری مۆڵەتپێدراو ببەستن، سەبارەت بە سەرپێچییەکانیش، جەختکرایەوە لەسەر ڕێگریکردن لە هەر جۆرە سەرپێچییەك بۆ سەر هۆکارەکانی دابینکردنی ئاو و پێوەرەکان بە تایبەتی.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ساسان عەونی، جەختی کردەوە دەبێت بە وردی چاودێری پرۆسەی کۆکردنەوەی داهاتی ئاو و بەستی پێوەر و چارەسەرکردنی گرفتەکان بکرێت، بەشێوەیەك لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییاندا بێت، چونکە کۆکردنەوەی داهاتی ئاو، کارێکە پێویستە جدێتی زیاتری تێدا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو داهاتە ڕاستەوخۆ بۆ خەزێنەی حکوومەت دەگەڕێتەوە و بەشێکیشی بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەڕوات و ئەمەش لە بەرژەوەندیی خودی هاوڵاتییانە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا جەختیش لەسەر کۆکردنەوەی پارەی ئاو بۆ هەر دوو مانگ جارێك کرایەوە، بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر هاوڵاتییان دروست نەبێت لەکاتی کەڵەکەبوونی مانگەکان، کە زۆرجار بۆ ماوەی چەند مانگێکی زۆر پارە کۆناکرێتەوە و بەهۆیەوە گرفت لە پێدانی پارەی ئاو دروست دەبێت، هەورەها چارەسەرکردنی هەڵەی خوێندنەوەی پێوەرەکان کە هاوڵاتییانیان ساردکردووەتەوە لە پێدانی ئەو کرێیە.

وەزیری دارایی زانیاری لەبارەی دۆخی دارایی و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد

وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

بەغدا بەبڕیاری سیاسی پارەی کوردستانی نەناردووە



لە دانیشتنی دوێنێ دووشەممەی پەرلەمانی کوردستاندا، وەزیری دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری لەبارەی دۆخی دارایی و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد و هۆکاری بڕیاری لێبڕینی مووچەی فەرمانبەرانی خستەڕوو.

ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی، لە میانی وەڵامدانەوەی بۆ پرسیاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە و لە 2004ـەوە بودجەی هەرێم چۆتەوە بەغدا تا مانگی 4ی 2020، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنیا یەك مانگ نەیتوانیوە خۆی بە تەنیا مووچە بدات. تا 2014 بە تەواوی پشتی بە بودجەی عێراق بەستووە، بەڵام بەهۆی بڕیارێکی سیاسی لە 2014 بودجەی هەرێمی کوردستان نەنێردراوە و تەنیا دوو تریلیۆن دراوە و 16 تریلیۆن دینار قەرزاری هەرێمی کوردستان بووە. لە 2015 بودجەی عێراق 116 تریلیۆن بووە کە بەشە بودجەی هەرێم 14 تریلیۆن بووە، عێراق تەنیا 2 تریلیۆنی ناردووە و 12 تریلیۆن کەمتری ناردووە. لە 2016 هیچی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە کە بودجەی عێراق 145 تریلیۆن بووە و بودجەی هەرێم زیاتر لە 12 تریلیۆن و 570 ملیار دینار بووە. لە 2017 بەشە بودجەی هەرێم 11 تریلیۆن و 605 ملیار بووە کەچی عێراق هیچی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە. لە 2018 عێراق بەشەبودجەی هەرێم بە 12.67٪ دانراوە، بەڵام عێراق لەو ساڵەدا 3.5 تریلیۆن نەنێردراوە. لە بودجەی 2019دا کە پەیوەندیی هەرێم و مەرکەز بە باشی ڕۆشتووە، لەو ساڵەدا عێراق 6 تریلیۆن و 610 ملیار دینار کەمتر لە هەقی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە".

دووپاتیشی کردەوە کە ئەو کورتهێنانەی لە بودجەی هەرێمی کوردستان دروست بووە، "لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە پڕی بکاتەوە و کورتهێنانێك هەبووە. وەك چۆن لە کابینەکانی پێشوەوە 27 ملیار دۆلار قەرز و پابەندی ماوەتەوە و کەوتۆتەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە".

وەزیری دارایی ئاشکرای کرد کە واقیعێك بەسەر ئەم کابینەیە سەپێندراوە کە حکوومەت بەشێکی مووچە کەمتر لە بڕی خۆی دابەش بکرێت، "بە عێراقیان گوتووە ئامادەین 250 هەزار بەرمیل و هەموو دۆسیەی نەوتیشتان رادەست بکەین بە مەرجێك هەموو قەرزەکانیش لە ئەستۆ بگرن. ئەمەی ئێستا ڕووەدات هۆکارەکەی بڕیارێکی سیاسییە کە لە ساڵی 2014دا دراوە و بەم دواییە قەیرانی دارایی و ئابووریشی بەسەردا هاتووە و ئێستا دۆخی عێراق خراپە و کەمکردنەوەی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان بووە بە بەشێك لە پینەکردنی کورتهێنانی دارایی عێراق".

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ بڕیاری سیاسی بووە یان پڕۆسەیەکی یاسایی، وتی: "هەرێمی کوردستان ناردووە".

بڕیاری پێشتر ٪21ی مووچەی فەرمانبەران کەمتر دابەشکراوە و دواتر بڕیار دراوە بە لێبڕینی 18% دابەش بکرێت، ئاوات شێخ جەناب گوتی: "ئەمە پەیوەندی بەو سیاسەتەوە هەیە کە خەرجیی خۆمانمان کەم کردۆتەوە تا ڕێژەی پارە بۆ مووچە زیاد بکەین. ئەگینا دۆخی ئێمە لە سایەی چاکسازی نەبێت، بەم پەلەپرۆزییە ناکرێت. حکوومەتی ئێمە بەرنامەیەکی بۆ چوار ساڵ پێشکەش کردووە، لە مانگی یەکەم و دووەمەوە دەپرسن چیتان کرد، دەبێ چوار ساڵەکە لەسەرمان بوەستن تا بتوانین لەسەری کار بکەین". گوتیشی: "چەند بژارەیەکمان لەبەردەستدا بوو پێشنیازێك هەبوو دوو مانگ جارێك مووچە بدەین کە دەیکردە ٪50. کەسمان بەوە ڕازی نەبووین خۆمان کورتهێنانمان ٪35 بوو. ئەگەر هێزەکانی حەفتا و هەشتا و وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش و ئەوانەشمان جێبەجێ نەکردایە، کورتهێنانەکە دەبووە ٪41، بڕیارماندا پارەیەك قەرز بکەین و کورتهێنانەکە ببێتە ٪21".

پڕۆژەی دروستکردنی جووتسایدی چۆمان بۆ حاجی ئۆمەران 40% تەواو بوو



گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، دوێنێ وەزیری شارەوانی دوو پڕۆژەی ڕێگاوبان لە سنوری حاجی ئۆمەران بەسەر دەکاتەوە کە بە بڕی٥٣ ملیار دینار دروست دەکرێن و لە ئێستادا ڕێگای جووت سایدی حاجی ئۆمەران بۆ چۆمان کە ڕێگایەکی ستراتیژییە و بە گوژمەی ٥٠ ٪٤٠ تەواو بووە و بە گوژمەی ٥٠ ملیار دینار دروست دەکرێت. مەریوان مەلا حەسەن بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: «ئێستا بە یاوەری وەزیری شارەوانی دەڕۆین بۆ حاجی ئۆمەران کە ڕێگای قیرتاوکردنی نوژەنکردنەوەی ڕێگاکە بەسەر دەکەینەوە و ئێستا کاری تێدا دەکرێت، بە بڕی سێ ملیار دینار نوژەن دەکرێتەوە».

گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی، جگە لەوەش دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی حاجی ئۆمەران بۆ چۆمان بەسەر دەکەنەوە کە ڕێگایەکی ستراتیژییە و بە گوژمەی ٥٠ملیار دینار دروست دەکرێت و ئێستا ڕێژەی دروستکردنی ڕێگاکە ٤٠٪ تەواو بووە و بەردەوامیش دەبێت تا تەواو دەکرێن.

سالّیادی نەمران

لە یادی 62ساڵەی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەتی جاران بۆ کوردستان و 27ساڵەی هێنانەوەی تەرمی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس هەرلەیاد بۆ کوردستان





خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بارزانیی نەمر وهەڤاڵەکانی ڕێگای مان و نەمانیان هەڵبژارد بۆ سەرفرازی کوردستان دوای ٢مانگ زیاتر بە پیادە و نێو کەمینەی دوژمنان خۆیان گەیاندە ڕووباری ئاراس. مام (کازم شانەدەری) بەشدار بووی ڕێڕەوە مێژوویییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران دا لە بیرەوەرەکانی دا بۆ ڕۆژنامەی خەبات (کە پێشتر بڵاو کراوەتەوە) دەگێڕێتەوە:

لە گادەر لشکری بارزانییەکان ئێمە لێك بووینەوە ئەو بوو ماڵ و خێزان و پەتکەوتوو لە گەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد بارزانی گەڕانەوە بۆ کوردستان و بارزانیی نەمر پێش چوونی هەمووی ئێمەی کۆکردنەوە و بە ئێمەی فەرموو: کە چارەنووسی ئێمە نادیارە، هەروەها فەرمووی: ئەوانەی لە خۆیان دەبینن دا لە گەڵمان دا بن من یەکێك لە ئەو کەسانە بوم لە گشت ئەو هەڤاڵانەی کە بەیەك دەنگ و بەدڵ و ڕێگای مان و نەمانمان لە گەڵ بارزانیی نەمر مان هەڵبژارد و هەتا لە ڕێگا دا هەموو ئەو سەرهاتانانی کە بارزانیی نەمر لە کاتی چوونمان بۆمانی باس کردبوو بەسەرمان هات لە ڕێگا ئێمە تووشی سەرما و برسییەتی و کەمینەی دوژمنان لە پشت و پێشمان بوون بەلامان ئەوانە زۆر لە لای ئێمە گرنگ نەبوو چونکە ڕابەرمان بارزانیی نەمر وەکو ئێمە تەحموولی ئەو شتانەی دەکرد و لە ڕێگا ئەگەر نانێکمان هەبووایە بارزانیی نەمر پێکهەوە لە گەڵمانی دەخوارد جا بۆیە ئێمە وەرەی خۆمان لە دەست نەدەدا لە ١٩٤٧/٦/١٨ لە ڕووباری ئاراس پەڕێنەوە چوینە ناو خاکی سۆڤیەت بۆ ئەوەی دەنگی کوردستان لە گەڵ ڕابەری کوردستان و ئازادیخواز بارزانیی نەمر بگەیننە یەکێتی سۆڤیەتی بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی کوردستان بکەین .

خوالێخۆشبوو هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (مەلا برایم هەسنکی)کە بەشدار بووی ڕێڕەوەکە بووە لە بیرەوەرەکانی گێڕایەوە:

١٩٤٧/٦/١٨ لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە کە جەنابی بارزانیی نەمر ئاخرین کەس بوو کە لە ڕووباری ئاراس پەڕییەوە هەرکەسێك جەل و بەرگ و تفەنگ و پێڵاوەکەی خۆی بەیەکدی گرێ دابوو و لەسەری خۆمان دانابوو و گەیشتینە ئەو سنوور چەند سەربازێکی ڕووسیهان بینی کە بارەگایان لەویی بوو و دوای هاتن ئەوسەربازانی هەرچی چەك مان پێبوو و هەتا چەقۆ و خەنجەریشیان لێ وەرگرتین و دوای چەك کردن ئێمەیان بردە بیابانێکی چۆل و داوامان کرد لە ڕووسیەکان کرد کە خواردنمان پێبدەن،ئەوان دەیانگوت: نابی ئێوە نان بخۆن تاکو دکتورەکان بهێن و هات ئەوان گوتیان نابی هەریەك لە ١٠٠ گرام زیاتر نان بخوات چۆنکە هەموویات تووشی ئازار دەبن، وابوو چونکە ٣ شەو و ڕۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو دوای ماوەی ڕۆژێك لە سەر سنوور ماینەوە وئەوی ئێمەی هەڤاڵان نێگەران کردەبوو کە ڕابەرمان بارزانیی نەمریان لەئێمە جیاواز کردەووە و ناردیانە شاری باکۆ پایتەختی ئازەربایجان.دوای ئێمەهەموویان بردە نەخچیوان کە نزیکی ٤٠ ڕۆژ ماینەوە دواتر ئێمەیان دابەش کراین بەسەر گوندەکان هەرچەندکەسێك پێکهەوە دابەش کراین و ماوەی ٣مانگ ژیانی ناخۆشمان بردەسەر چونکە گرفتمان زمان بوو کە نەماندەزانی و شارەزای جوگرافیای ئەو وڵاتە نەبووین و هەتا ئەو کات وەزعی ئابووری ڕوسیا زۆر خراپ بوو و ئەوی بوو کە ئیشەکانی ناوباخان دەکرد هەر جۆرێك کە لە برسان نەمرین زۆر سەخت بوو ناتوانم بە شێوەك بۆتان باس بکەم ، کە دوای بارزانیی نەمر داوای لە حکومەتی ڕوسیا کرد کە دەبێ هەموو هەڤاڵانم کۆبکەنەوە ئەوە بوو ئێمەیان بردە دەریای زەرد، جل و بەرگی سەربازیان بە ئێمەدا، مەشقی سەربازییان بە ئێمە کرد، کە نزیکی ٦ مانگ خایاند کە لەو ماوەی ڕابەرمان بارزانیی نەمر سەردانی ئێمە هەڤاڵانی دەکرد کە ڕوحیە ئێمەی بەرز و دەڵی ئێمە هەڤاڵانی دەدایەوە، تاکو ساڵی ١٩٤٨ بارزانیی نەمر و ئێمە هەڤاڵانی بۆشاری تاشقەندی سەربە ئوزبەکستان گواستەوە، بۆماوەی ٣ مانگ لەوێ ماینەوە کە سەرباز بووین، دوای جارێکی تر بارزانیی نەمریان لە ئێمە جیاکردەوە و ئێمە هەڤاڵان لێك جیا کراینەوە و هەرچەند کەسێك بە سەر گوندەکانی دوور و ماوەی ٣ ساڵ پر لە نەخۆشی و سەختی و ئەزیتمان بینبوو ئێمە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکانم لە گوندی ئاخچەم بووین و هەتا ئاگامان لە بارزانیی نەمر نەبوو کە چی بەسەر هاتوو.

دیداری باقرۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانی

سەرۆك مسعود بارزانی لە پەرتووکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەبارەت بە چاوپێکەوتنی باقرۆف لەگەڵ بارزانی، لە زاری بارزانی دەنوسێت: (کاتی باقرۆف پێشوازیی لێکردم پێمگوت: ئێمە گەلێکی زوڵم لێکراوین و زوڵەکەشمان هیچ سنوری بۆ نییە، هیوامان هاتووەتە سەر گەلانی سۆڤیەت، ئێمە پێویستیمان بە زانست وهونەری سوپاییە. تکات لێدەکەم پشتمان بگرە، یارمەتیمان بدە وکێشەی کوردستان بگرە بە دەستەوە. من ئەو تکایە بەناوی گەلی کوردەوە بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش بیگەیەنە سەرکردایەتیی بەرزی سۆڤیەت لە مۆسکۆ. ڕۆی ١٠-١٢-١٩٤٧ هەموو بارزانییەکان گواستەوە باکۆ و لە ئۆردوگایەکی سەربازیان دانان و هەموو یان بەرگی سەربازییان دەبەر کرد و ناماەی مەشق پێکردن بوون، ڕۆژی ٢٢-١٢-١٩٤٧ ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیوڤ کارگێڕی ئیداریی و ئەمنیەتی ئازەربایجان کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە مەهاباد و تەوریز بوو چوو سەردانی بارزانییەکانی کرد وە ڕۆژانە لەبەیانیەوە تا ئێوارە لە ڕۆخی دەریایخەزەر ڕووبەرووی خاکی ئێران مەشقی سەربازیان دەکرد.هەرچەندە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی وردبین بوو، لە فێلەکانی باقرۆف دەگەیشت و زانیاریی لەسەر ئەوەش هەبوو کە چۆن پیشەوەی سکرتێری فرقەیدیموکراتی ئازەربایجانی باشوری بەو تاوانە کەئامادە نەبوو چیتیر فریوی باقرۆف بخوات، لەبەرئەوە پێویست بوو بارزانی بە هوشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت وبۆچوونەکانی باقرۆف بکات. کاتێك باقرۆف تێگەیشت ناتوانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بەسەر بارزانی دا بسەپێنێ و بارزانی ناچێتە ژێر فەرمانی، ئیزنی پێنەدان کە حاڵ و وەزعی خۆیان بەڕێکخراوەکانی جیهان بگەیەنن و لە دیدارێکیدا هەرشەی لە بارزانی کرد کە باشترە پێشنیازەکانی قەبووڵ بکات، ئەگەر نا پاشەڕۆژدا بەرپرسیار دەبێ، بەنوسینی سەرۆك مسعود بارزانی لە کتێبی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨ بارزانی لە وەڵامی باقرۆف دەڵێت:(هاوڕێ باقرۆف ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووینە ئێرە کە تۆ هەڕەشەمان لێ بکەی، ئەگەر ئێمە لە هەڕەشە بترسایەین تۆ منت لێرە نەدەدی. ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە یەکێتی سۆڤیەت کە دەنگی گەلی زوڵم لێکرازی کوردستان بە گەڵانی سۆڤیەت ڕابگەنین، دەمانەوێ پیاوەتی و سەربەرزیی خۆمان بپارێزین. تکات لێدەکەم ئەوەش بزانە، ئێمە گەلێکین سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین و بە هیچ باریّ نابین بە پاشکۆی هیچ گەلێك، با دۆست و براشمان بێ وەکو گەلی ئازەربایجان، بەڵام هیچی لە ئێمە زیاتر نەبێ، ئێمە گەلێکی سەربەخۆین و پارچەیەك لە ئازەربایجان نەبین و ناشمانەوێ کەسایەتیی گەلەمان بێتە پێشێلکردن.) ئەو چاوپێکەتنە بارزانی و باقرۆف و ئەو دەمەقاڵە تونەدەی نێوانیان و ئەنجوومەنی کوردەکان کشانەوە و ئەنجوومەنەکەیان هەڵوەشاند.ستالین لە مانگی مای ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد و خرۆشوف جیی گرتەوە بە مردنی ستالین تا ڕادەیەك ئازادی ڕووی لە کۆمارەکانی سۆڤسەت کرد، میر جەعفەر باقرۆف و لاورنتی بێریا بە تاوانی خەیانەت لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئیعدام کران، بارزانی ویستی سەردانی مۆسکۆ بکات و چاوی بە کاربەدەستە نوێیەکانی سۆڤیەت بکەوێ و باسی کێشەی کورد وئەو زوڵم و ستەمانەیان بۆ بکات کە کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئوزبکستان بەسەر خۆی و هەڤاڵانی هاتووە، بە نهێنی لە ئوزبکستانەوە چووە بۆ مۆسکۆ و دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەر و سەرەتای دیسێمبەری ساڵی ١٩٥٤، لە کرملین چاوی بە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست و خۆشوف بکەوێت، خرۆشوف داوای لە بارزانی کرد کە بەسەرهاتی خۆی و هەڤاڵانی بۆ بگێڕێتەوە و ئەوەیش هەموو ئەو زوڵمەی کە لە لایەن باقرۆفەوە لێیان کرا بوو، بۆ خرۆشۆڤی گێرایەوە و گوتی:(خۆم و هاوڕێکانم بەگژ حەوت حکومەتدا چووینەوە تا توانیم بگەمە مۆسکۆ). خرۆشۆڤ داوای لێکرد ناوی ئەو حکومەتانای پێ بڵێت: بارزانی لە وەڵامیدا گوتی:(ئەمریکا، ئینگلیز، عێراق، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان و ئۆزبکستان.)، خرۆشۆڤ پێکەنی و گوتی چۆنت توانی بچیتە ناخی باقرۆفەوە و بیناسی؟ بارزانی گوتی:(ئێمە ڕێبازی یەکێتی سۆڤیەت دەزانین، بریتییە لە پشتگیریی گەلانی چەوساوە کە کوردیش لە پێش هەموویانەوە دێ. بۆیە ڕوومان کردە خاکی سۆڤیەت تا کێشەی گەلی خۆمان بخەینە بەردەست، کەچی هەر لەگەڵ گەیشتنمان، جۆرە ڕەفتارێکمان لەگەڵدا کرد کە شیاوی مرۆڤ نەبوو و بە پێچەوانەی قسەکانی لێنینە. کەسێك بەتەنگ ناوبانگی گەلێکی مەزنی وەکو یەکێتی سۆڤیەتەوە بێ، چ جار ڕەفتاری وەکوو باقرۆف ناکا لەگەڵ ئەوانەی بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان بەگژ ئیمپریالیزمدا چوون وپاشان پەنایان هێناوەتە بەر یەکێتی سۆڤیەت، تا هاواری گەلەکەیانی پێڕابگەیەنن. خرۆشۆڤ گوتی: ئێمە هەموو ئەونامانەمان بینی کە کاتی خۆی ناردوتن و لە لایەن بێریاوە دەستیان بەسەردا گیراوە. وەنەبێ تەنیا ئێوە بە دەست ئەو تاقمە تاوانیارەوە ئازارتان چێشتبێ، هەموو گەلانی یەکێتی سۆڤیەت هەندەی ئێوە و بگرە زیاتریش چێشتووە.

دوای ئەو دیدارە لەگەڵ خرۆشۆڤ بارزانی توانی سەرنجی سەرکردەکانی حزب و حکومەتی سۆڤیەت بەرەو کێشەی کورد ڕابکێشێ و پێوەندیەکی گەرم و دۆستانە لەگەڵ ئەو سەرکردانە و لێپێرسراوانی تری سۆڤیەت دامەزرێنێت. دواتر کاربەدەستانی سۆڤیەت داوایان لە بارزانی کرد لە مۆسکۆ بمێنێتەوە و یەکێك لەڕاوێژکارەکانی بەشی پەیوەندییەکان بە ناوی ڤۆڵۆشین بۆ دانا کە لەگەڵی لە پەیوەندی دا بێت . بارزانی لە مانگی مارسی ١٩٥١ لەگەڵ ڤۆڵۆشین ڕاوێژکاری بەشی پەیوەندییەکان گەڕایەوە بۆ تاشکەند و چوو چاوی بە هەڤاڵانی کەوت و یەکەیەکە لێی پرسێن و حەوتوێەکیان لە لا مایەوە وئاکامی چوونی بۆ مۆسکۆ و بریاری کاربەدەستانی سۆڤیەتی پێ ڕاگەیاندن.

لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨، جگە لە کاری سیاسی و هاندانی ڕادیۆی نهێنی کوردان کە بە هاوکاری مستەفا بارزانی لە قەفقاسەوە پەخشدەکرا، هیچ بزوتنەوەیەکی چەکداری یان ڕابونێکی نەتەوەیی لە عێراقدا سەریانهەڵنەداوە، لەو ماوەیەدا لە ڕێگای هاتووچۆی نهێنی نێوان سۆڤیەت و عێراقەوە، زانیاری پێویست سەبارەت بە پرسی کورد دەنێردرا و بارزانی ئاگاداریی و ڕێنمایی بۆ نیشتمانپەروەرانی کورد نارد، بڵاوبوونەوەی وێنەی ژەنەراڵ بارزانی لە شارەکانی کوردستان و عێراقدا ، هەستی نەتەوایەتی تاکی کورد جۆشدەدا، بە تایبەتی لە نێو قوتابیان و لاوان، مستەفا بارزانی وەك پەناهەندە لە یەکێتی سۆڤیەت بوو دوای دامرکانەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی حزبی هیوا، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق، وەك دوو هێزی سیاسی و جەماوەریی لە تێکۆشان بەردەوامدابوون. بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت خۆیان بۆ ڕۆژێك ئامادە کرد کە سەر لە نوێ لە بوژاندنەوەی خەباتی نەتەوەیی کوردا ڕۆڵێکی باڵایان هەبێ، ڕۆژی دووشەممە لە کاتژمێر ٦ی بەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بەیاننامەی ژمارەی ١ ی فەرماندەی گشتی هێزەکانی چەکداری نیشتمان، لە ئیزگەی بەغدا لە لایەن عەبدولسەلام عارف ەوە، کە تێیدا مەرگی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە کایەی سەردەمی کۆماری ڕاگەیاند، چەند جارێك خوێندرایەوە کە ئەم شۆڕشە نیشتمانی – دیموکراسییە، بۆ ڕزگار بوون لە کۆلۆنیالیزم و بەدیهێنانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پێناو بەرژەوەندی جەماوەری گەلدا، تاسوێکی فراوانی لە بەردەم گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمەنەتەوەکانەوە



ریفڕاندۆم بەرهەمی خەباتی گەلەکەمانە

پرۆفیسۆر د. عەبدولوەهاب چرووستانی

بەڕێزان سڵاو، ریفراندۆم دەرهاویشتە و بەرهەمی خەبات و بەرخودانی زیاتر لەنیو سەدەی گەلەکەمانە کە بە شۆڕشی مەزن ئەیلوولی دەسپێدەکات لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ وە بەرهەمی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تری خەباتی گەلی کورد و خەباتی هەموو بەرخودانەکانی کورد پێش شۆڕشی ئەیلوولیش وەك شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر و شەهیدی نەمر شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری مووسڵ لەسێدارە درا وە خەباتی حیزبی هیوا و کاژك و هەموو ئەو قارەمانانەی بوونە قوربانی لەو پێناوەدا.

دەسکەوتی یەکەم لە بەرهەمی ئەو خەبات و بەرخودانە ڕازی بوونی کورد بوو بە حوکمی لامەرکەزی لە ساڵی ١٩٦٣ ١ بۆ ئەوەمبەستە بارزانیی نەمر (مەلا مستەفا) وەفدێکی بە سەرکردایەتی خوالێخۆشبوو جەنابی مام جەلال نارەد شاری بەغدا، بەڵام چونکە نییەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا پیلانگێڕی بوو خاتیمەی دانوستاندن مەنعەتەجەولەکەی ساڵی ١٩٦٣ بوو کە سەدان شەهیدی لێکەوتەوە و جارێکیتر سەنگەرگرتن لەگەڵ سوپا و خۆفرۆشەکان دەستی پێکردەوە، بەرهەمی قۆناغی دووەمی شۆرشی کورد حوکمی ژاتی بوو، دوای وتوویژی ساڵی ١٩٦٣ شەڕ و پێکدانێکی زۆر و سەخت ڕووی ئەدا بە سەدان قارەمانی تیادا شەهید کرا، کە دەرئەنجامەکەی سەرکەتنی کورد و ناچاربوونی دەسەڵات بوو بە دانوستاندن و وتوویژ لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا کە بەرهەمی ئەمجارە دان پێدانی حوکمی ژاتی بوو بە کورد.

لە ڕاستیدا ئەمە سەرکەوتنێکی باش بوو، بەڵام هەرگیز دەسەڵاتی عیراق ڕاستگۆ نەبووە و مەبەستی تر لەپشتی دانوستاندنەکانیدا هەبوو، بەڵام باشترین دەستکەوتی کورد ئەوە بوو کە کورد هەموی بوو بەیەکدەست بەرهەمی خەباتی قۆناغی سێیەهم خۆی لە فیدراڵیدا دەبینێتەوە، دوای سەرنەکەوتنی وتوویژ لەنێوانی کورد و دەسەڵاتی بەغدا شەڕ و پێکدادان دەستی پێکردەوە لە ساڵی ١٩٧٤ دا خەڵکێکی زۆر پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە و بە دەیان هەزا خێزان چوونە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە داموودزگاکانی دەسەڵاتی کورد لەو ناوچانەدا ڕێکخرایەوە پێشمەرگە سەرکەوتن دوای سەرکەوتنی بەدەست ئەهێنا بۆیە دەسەڵاتی بەغدا ناچار بوو پەنا بۆ فێڵێکی تر بێنێ ئەویش ڕێکەوتن بوو لەگەڵ ئێران بە چاودێری ئەمەریکا کە بەرێکەوتننامەی جەزائیر دەناسرێ بە ئامادەبوونی سەدام حسین و محەمەد ڕەزا شای ئێران لە جەزائیر و، واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە کە بریتیی بوو لە بەخشینی چەند دورگەیەکی خلیج بە ئێران بەرامبەر گرتنی سنوور لە کوردستانی خواروو بە مەودای بیست کیلۆمەتر.

لە کاتێکا کە تەنها مەنفەزی ژیان و بەدەسهێنانی هەموو کەرەسەی شەڕکردن ئێران بوو لەپێناوی پاراستی ژیانی خەڵك و ژیانی پێشمەرگەدا سەرکردایەتی کورد و خودی بارزانیی نەمر وای بەباشزانی لە ناچاریدا کە خەباتی چەکداری ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ماوەیەك هەڵپەسێرێ.

کەمترلە ساڵێ بەسەر هەڵپەساردنی شۆڕشی ئەیلوولدا تێپەڕی گەلی کورد بە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکانییەوە چەکی خەبات و بەرخودانی هەڵگرتەوە و شۆڕشی گوڵان دەستی پێکردەوە، ئەگەرچی هەرچی خراپە و کاولکاریی و ئەنفال و کیمیاباران و کوشت و بڕ تەقسیری لێ نەکرا، بەڵام بەرهەمی گەورەمان ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بوو، داوکاری کوردیش کە خۆی لە فیدراڵیدا ئەبینییە لە دەستوری عیراقدا بڕیاری لەسەر درا.

بەرهەمی خەباتی قۆناغی چوارەم دوای فیدراڵیەت و دوای ئەوەی شەڕی پێشمەرگە و تیرۆرستانی داعش پەیدا بوو کورد توانی لە شەڕی داعشدا سەرکەوتن بەدەستبێنێ، لە هەمان کاتدا زۆربەی ناوچە کوردستانییە ڕزگارکراوەکان بخاتەوە سەر نەخشەی کوردستان،بێشك بیری کورد وەك تەنها چارەسەر بۆ کێشەکەی سەربەخۆییە، بۆیە هەر ئەوسا ڕیفراندۆم کرا، بۆ ئەوەی کە ببێ بە داوایەکی ڕەسمی گەلی کورد بەرووی جیهاندا، ئەوەبوو کە جەنابی کاك مەسعود بە ڕاوێژکردنی هەموو لایەنەکان ڕایگەیاند. ئەوانە کە ئەڵێن (کاتی نەبوو) بروابکەن هەتا ڕۆژی قالوبەڵا ئەو ڕۆژە نایەت کە (کاتی بێ) و داگیرکەران لەسەری ڕازی بن. بۆیە ئەڵێم سەرکەوتن بۆ ڕیفڕاندۆم و ئەوەی دژایەتی ئەکا دژی خواستی سەربەخۆیی کورده.

کردەوە، دوای راگەیاندنی کۆماری لە کوردستانیشدا تەواوی چین و تۆیژەکانی جەماوەر و راپەرین و جەماوەری شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و کۆیە و دهۆك و زاخۆ و ئامێدی لە ژێر ڕێنمایی پارت و ڕێکخراوەکان بە تایبەت کەرکوك وسلێمانی بۆ پشتگیریکردنی شۆڕش و لایەنگیریی یەکەمی ڕژێمی کۆماری، گوشاریان خستەسەر کەرتەکانی سوپا و پۆلیس. بێگۆمان هەلوێستی پشتیوانی کورد بابەخێکی زۆری هەبوو بۆ سەرکوتکردنی ئەو پیلانانەی کۆلرنیالیزم کە دژی شۆڕش سازیان دەدا، لە ١٦ی تەموموزدا پارتی بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کورد کرد، تێیدا جەختی لە پشتگیری کۆماری نوێکردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە بارزانیی نەمر سەرۆکی بوو، سوربوونی خۆی ڕاگەیاند کە ئەم قۆناغە پێویستی بە خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب هەیە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی لە وڵاتدا، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ،شاندیان بۆ بەغدا ڕێکەدەستتا پیرۆزبایی لە سەرکردەکانی شۆڕش بکەن و





لە پشتگیری ڕۆڵەکانی کوردستان دڵنیییایان بکەن، عەبدوڵکەرم قاسم لە یەکەم دیدەنی شاندنی کورددا، بڕوای خۆی بە برایەتی و کورد وعەرەب ڕاگەیاند، ئاماژەشی بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد کرد، لە چوارچێوەی دەستورە کاتییەکەی ٢٧ی تەموزی ١٩٥٨ی کۆماری عێراق لە مادەی ٣ی دەستورەکەش هاتووە عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن. هەر لەو دانیشتنە لوتکەیدا، عەبدولکەریم قاسم ئامادەیی حکومەتەکەی بۆ گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ شاندی کوردی خستەڕوو، وتیشی: بارزانییەکان لە سەردەمەکانی پێشوو زۆریان تەنگوچەڵەمە چەشتووە، بۆیە پێویستە لەگەڵتان نەرمتر بین. هەرچەندە لە لای تر عەرەبە شۆڤینیەکان پێیان وابوو، عەبدولکەریم قاسم لایەنگری پرسی کورد لە عێراقدا، بۆیە کەوتنە بەرهەڵستکردنی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی، بە بیانووی ئەوەی هێشتا کۆمار نەچەسپاوەو سەقامگیر نەبووە، ئەگەر بارزانی بگەڕێتەوە خاکی وڵات، دوژمنەکانی زۆرەکانی لە کوردستاندا، دەبنە نەیاری کۆمار بۆیەعەبدولسەلام عارف و هەندی لە گەورە ئەفسەرانی دیکەی سوپا،دژی هاتنەوەی بارزانی بوون، بەڵام عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بە پێویستیی گەڕانەوەی بارزانی وتەواوی بارزانییەکان بۆ خاکی عێراق، نەکەوتە ژێرکاریگەری هەڵوێستی ئەوان. یەکەم کاردانەوەی حکومەتی نوێ سەبارەت بە بارزانییەکان بەیاننامەیەکی ئازادکردن و لێبووردنی بۆ ژمارەیەك گیراوی سیاسی کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی حوکم درابوون دەرکرد. لەوانەش: ئازاد کردنی شێخ ئەحمەد بارزانی لە بەندیخانە کە ئەو کاتە لە بەندیخانەی بەغدا بوو، شێخ ئەحمەد دوای ١١سااڵ ئازاد کرا و دوای ئازادبوونی بۆ ئاراستەکردنی سوپاس و پشتیوانی کردنی خۆی و بارزانییەکان بۆ حکومەتی نوێ چوو سەردانی وەزارەتی بەرگری کرد و لە لایەن عەبدولکەریم قاسم بەگەرمی پێشوازی لێکرا.١٠ی ئابی ١٩٥٨ شێخ ئەحمەد بارزانی لە بەغداوە بەرەوە بارزان گەڕایەوە و لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیشدا جەماوەر بە پیادە و ئۆتۆمبێلەکانییان وەکو وەفایەك بۆ خەباتی دێرۆخایەنی بارزانی و بارزانییەکان، بەرەو پێشوازی چوون. ڕژێمی نوێی کۆماری، هەندی هەنگاوی باش نا، وەك پووچەڵکردنەوەی فەرمانی لە سێدارەدانی مستەفا بارزانی کە ئەوکاتەی لە سۆڤیەت بوو بێ ئەوەی لە دادگا بێت لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەرچوو بوو.

گەرانەوە بارزانیی نەمر بۆ نیشتمان

ڕاوێژکاری بەشی پەیوەندییەکانیان کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت ڤۆڵۆشین کە ئەرکی پەیوەندییەکانی بارزانی لەسەر شان بوو، هەواڵی شۆڕشی ١٤-٧-١٩٥٨ی عێراقی بە بارزانی ڕاگەیاند. ئەوە هەر هەواڵێکی هەرە خۆشبوو بۆ بارزانی و هەڤاڵانی کە دەیتوانی چارەنوسی ئەوان بگۆڕێت و دوای بە نزیکەی ١٢ ساڵ دووریی لە وڵات بگەڕێنەوە و لە نزیکەوە بۆ ماف و ئازادیی و ڕزگاریی خاك و وڵاتەکەیان تێبکۆشن. بارزانی لە ڕۆژی ٢١-٨-١٩٥٨ مۆسکۆی بەرەو ڕۆمانیا بەجێهێشت، میرحاج ئەحمەدو ئەسعەد خۆشەوی لەگەڵ خۆی برد و سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرا لە بۆخارست وە بەهۆی باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد و پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێکرد و داوای لێکرد ڕێگا بدرێ خۆی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە عێراق، وەڵامی عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی وەزیرانی عێراق بۆ بارزانی: بە شادییەوە بروسکەکەتمان وەرگرت ئێمە هەموومان بە خێرهاتنەوەی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست، هەموو پێویستییەکمان بە جێهێناوە بۆ دەرچوونی لێبووردونتان و ئاسان کردنی گەڕانەوەی خۆت و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتمانییانەی لەگەڵتاندان، سەر لە باڵۆێزخامەی عەرەبی یەکگرتوو بدەن لە پراگ –چیکۆسلۆڤاکیا بۆ سازادنی گەڕانەوەتان.

بەر لەوەی کەبارزانی پراگ بەجێهێلێت و بگەڕێتەوە بۆعێراق، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و ئەندامەتی نوری ئەحمەدتەها، سادق بارزانی، عوبەیدوڵا بارزانی ڕەوانەی چیکۆسلۆڤاکی کرد تا لە گەڕانەوەیدا هاوڕێی بارزانی بن، لە لە قاهیرەش سااڵح میران لەگەڵ ئەو لیژنەیەدا بوو.

لە کۆتایی مانگی ٩ی ئەیلوولی ١٩٥٨ بارزانی پراگ جێهێشت و لە قاهیرە دیدەنی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر کرد کە نێو ماڵی خۆی پێشوازییەکی گەرمی لێکرد و پشتگیری خۆی و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بۆ ئایندە و سیاسی و پرسی کورد لەعێراق بەم شێوەیە دەربڕی(ڕاستیی و ڕەوایی میللەتی وەکو ڕووباری نیل بوونی هەیە، گەلی عێراق بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی بە پەرۆشەوە لە هەنگاوەکانی گەڕانەوەی مستەفا بارزانییان دەڕوانی،گوێیستی بروسکەی نێوان(قاسم و بارزانی) بوون، کە لە ڕادیۆی بەغدا دەخوێندرانەوە بۆ پێشوازیکردنی بارزانی لە بەغدا، لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی جەمال حەیدەری و عەبدولڕەحمان عەلائەددین پێکهاتبوو. پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش ئەو کاتە ڕۆڵێکی گەورەی لە ئامادەکردن و جۆشدانی جەماوەر گێڕا. بەهاوسۆزی نزیکەی ١٢ ساڵ پەناهەندەیی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، شیوعییەکان ژمارەیەکی زۆر وێنەی بارزانییان لە چاپخانەی گەل لە بەغدا چاپکرد بوو.بارزانی ڕۆژی ٦-١٠-١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەی ڕەسمی پێشوازیی کرا. لە کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە چین و تۆیژێك و بە کوردو عەرەب و موسڵمان و ئاشووری و تورکمان و کلدان و مەسیحی و ئێزیدی و هتد پێشوازییان لێکرد. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ میللەتی کوردستان کە ڕابەریان بە سەلامەتی و سەربەرزی گەڕایەوەو پێی سەرفراز بوون دەیان هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی گەل گەیشتبوونە بەغدا و لە فرۆکەخانەی موسەننا پێشوازییان لەبارزانی وەك قارەمانێکی نەتەوەیی کرد بۆ نیشتمان. بارزانی لە هۆتێل سەمیر ئەمیس دابەزی و میوانی حکومەت بوو ڕۆژی ٧-١٠-١٩٥٨ چوو سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد و سوپاسی خۆی پێشکەش کرد و پێ ڕاگەیاند(خۆی بە سەربازێکی شۆڕشی تەموز دەزانێ ولە ژێر فەرمانی زەعیم دایە) هەر لەو ڕۆژەدا بەشێك لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکان و نوێنەرانی گەل لە باخچەی هۆتێل سەمیر لە بەغدا کۆبونەوە.

لە ڕۆژانی مانەوەی بارزانی لە بەغدا، دەستە بەدەستە خەڵك بە نوێنەرایەتی چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگا، لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و عێراقەوە سەردانیان دەکرد، بارزانیش بڕیاری دا سنوریێك بۆ ئاهەنگی شادومانییە دابنرێت بۆیە بەغدای بەجێهێشت و بۆ سەردانی خەڵك و هەڤاڵانی خۆی و هۆزەکانی لە دەڤەری بارزان ڕوویکردە کوردستان. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٨ بارزانی سەردانی شاری سلێمانی کرد و لە مزگەوتی گەورە سەردانی گۆڕی شێخ مەحمودی حەفیدی کرد. پاشان لە گۆڕستانی سەیوان چەپکە گوڵی لە سەر مەزاری دوو لە ئەفسەرە شەهیدەکانی کە لەوێ نێژرابوون دانا، تەواوی چین و تۆیژەکانی شاری سلێمانی بە دروشمی(بارزانی بارزانی خۆشەاتی بۆ سلێمانی) لە پێشوازیدا بوون. سلێمانی ئامادەی دیدەنیکردنی دۆستە دێرینەکانی وکەسایەتییە شارەکە بوو، بارزانی سەردانی ڕێکخراوی مافی ئافرەتان کردو وتارێکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ بارزانی لە ڕێگای کەرکوکەوە لە نێو ئاپۆرەی جەماوەرێکی زۆر گەیشتە هەولێر لە پێشوازییکردنیدا، ئەنجوومەنی شارەوانی ئاهەنگێکی شایستەی ڕێکخست.

بارزانی لە هەنگاوێکی تردا لە دوای گەڕانەوەی بۆ گەڕانەوەی هەڤاڵانی هەولێر ڕێخۆشکردنیدا. حکومەتی عێراقیش ئاسانکاریی بۆ کردن بۆ ئەوەی مەبەستەش میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی بۆ سەرپەرشتی گەڕانەوەیان نارەد موسکۆ، ١٦-٤-١٩٥٩ هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لە مۆسکۆوە بە هۆی کەشتی گرۆزیا کە بەژن و منداڵ گەیشتنە بەندەری بەسرا و بەنیشتمان شاد بوون.

ئەمڕۆ کە یادی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆ کوردستان دەکەین، لەهەمان کات یادی ٢٧ ساڵەی گەڕانەوەی تەرمی نەمران بۆکوردستان. دوای ڕاپەڕینی١٩٩١، بڕیاری گواستنەوەی تەرمی پیرۆزی هەردوو نەمران بارزانیی نەمر و کاك ئیدرسی هەمیشە زیندوو دەڕا لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بۆ هەرێمی کوردستان و لە ڕێورەسمێکی جەماوەری لە ١٩٩٣/١٠/٦ تا ١٩٩٣/١٠/٨ دەگوازرێنەوە، ئینجا لەخاکی ئازادی کوردستانی باشوورو لە گوندی (بارزان)ی زێدی ڕەسەنی خۆیان کە مەڵبەندی بەرخودانی کوردایەتی و شۆڕش بوو بۆ دواجار بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێن.

لەم یادەدا هەزاران سڵاو و درود لە گیانی گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

سەرچاوەکان:

- کتێبی:بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ١٩٣٢-١٩٥٨ نووسینی: جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی

- کتێبی: مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆك نووسینی : حامد گەوهەری

- کتێبی: مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠ نووسینی: ڕەفیق ڕەحمان مام خول.

- (دیدار لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی) ئەرشیفی ڕۆژنامەی خەبات.

تۆماری یادەوەرییەک

لە ماڵباتی(پارتی)ماندا، کارگێڕ لقێک برامانە



بەشی دووەم و کۆتایی

زۆرجار ئەمە ئەنوسم و ئەڵێمەوە: «خۆزگە بتوانرابا لەجیاتی ئەوەی مێژوو بنووسرێتەوە، یەکجار تۆماری وێنەیی بگیرابا، بۆئەوەی چیتر مێژوو بەپێی میزاج مەجالی دەستکاریکردنی نەمابا...!!». ئەمەی بەڕێزتان دەیخوێنێتەوە یادەوەرییە..! یادەوەری مێژوونووسین نییە، یادەوەری تۆماری بەسەرهاتەکانە، سەبارەت بە دەوروبەری (٥٠) ڕۆژ سەرگوزەشتەیە، وێنەی تێروانینێکی تۆمارکراوی کورتخایەنی ژیانێکە، دڵۆپێکی ڕووداوەکانە بە قوڵاییدا تکاوەتە ناو دەریاییکی بەرینی یادەوەریمەوە..! ڕەوشتی ڕەسەنی حزبایەتی لێوە فێربووم.

ئاری قەرەداخی - هەولێر

گەمەی مار و پەیژە

پاش هەفتەیێك، لەڵایەن (یوسف زەنگەنە)وە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی دهۆك، خەڵکی کەرکوك بوو، ئەو ئاگاداری کردمەوە ناوی قبوولکراوەکان ڕاگەیێندراوە، ناوی من (٨)ەمینە لە لیستەکەدا، بەڵام ناوی باوکم لە جیاتی (صالح) بە (صابر) چاپکراوە، پێویستە زوو پەیوەندی بکەم بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی پێویست، لە سلێمانی هەواڵەکەم پێگەیشت، بەپەلە خۆم گەیاندە دهۆك و بۆ بارەگای (ی.ق.ك/ لقی دهۆك) لەوێ پێیان ڕاگەیاندم، کە وەرگیراوم..! کاتێك تێبینیم پێدان وتم، زۆرباشە: کەواتە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە خۆیان ناوی باوکمیان ڕاستکردۆتەوە..! لە وەڵامدا وتیان نازانین، ئێمە تەنکیدین تۆ وەرگیراویت، هەڤاڵ (عەبدول عەزیز تەیب) لێپرسراوی لێژنەی یەکێتیی قوتابیانی ناوچەی دهۆك بوو، بە تەلەفۆن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە کرد، پاش بە دواداچوونی ورد، ئاڵۆز و تەماوی دەرکەوت، کە ناوی باوکم (سااڵح عارف) تێکەاڵو بووە لەگەڵ ناوی باوکی کاندیدێکی تر کە ناوی یەکەمی وەکو ناوی یەکەمی بەندەیە، بەڵام ناوی باوکی ئەو (سابیر نادر)، لەکاتێکدا ناوەکە لەلیستەکەدا ناوی باوك و باپیربە (سابیرعارف) هاتۆتەوە، ئەو کاندیدە زووتر فریا کەوتووە و توانیویەتی (عارف) بگۆڕێتەوە بە (نادر)..! لیستی ناوەکان نێردراوە بۆ بەغا و موافەقەتیش گەڕاوەتەوە..! بەکورتییەکەی، ئێستا قوتابییەکی دی پەسەنکراوە، زۆر بەداخەوە، بەڵام، با بابێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، ئەییەین بۆلای (هاشم تەها) ئەو سەرۆکی لیژنەی قبووڵە، بەڵکو ئەو بتوانێت شتێکی بۆ بکات..! (عەبدول عەزیز تەیب) کادرێکی قوتابیانی لەتەکدا ناردم بۆ تەربیە و بۆ لای ئەو فەرمانبەرەی کە ئاخافتبووی بۆ ئەوەی بمبات بۆ لای (هاشم تەها)، چووین بۆ لای فەرمانبەرەکە، زۆر بە عەتف و ڕێزلێنانەوە پێشوازی لێکردین و دوای یەك دوو دەقیقە بردمی بۆلای (هاشم تەها)، فەرمانبەرەکە (دیار بوو پارتییە) و پێشتر قسەی لەسەر بابەتەکە کردبوو.. (هاشم تەها) لە ژوورەکەیدا وتی: ئێمە لیستەی ناوەکانمان ناردووە بۆ بەغدا و موافەقەتیشی لەسەر کراوە، ئەگەر تۆ نەبیت دیارە یەکێکی تر، هەوڵمدا، قسە بکەم و ڕوونکردنەوە بدەم، بە نەبرەیەکی نەیارانە قسەی پێبڕیم و منیش هەڵمتیزان و وتم: ئەڕۆم بۆ لق و ئاگاداریان ئەکەمەوە، بێمنەتانە و دەقاودەق وتی: (هەرە لای خودێ)، فەرمانبەرەکە و بەندە ژوورەکەمان بەجێهێشت و تەلەفۆنی بۆ (عەبدول عەزیز تەیب)کرد و هەمووی وەکوخۆی بۆ گێڕایەوە، گەڕامەوە بۆ بارەگای قوتابیان، لەناو گێژاوەی شۆکدا، هاتە خەیاڵم و داوامکرد لە (عەبدول عەزیز تەیب) کە بەتەلەفۆن لە گەڵ لقی١ لەسەرسنك بئاخێفم، یەکسەر(عەبدول عەزیز تەیب) لە بەدالەی تەلەفۆناتی شار داوای لقی کرد کاك (فازڵ میرانی)مان دەستکەوت، کاتێك خۆم پێناساندەوە، یەکسەر فەرمووی: ئەزانم تۆ کێیت، پیرۆزە وەرگیراویت...! پێم وت نەخێر وەرناگیراوم، بۆ زۆرتر وردەکاری لەسەر وەزعەکە، (عەبدول عەزیز تەیب) تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتم، باش و ڕاشکاوانە (کاك فازڵ)ی بە وردی تێگەیاند لە بابەتەکە و ڕەوشەکەیش بەچی ئاراستە و ئاقارێکدا ڕۆیشتووە..!! کە تەواوبوون لە ئاخافتن، (عەبدول عەزیز تەیب) تەلەفۆنەکەی داخستەوە، پێی وتم (کاك فازل) دبێژێت، وەرە دەفمە بۆ سەرسنك.

جێگای حەوانەوە

ڕۆیشتم بۆ سەرسنك، خوالێخۆشبوو (کاك عەلی سنجاری و کاك فازڵ میرانی) لەژووری بەرپرسی لق – دیار بوو پێکەوە دەردەشەیان کردبوو)...هەردووکیان دڵیان دامەوە، (کاك فازڵ) بە ڕاشکاوی دڵنیای کردم و فەرمووی: تۆ ئێستا هاتوویت لە بارەگای لقی١یت لەلای ئێمە لە سەرسنك دەمێنیتەوە، دڵنیابە، تۆ ناگەڕێیتەوە دهۆك، ئیللا لە حاڵەتێکدا دەگەڕێیتەوە کە وەك تەڵەبەی دارالمعلمین.....!! لە ژووری (بێتەل) جێگای حەوانەوەم بۆ دیاری کرا، پاش چەند ڕۆژێك، بانگکرام بۆ ژووری پەرپرسی لق، (کاك فازڵ) و ئەفەندییەکی لێبوو، خوالێخۆشبوو(کاك علی سنجاری) فەرمووی، ئەوە، سەیدا (هاشم عەقراوی) یە، محافزی دهۆکە... لێرەدا، یەکسەر، (هاشم عەقراوی) بە ڕویەکی خۆشەوە وتی، بە ئەمر و (صلاحیات)ی خۆم ئەمری (قبول خاص)م بۆ دەرکردووە، بڕۆ خۆت ئامادە بکە، کە بانگمان کردیت وەرە پێکڤە دزڤرینەوە دهۆکێ ...!! لە ژووەرەکە دەرچوومە دەرەوە، هەروەها کاك (فازڵ میرانی)یش، فەرموی: تەواو، بڕۆ، ئیترلە ناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان لە دهۆك چالاك بە، هەرلەوێدا کادرێکی بانگ کرد و کاغەزێکی پێدا، کادرەکە لەتەك خۆیدا بردمی بۆ ژوورێك و بڕێ پارەی بۆسەرف کردم و ڕایگەیاند: هەموو مانگێکی خوێندنی قوتابخانە تۆ ئەم هاوکارییە وەردەگریت، بەئەمری (فازڵ میرانی)، لەژووری بێتەل دانیشتبووم، پاش دەوروبەری سەعاتێك بانگیان کردم، بینیم لە هەوشەکەدا عەلی سنجاری و فازڵ میرانی خواحافیزی لە پارێزگاری دهۆك ئەکەن، لەدواییدا لە بەندەیش، جگە لە سەیارەیەکی مارسیدسی سەوزی تۆخ تایبەت بە پارێزگار، یەك پیکاپ جێب، پێیان ئەوت (مسەلەحە) حایە بوو لە تەکیدا، کاتێك ویستم سەرکەوم لە پشتەوە، پارێزگار ئیشارەتی پێدان، نەیانهێشت و لە بەشی قەمەرەکەدا سەرکەوتم، بە دڵێکی خۆشەوە، کاروان کەوتەڕێ، لە سەرسنك دووڕکەوتینەوە، سەیارەکە ڕاوەستا و پۆلیسێك دابەزی و منی خستەوە دواوە و خۆیشی لە قەمەرەکەدا سەرکەوت و دانیشت و کەوتینەوە ڕێ.

کۆتایی

ساڵی خوێندنم بۆ پۆلی دووەم بەسەرکەوتنێکی دیار بە ئەنجام گەیاند، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٣، لە مانگی ئازاردا و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول خۆم گەیاندەوە سەنگاو، (هێزی قەرەداخ) ناوی گۆردرا بوو بە (هێزی کەرکوك)، خوالێخۆشبوو (ساڵح پێداوی) فەرماندەی بوو.. بەرپرسی یەکەی ئیدارەی هێز ناساندمی بە فەرماندەی هێز و پاش (خولێکی تایبەتی یەك مانگی لە هونەری جفرە و نهێنییەکانی) دا فەرمانی دەستبەکاربوونم بۆ دەرکرا بە پلەی بەرپرسی جفرەی بتالیۆنی٤، (سیف الله علی قادر) فەرماندەی بوو، دوای ماوەیەك، بەشی جفرە لە مەکتەبی عەسکەری جیاکرایەوە وەك دەزگایەکی سەربەخۆی گرنگ، (شەوکەتی مەلا سایل) بەرپرسیارێتی وەرگرت، ئیتر لەوکاتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ، هەفتە بە هەفتە، مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ گەیشتینە ئەمڕۆمان.



وون بوون

پسوولەی شارەوانی تەق تەق ژمارەی پسوولە ٧٨١٧٦٧ بەرواری ٢٠١٥/٥/٥ بەبری ٢٧٠٠٠٠٠٠ بەناوی نیاز جوامیر عبدالکریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسولە ٠٣٢٥٩٤٤ بەرواری ٢٠١٦/١٠/١ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ بەناوی نەبەز حمدامین قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٠
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه / صباح محمود محمد
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٨٠ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٨٨٢/٢) مقاطعة ٨٨ بيدار والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧٢) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١١
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /اسماعيل اسماعيل شهباز
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٧٧ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٨٨٠/٢) مقاطعة ٨٨ بيدار والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧١) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٢
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /احمد شين سامي
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٨٣ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٨٨٢/٢) مقاطعة ٨٨ بيدار والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧٢) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٣
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /اسماعيل شهباز
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٧٧ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٨٨٠/٢) مقاطعة ٨٨ بيدار والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧١) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٤
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /احمد شين سامي
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٨٣ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (٢٥٠٠/٢) مقاطعة ١٢ ركاوة والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧٢) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٥
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /اسماعيل اسماعيل شهباز
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٧٧ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٨٨٠/٢) مقاطعة ٨٨ بيدار والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧١) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٦
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /احمد شين سامي
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٨٣ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (٢٥٠٠/٢) مقاطعة ١٢ ركاوة والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٧٣) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو
العدد /٢١٧
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥
اعلان
الى المنذر اليه /بيروز رمضان كوكل
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٤١/٨١٨٤ / انذار/٢٠٢٠) المورخ في ٢٠٢٠/١٠/١ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/١٠/٨) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٩٨٧/٢) مقاطعة ١٢ ركاوة والمشتراة من قبل المنذر (حسن محي الدين اسماعيل) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٢٣٦٩) المورخ في (٢٠٢٠/١٠/٤) تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .
كاتبة عدل زاخو / سوسن غازي عبدالامير

* * *

محكمة بداءة قسروك
العدد /٧٨/ب. وضع اليد/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المحكمة في الدعوى البدائية المرقمة ٧٨/ب/٢٠١٩ المتضمن ازالة شيوع محطة تعبئة (سرهلدان) بيعا لذا تعلن المحكمة باجراء المزايدة العلنية لبيع تعبئة (سرهلدان) المشيدة عن العقار المرقم ١/٣ مقاطعة ٤٨ زينافا ميري والمدرجة اوصافها ادناه فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المحكمة مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة للعقار ان لم يكن شريكا في العقار المذكور ستجري المزايدة في تمام الساعة الثانية عشر ظهرا في اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
اوصاف العقار : رقم الدعوى ٧٨/ب/٢٠١٩ المساحة (٤,٥٠٠ م٢) الجنس محطة تعبئة وقود بما فيها من مشيدات ومتضمنا التجهزات الاخرى القيمة المقدرة (١٤٤٠٠٠٠٠٠) مائة واربعة واربعون مليون دينار
القاضي / ايڤان طلال جميل

* * *

محكمة بداءة القوش
العدد/١٠/ب/٢٠٢٠
التاريخ/١٠/١/٢٠٢٠
اعلان
الى المدعى عليهم (دريد ونهاد ودلشاد ودينيس وباسلة ودومان) ورثة المتوفي يوسف جرجيس عيسى والساكنين ناحية القوش سابقا ومجهولين محل الاقامة حاليا
قدم المحامي (افين خديده الهكاري) وكيل المدعي (لؤي سعيد الياس) الدعوى المرقمة اعلاه يطلب فيها تمليك العقار المرقم ٣٨٤/١٣٢ مقاطعة ٦٣ القوش الشمالية باسم موكله حيث قام مورث المدعى عليهم ببيعه العقار المرقم اعلاه ببدل مقداره (اربعون مليون دينار) والتي كانت عبارة عن دار سكنية وحيث ان المدعى عليهم ممتنعين عن تمليك الدار باسم المدعي اعلاه في دائرة التسجيل العقاري في تلكيف ولثبوت مجهولية محل اقامتكم حسب اشعار مركز شرطة القوش ومختار المنطقة عليه تقرر تبليغكم بصحيفتين يوميتين بالحضور امام محكمة بداءة القوش في موعد المرافعة المصادف ٢٠٢٠/١٠/١٥ الساعة التاسعة صباحا او ارسال وكيل عنكم وبعكسه ستجري المرافعة بحقكم غيابيا وحسب الاصول
القاضي / حسام الدين احمد علي

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٦٣٣/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٦٣٣/ت.د/٢٠٢٠ والمتضمن بيع العقار المرقم ١٣٢/٢ مقاطعة ١٣٤ بساتين كوره فا في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٦٣٣/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاكرى كوره فا المساحة ٤٠٦ م٢ الجنس ملك صرف دار سكني القيمة المقدرة (٨٦٠٠٠٠٠٠) ستة وثمانون مليون دينار عيراقي
المنفذ العدل
بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٧٠٤/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٧٠٤/ت.د/٢٠٢٠ والمتضمن بيع العقار المرقم ٢٤٢/٢٢ مقاطعة ٨٥ امرخوشان في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٧٠٤/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاكرى اومرخوشان المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (٢٠٠٠٠٠٠٠) عشرون مليون دينار عيراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٧٠٣/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٧٠٣/ت.د/٢٠٢٠ والمتضمن بيع العقار المرقم ٢٤٤/٢٢ مقاطعة ٨٥ امرخوشان في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٧٠٣/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاكرى كوره فا المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ملك صرف

دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ١٨٠/ش/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (سداد عبدالله توفیق)
ئاماژە بە داوای ژمارە ١٨٠/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (بنار رفعت محمد سور) دادگا لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٩ بریاری دا بە تصدیق طلاق لەنێوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی بنار رفعت محمد سور لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری کومەڵگای کانی قرژالە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێ راگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە کە لەهەرێمی کوردستان دەردەچێت وە تۆمافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ١٠ رۆژدا لەرۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
* * *
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١/ش/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٤
جارِدان-بریار
بۆ داوالێکراو/ لطیف عزیز حسین شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (اڤان خالد اسماعیل) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە ١/ش/٢٠٢٠ تێیدا داوای تفریق بسبب للضرر کردبوو وە دادگاکەمان بریای کۆتایی لە دۆسیەکەدا لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣٠ بە پاشملە دەرکرد تێیدا بریاریداوە بە تفریق بسبب للضرر لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی بەهار/ بحرکە لەبەر ئەوە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەبریارەکە بۆ دەربکات لەرێگەی دوو رۆژنامی ناوخۆیی هەرێم بۆیە پێویستە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاسایی خۆیدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ١٠ رۆژدا لەرۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٧٧/ ب٣/ ٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سیران عبدالاله کەنجو)
داواکار (روناک عبدالخالق عساف) داوای ژمارە ٢٧٧/ ب٣/ ٢٠٢٠ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (١٠٠) دۆلار ١٠ مثقال زێر عەیار ٢١ ، ٦٠,٠٠٠ دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ قەزای خەبات) لە ٢٠٢٠/٨/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١٥) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە/ ٣٨٦/ ب٣/ ٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سیران عبدالاله کەنجو)
داواکار (روناک عبدالخالق عساف) داوای ژمارە ٣٨٦/ ب٣/ ٢٠٢٠ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بەهۆی زیان گەیاندنی مادی پابەندکردنت بەبری ٥٠٠٠,٠٠٠ دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ قەزای خەبات) لە ٢٠٢٠/٨/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١٥) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
* * *
دادگای باری کەسی هەریر
ژمارە/٣٣/ش/٢٠٢٠
بەروار/٢٠٢٠/٩/٣٠
پێ راگەیاندن
بۆ /داوالێکراو (علی محمد محمدامین)
رۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢١) کات ژمێر (٩) ی بەیانی دیاری کراوە بۆ بینینی داوای ژمارە (٣٣/ش/٢٠٢٠) کە لە لایەن داواکار (شڤین عمر حسین) تۆمارکراوە لە سەرت بەمەبەستی (تفریق للهجر) وە لە بەر ئەوەی شوێنێ نیشتەجێ بونت نادیارە بە پێ ی اشعاری موختاری گەرەکی مامساران لە ناحیەی هەریر کە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣٠)دەرچووە بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بە پێ راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی بەمەبەستی نامادەبوونت لە دادگا بە خۆتان یان بریکاری یاسایت لەکاتی دیاری کراودا ئەگەرنا دادبینی پاشملە وبە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت
دادوەر / شیباء عزیز اسماعیل
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٦٣٥/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/٩/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراوان (رشدی سعید قادر وحلمی سعید قادر) جهێ ئاکنجیبوونا وان نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (جعفر مکی عبید) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە بری (٢٨٨٠٠٠٠٠) بیست وهەشت ملیون وهەشت سەد هزار دینارێ عراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهوکی ژمارە (١٥٩٥) رێکەفتی ٢٠٢٠/٩/٢٠ وراپورتا هەلبژێری تاخی (شورش) رێکەفتی ٢٠٢٠/٩/١٧ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/١٠/٢٨ وئەگەر نامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر
عزیز محمد سعید
* * *
تێبینەرایتیا تومارکردنی خانوبەرە ئامێدێ
ئاگەهدارکرنا فروتنی مولك
ژمارەی پارچە زەوی/ ١١
ژمارەی کەرت وناو/ صلاح الدین
رەگەز / خانی
جور/ ملك صرف
روبەر/(١) دونم (١) اولك
بری بارمەتە /هەمی مولك ئەرد وئاڤاهی / ئەرد
تیبینەریا تومارکرنا خانوبەرا ل ئامیدیی دێ رابیت ب فروتنا بشێوێ سەر زیدەکرنا ئاشکرا بو وان جورێت ل سەری دیارکری مولکییەتا وی خودانێ وی (سلمان داود خوشابا) ژبەر بارمەتی یا وی یا بارمتە وەرگر (بیوار حسین تیلی) کو بری قەرز (٥٦٠٠٠٠٠٠) بێنج وشەش ملیون دینار عراقی هەر کەسەکێ حەز بکەت پشکداریێ تێدا بکەت بلا سەردانا ڤێ تیبینەریی بکەت بو ماوەی (٣٠) روژ هەر ژ روژا پشتی هاتنا خاری ل روژنامێ وگەل خو بینیت بارمەتییێت یاسایی (نقدیە او کفالە) یا بانکێ کو کێم تر نەبیت ژ ١٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ (٥٦٠٠٠٠٠٠) بێنج وشەش ملیون دینار عراقی و دێ ل سەرزێدەکرن هێتە کرن ل دەم ژمێر (١٢) نیڤرو ژ روژا دوماهیی یا ئاگەهداریی
ماڤ پەروەر /حسن رمضان حبیب
تێبینەرێ تومارکرنا خانووبەرا ئامێدیێ
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ١٣٤١ / ب / ٢٠١٥
رێکەوت : ٢٠٢٠/١٠/٤
ئاگاداری
داوالەسەرکراو : ١ – سامان عارف حمە رضا ٢ – علی محمد بکر ٣ – سارا عارف حمد رضا ٤ – سروە جواد عارف شوێنی نیشتەجێی ئێستات نادیارە .لەسەر داوای داواکار : (نەبەز عبدالرحمان و هاوبەشەکانی)
ئەم دادگایە لە رێکەوتی (٢٠١٥/٧/٢) بریاری دا لە داوای بەرایی ژمارە (١٣٤١ / ب / ٢٠١٥) کە لەلایەن داواکار (نەبەز عبدالرحمان و هاوبەشەکانی) تۆمارکراوە، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێیت لەم کاتەدا نایارە وەك لە رووتکردنەوە و ئاگادارکەرەوەی داوەری لەبەر ئەوە دادگا بریاردرا ازالە شیوع (فرەبەشی) لەسەر مولکی ژمارە (١٣ کەرتی ٢٥ میرگەپان) ئاگادارکردنەوەتان بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ وە مافی نارازی و (اعتراض و پێداچونەوەی) هەیە لە ماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا.
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٢
ژمارە : ٣٧٦ / ش / ٢٠٢٠
بەروار / ٥ / ١٠ / ٢٠٢٠
ئاگانامە
داواکار / رازاو حسن صوفی شریف
داوالەسەرکراو / أری شیرکو
داواکار (رازاو حسن صوفی شریف) داوایەکی بە ژمارە (٣٧٦ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وەلەم داوایە داوای (جیابونەوەی داوەری جیابونەوەی داوەری بە هۆکاری داوانەکردنی گواستنەوەی ژن لەلایەن مێرد) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە. بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢١/١/١٨) سەعات (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / د. طه عمر رشید
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/ ٢٨٥/کەتن/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (محمد بنکین خلیل) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی نامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٢ دوو سال لدیڤ بەندێ ٤٥٦ / ١ أ و ب ژ یاسا سزا و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو رۆژنامێت نافخویی و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهئینان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٣٧٩/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ حمزه علی خلف
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٧٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها نەهێلانا کوشتنێ ب هژمارە ٢٠٢٠/٦ ل سەر مادە (٤٠٦ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١٢/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر
د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٣٨٠/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ فائق محمد مصطفی ریبر و سردار و زیرەك و رینجبر و جوتیار و کوفان و بیار کوریێن فائق محمد
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٨٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها نەهێلانا کوشتنێ ب هژمارە ٢٠١٩/٢١ ل سەر مادە (٤٠٦ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١٢/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر
د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٣٧٨/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٧
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ مبارك احمد انور
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٧٨/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ئاسایشا دهوك/نەهێلانا مادێ بێهۆشکەر ب هژمارە ٢٠٢٠/٢٦ ل سەر مادە ١٤ بێهۆشکەر ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١٢/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر
د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٣٧٩/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ حمزه علی خلف
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٧٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها نەهێلانا کوشتنێ ب هژمارە ٢٠٢٠/٦ ل سەر مادە (٤٠٦ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١٢/١ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر
د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٦٢/ج/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ نصرة صالح محمد شیمو
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٦٢/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نقیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا ب هژمارە ٢٠١٩/٨٦ ل سەر مادە (٢٩٨ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١٢/٢٠ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر
د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە: ٢٥٢/کەتن/٢٠٢٠
رێکەفتی: ٢٠٢٠/٩/٢٠
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ ریبر حسنی یوسف
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٢/اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن برایتی ل سەر بەندێ ٢ ژ یاسا ژمارە ٦ یا سالا ٢٠٠٨ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/١١/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە /٤٦٣/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ١٠/٥/ ٢٠٢٠
ب/ راگەهاندن
بو / داوالیکراو : سلامە عبدالقادر محمد
ل دیف داخوازیا داواکار (هشیار عمر مصطفی) وکێشا ژمارە (٤٦٣/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (٢٠٢٠/٨/٢٩) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن (دەلال) ژمارە (٣٢١٤) ل (٢٠٢٠/١٠/٤) و نقیسارا بەرێزاریێ تاخێ (بەرخودان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/١٠/١١) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١/خ/٢٠٢٠
رێکەوت/١٠/٥/٢٠٢٠
ئاگەهداری
ل دیڤ مادا (١٠٠) ژ یاسا جێ بەجێ کرنێ رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا مولکی ژمارە (١٩٣٥/١) کەرتی ٤ منصوریە) یا قەزدار (صالح عیسو عمر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت سەردانا بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە.
روونکرن :-
ژمارە و جۆ :- (١٩٣٥/١) کەرتی ٤ منصور یە)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە تیك تابقە
روبەر :- (٢٠٠ م٢)
٧٠٪ ژ بهایێ هاتیە دانان :- (٦٤٥٠٠٠٠٠) شیست وجوار ملیون وپینج سەد هزار دینارێ عیراقی دێهێتە فروتن بە ریکا سەر تیك زێدەکرنا ئاشکرا .
جێ بەجێ کاری داد / هاریڤان ایوب عبدالله
* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Contract Administrator- 12 months fixed term
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
Day-to-day liaison between drilling and supply chain to ensure all services & materials required are covered by contracts and reflected in DNO's ERP system (EPICOR). Provide cost tracking & reporting

To read more details on the responsibilities of this job, please visit our website


Required Qualifications & Experience:
- Min. high school certificate, preference for bachelor's in finance & accounting
- Computer proficiency
- Working experience with an ERP system
- Minimum 10 years office administration working experience, preferably in oil & gas environment
- Administration & Finance
- Understanding of contracting & procurement activities

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (D.I.L TECHNOLOGY) بۆ / بازرگانی گشتی و دامەزراندن و کارپێکردنی کەل و پەلی گەیاندن/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (D.I.L TECHNOLOGY) بۆ کۆمپانیای (دڵی تکنولوجیا)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

سیاسەتی مام رۆستەمی بۆ مەرامی گەندەلی




فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا

هەیە! دیارە مامی مامان مام رۆستەم گلاسێك عارەقی پێدەدات ئەویش زۆر تینوو دەبێت بەبێ دوودلی و تامکردن و بیرکردنەوە قوومی لێدەداو دەخواتەوە تامی عارەقیش نازانێ بەلام دەزانێ شتێکی غەریبی خواردەوە ناشزانی چیە! هەرهێندە دەلێت بەرلەوەی سەرخۆش بێت دەلێت کورە وەلا وەلا چاوەکانم سوربینەوە لاقم تێك بئالاێ ئەتانکوژم! ئەوانیش دەلێن شتی وا نیە خالە گیان بروا بکە شەربەت بوو دامان بە تو کە خالی بەستەزمان دوردەکەوێتەوە ئەم تکە فرۆشە سەختەچیانە بەپەلە رادەکەن و هەلدێن و شوێنەکە بە جێ دێلن. ئەوە یەکێك لە نوکتەکانیان نوکتەکی تری ئەم مام رۆستەمە لە ناوەراستی نەوەتەکان دەبێتە شوفێر لەلای ئاموزایەکی خۆی کە ئاموزاکەی پیاوێکی ناسراو و بە شەخصیەتە مالی لە گوندێکی ناوچەی بادینانە دیارە مام رۆستەمیش ناتوانێ بە ئاشکرا ئارەق بخواتەوە لەلای ئەو لەناو گوندەکە بۆیە هەرکاتێك بیویستبا عارەق ببات بۆ ناوگوند دەبا بیشارێتەوە و بتلی عارەق نیشان نەدات, دیارە رۆژێك لە رۆژان مام رۆستەم دەبەیەکی (٥) لیتری بەنزینی لە دەست دەبێت لە شارۆچکەی خەبات لەوبەری جادە دەپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر یەکێك لە خزمەکانی دەیبینێ دەڵێ ئەوە چیە رۆستەم ئەو دەبەیە؟ رۆستەم دەڵێت نایبینی دەبەی بەنزینە پرسیاری دەوێ؟ خزمەکەش دەڵێ بەڵێ دەزانم بەنزینە بەس عەیب ناکەن خۆت و ئاموزات حالتان باشە و دەوڵەمەندن کەچی بە دەبە بەنزین دەکرن, رۆستەمیش دەڵێ وەلا چی بڵێم ئەوە وایە چی بکەین! کە خزمەکەی تێدەپەڕی دەڵێ بەخوای گێلە من عارەق لە دەبەی بەنزین دەکەم لە ترسی ئاموزام و خەلکی گوند, بۆخۆم دەیبەمەوە و دەیشارمەوە ئەوەش هەندە بێ عەقلە دەڵێ عەیبە بەنزین بە دەبە دەکرن! دەی با هەروا تێبگات وا باشترە تا ئیرە بابەس بێت بچینە ناو مەبەست و مەرامی بابەتەکەمان.

رۆژ هات رۆژ چوو تکە و ئاقارەتی پشت عەنکاوە وە ئارەقی ناو دەبەی بەنزین دیارە ئیدیاعی تێدا کراو لە دەستی مام رۆستەمی دلساف دەرچوو کەوتە دەست گەندەلکاران و شارەزایانی گەوەرو باندە دزەکان بەڵێ ئەوانیش هەروەك مام رۆستەمیان کرد بەلام بە شێوازی ترا! لەم چەند ساڵانە باندێك دروست بوونە لە کوردستان لە گەندەلکاران بۆ دزی و خۆ دەولەمەندکردن و تەجاوز بیرۆکەی سەیریان (ئیبداع) کردووە وە لەوەتەری حەساس دەدەن کە گەمە بە عاتیفەی خەلکی فەقیر و هەژار و خواناس دەکەن بۆ نموونە لەم چەند ساڵە چەندین جار گوێبیست بوومە ناوە بە ناوە دەگووترێ پیاوێکی خێرخواز لە فلان شوێن دەیەوێ مزگەوتێك دروست بکات بەلام فلان بەریوەبەر لە فلان شوێن رێگای پێ ناداو رازی نیە! کە ئەمەش یەکسەر خەلکی موسلمان و هەژار تورەدەکات!! یان فلانە خێرخواز دەیەوێت نەخۆشخانەیەك دروست بکات بەلام لە فلان شوێن فلانەکەس رازی نیە یان فلانە کەس دەیەوێت قوتابخانەیەك دروست بکات بەلام بە داخەوە حکومەت رازی نەبوو, بە راستی ئەمانە هەمووی بووە بەهۆی وروژاندنی ناخی خەلکی ئاین پەرست و هەژار وە هەندێك لە رۆشنبیر و کەسانی نیشتیمان پەروەر دلساف و بێ ئاگا. کەچی لە واقعدا ئەسل و ئاساسی نیە بەلکو شێوازێکە لە شێوازی گەندەلی و بازرگانیکردن بە سەرەوەت و سامانی میللەت و ئەنجامدەری ئەوکارە دەیەوێت بەهۆی مزگەوتێك یان نەخۆشخانەیەك یان قوتابخانەیەك پارچە زەویەك داگیربکات ئەوەی تر بکات بە خانوو یان بیکەن بە پارچە (قگعە)ی بچوك بە ناوی نیشتەجێ و بازرگانی بیفرۆشن بەڵێ بەر لە چەندسال براوەرێکم پێی گووتم فلانی کوری فلان کە خزمی تۆیە لە سنوری کەسنەزان لێ ناگەرێت چەند خێرخوازێك مزگەوتێك دروستبکەن ئەمە کارێکی زۆر خراپە دژی ئاینە حەق نیە ئێوە ئەم کارە بکەن ئەم براوەرەشم بەرپرسەو کورێکی باش و خاوێنە و مرۆڤ بروای پێدەکات کە لە دلسۆزی خۆی وادەڵێ منیش هیچ وەلامم نەبوو دوایی کە پرسیارم کرد دەرچوو ئەو مزگەوتەی کە داوا دەکرێت دروستبکرێت لە دوری کەسنەزان بوو بە دەیان کیلومەتر لەناو زەویەکی کشتوکالی بێ رێگاو بان و دورە دەست و دورەشار!! کە پرسیارم کرد لە مەبەستی ئەم کارە کاکی بەرپرس بۆمی باسکرد گووتی برام ئەوانە دەیانەوێت بەناوی دروستکردنی مزگەوت (٢٠٠ تا ٣٠٠) قەتعە زەوی بفرۆشن ئەوانە بازرگانن نەك خێرخواز وە ئەگەر خێرخوازن من لە ناو ئاوەدانی شوێنیان پێدەدەم مەمنونم و هاوکاریشیان دەکەم گەر راست بکەن. بەلام ئەمە درۆیە راست نیە ئەمرۆ مزگەوت دەکەن لە دووری دەیان کیلومەتر لە ئاوەدانی بەیانی زەوی ناوچەکە هەموو دەفرۆشن بە ناوی خانوو و نیشتەجێبوون بە هەژاران و کەمدەرامەتەکان.

بەڵێ ئیستا ئەم کارە باوە و بووە بە جۆرێك لە بازرگانی گەندەلکاران جا رۆژێك بە ناوی مزگەوت و رۆژێك نەخۆشخانە و رۆژێك قوتابخانە. کەچی بۆ بازرگانیە بەڵێ ئەوانە وەك مام رۆستەم دەکەن تکە لە ئاقار دەفرۆشن بەلام ئارەقی لەپەنا دەخۆن بەڵێ ئارەقی بەناوی شەربەتی سارد دەدەن بە خەلکی بێ ئاگاو فەقیر بەڵێ ئارەق لەناو دەبەی دەکەن لە پەنای بەنزین دەیبەنە ناو ئاوەدانی بەڵێ ئەوانەش کاری مام رۆستەم دەکەن بەلام نەك بە دڵی ساف و بە هەوای مام رۆستەم بەڵکو بە بەرنامەی داڕێژراو گلاو پیس و دزی و جەردەیی و فریودانی خەلکی هەژار و ئەهلی تەقوا و خواناسی بە مەبەستی بازرگانی کرد بە ئاین وە یاریکردن بە سۆز و عەقلی هەژاران و بێ ئاگایان لە پیسی و مەبەستە گلاویەکانی گەندەلکاران بەڵێ مام رۆستەم زۆر شەریفترە بەخۆی بە مەشروبەکەی لەو جۆرە کەسانە چونکە ئارەق دەخواتەوەو زەردەی خۆیەتی وە شوێنەکەش داگیرناکات بەلام ئەم دزانە لە پەنای مالی خواو پروپاگەندەی خێرخوازی دزی دەکەن بەڵێ گەندەلی ئیستاش هەیەو هەرماوە و شێوازی زۆرن و جۆراوجۆرن بنبرکردنی ئەستەمە چونکە عەقلیەتەکان زۆربەی زۆری ژێرگاوی بوونە و بۆیە گەندەلن بواشیان پێی هەیە بەڵێ تا عەقلیەتی گەندەلی لەناو ناخ و دلی کۆمەلگا لەناو نەبەین سودی نیە سنور بگرین یان نەگرین شەریش بکەین یان نەکەین لە گەل گەندەلکاران مەحال بتوانین لەناویان ببەین لەبەر ئەوەی عەقلیەتەکانیش گەندەل بوونە بەر لە جەستە و ئامرازەکان بۆیە دەبێ لە گەندەلی تێبگەین نەك باسی گەندەلی بکەین خۆشمان لەناو گەندەلی بین و درکی پێ نەکەین بۆیە دەبێ لەبەردەرگاو لە بن پێی خۆمان دەست پێبکەین نەك هەر هاواری بۆ بکەین و زۆر باسی بکەین تەنها بۆ ئەوەی باسی بکەین وەك ئاگروچال نابێت بەسەریدا پازبدین چونکە گەر بە سەر یەکێکیاندا پازدا وەك ڤایرۆسی کۆرونا دەرئەنجام ناتوانین لەناوی ببەین عیلاجی هیچیان بکەین.

• ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ك)



شۆڕشی ئەیلوول لە دیدی ڕۆژنامەگەریی میسر

لە کۆتایی مانگی ئەیلوول و بەبۆنەی ٥٩ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز، لە قاهیرە پەرتووکێکی دوکیومێنتاری لە ئامادەکردنی شارەزا لە بواری دۆزی کورد دکتۆر مەحمود زاید مامۆستای مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی ئەزهەری میسری کەوتە بەردیدی خوێندەواران، ٩٦ لاپەرە لە خۆ دەگرێت لەو هەواڵانەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەو کاتەدا بڵاویان کردۆتەوە، سەبارەت بەشۆڕشی ئەیلوول، هەروەها نووسەر ئامارەی بە هەندێ سەرچاوەی دیکەکردووە، لە نووسینی هەندێ نووسەر و کەسایەتی.

لەو دوکیومێنتاریە ئامارە بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز و هۆکارەکانی دراوە، کە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بڵاویان کردۆتەوە.

لە چەند لاپەڕەیەک باس لە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر دەکات لەسەر دەمی عبدالکریم قاسم، هەروەها ئامارە بە دانوستانی نێوان هەردوو لا حکوومەتەکانی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول دەکات.

هەڵبەتە هەندێ بابەت بڵاوکراوەتەوە کە دیدی ڕۆژنامەنووسەکە تێڕوانینی بۆ کراوە، کە زانیاری دروستی لا نەبووە.

د مەحمود زاید چەندین پەرتووکی لەسەر کورد بڵاو کردۆتەوە

١ – دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ و پلانی ڕۆژئاوا بۆ لەباربردنی

٢- چالاکییەکانی کورد لە میسر لە ماوەی نیوەی سەدەی بیستەم

٣-هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی میسری لە قەڵاچۆکردنی کورد لە لایەن سەددام حوسین، ڕۆژنامەی ئەلئەهرام وەک نموونە

٤-کورد لە میسر لە لە میانەی چەرخەکان

٥- چاپخانەی کوردستان یەکەم وێستگەی بڵاوکردنەوەی کوردی لە خاکی کەنانەی میسر

٦- پێشبرکێ لەسەر وەراقی کورد لە ئەزهەری شەریف

٧- دوریە عەونی مێژوو و ژیان

ئەرمەنی تیەی تۆ، خۆش هاتی بانە چاو



کاروان کەریم خان

لەمێژ بوو لە ناو کۆی هەڤاڵان باس لەوە دەکرا کە پێویستە پەیوەندیی نێوان کوردستان و ئەرمەنستان پتەو بکرێت و پەیوەندییە کەلتوورییە کۆنەکانی نێوانمان بە بەرگی سیاسی نوێ بکرێتەوە و کورد کەلک لە ئەزموونی سەرکەوتن و دەوڵەتداری و خۆپاراستن و سیاسەتی ئابووری و فەرهەنگیی ئەم وڵاتە وەربگرێت، چونکە ئەرمینیا تاکە وڵاتە کە لە ڕووی جوگرافیایی و کۆمەڵگا و مێژوو و تەنانەت دوژمنەکانیشی وێکچوونی زۆری لەگەڵ دۆخی کوردستان هەیە، بۆیە پێویست بوو هەر زوو سەرنجی ئێمە بۆ ئەوان ڕاکێشرابا و ئەگەر لە بەر هەر هۆیەک پەیوەندیی کونسوڵییش لە نێواناندا نەکرێت پێویست بوو هاتووچۆی سەران و خەڵکی ئاساییش بۆ ئەم وڵاتە زۆرتر هەبا. یەکێک لەو کارانەی کە بەدڵ ئێمەی گەشاندەوە هەواڵی کردنەوەی کۆنسوڵی ئەرمەنستانە لە هەولێری پایتەخت.

پێم وایە وەک یەکەم کاری پێویست و سەرەکی واباشترە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گۆڕینەوەی فەرهەنگی، بناغەی ئەم پەیوەندییە دابڕێژێت و هەوڵ بدات ئەرمەنییەکان لە ڕووداوەکانی ڕابردوو تێبگەیێنێت و پێیان بڵێت کە نوخبە و کۆمەڵگای ناسیۆنالیستیی کوردستان جیاوازە لە گەڵ ئەوانەی بوونە کرێگرتە و جاشی دوژمنانی کورد و تەنانەت لەگەڵ کورد نەتەوەویستەکانیش کەوتنە جەنگ. هەروەها پێویستە ئەرمەنییەکان ئەوە بزانن کە دوای هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ئێستا لاوگەلێک هەن کە کاڵای مارکی ئەرمینیایی دەکرن.

پێویستە ڕوناکبیرانی ئەرمەنی ئەوە بزانن کە هەر لە کۆنەوە بەشێکی ئەدەبیاتی کوردی بە ناو جوانێکی ئەرمەنی ڕازاوەتەوە و ئەدەبیاتی کوردی مەدیونی ئەرمەنیەکە. بەش بە حاڵی خۆم خۆشحاڵم کە پێشتریش بۆ هەندێک شتی وەک پەیکەری ئەنفال و هەندێ نامەی تایبەتی بۆ جەنابی پارێزگار نموونەم بە ژیریاریی نوخبە ئەرمەنییەکان هێناوەتەوە. هیوادارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە وردی سەرنج بداتە کار و چالاکیی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی وڵاتی ئەرمەنستان و چۆنیەتی پێشکەوتنیان.

لێرەدا وەک کارێکی فەرهەنگی و هەروەها بۆ دەربڕینی هەستی گەشم شیعرێکی کوردی زاراوەی کەلهۆڕیی شاعیر پەرتەوی کرماشانی پێشکەش بە ئەدیبانی ئەرمەنستان دەکەم.

ئاوارەگەی بێچارەگەی بێ خانمانم ئەرمەنی مالد نیەزانم ها لە کوو ڕوح و ڕەوانم ئەرمەنی ترسم وەگەردم تانە کەی بیوشی بچوو دەر وانە کەی ئمجا م دی دیوانەگەی ئاگر وە گیانم ئەرمەنی تو بەو موسلمانی بکە، لەی گەورە مهمانی بکە هەر چی کە خودە زانی بکە، م ناتوانم ئەرمەنی بیخود ئەرا ترسی خوەمم قورسە دەمم خاتر جەمم مانگە شەوە سایەی خوەمە ها شان وەشانم ئەرمەنی نووش ئەوقرە چشتی نیە دەر وا کە بارم کەفتیە هەر یەی چکەی نەزری بکە تەر بوو زوانم ئەرمەنی ئەر یەی کەسی لە دژمنی پرسی یە لە کووڕە سەنی وە گیان هەر چی کافرە ئیوشم نیەزانم ئەرمەنی پشتم لە بار دەرد و خەم شکیا نیەزانم چووە بکەم دەردم یەسە لە ماڵ خوەم بێ خانمانم ئەرمەنی ڕۆژ و شەوم جوور یەکە دەر وا کە مایووسم مەکە ئاخە وە ناشەر تازە م جیال جوانم ئەرمەنی دەر واکە زیوتر «پەرتەوە» مهمانەگەی ئاخر شەوە یەی شیشە لەو بەد مەسەوە پرکە بزانم ئەرمەنی





ڕاپۆرت: ڕەوەند محەمەد جەمیل

قەرەباخ ... بۆمبە چێنراوەکەی ستالین!

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شەڕی ئەمجارەی نێوان ئازەربێجان و ئەرمێنیا ،کوردەکان دیسان وەك بەشێك لە شەڕکەرەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە یاخود ئەم دوو نەتەوەیە بەشداربوونەوە، ڕەنگە قسەی تۆڕەرە کوردەکانی ئازەربێجان و ئەرمێنیا ڕاست بێت کە دەڵێن ئەمە شەڕی براکوژییە! لەبەر ئەوەی کوردەکان لە هەردوو وڵاتدا دەژین و زۆرینەی کوردانی ئازەربێجان کوردانی شیعەن، زۆرینەی کوردانی ئەرمێنیاش کوردانی ئێزیدین.

کێشە لەوەدایە زۆرێك لە کوردەکان لە هەموو جیهان پشتگیرییەکی کوێرانەیان بۆ ئەرمێنیا هەیە! لەبەرئەوەی ڕەنگە نەزانن (ئیلهام عەلییێف)ی سەرۆکی ئازەربێجان ڕەچەلەکی کوردە، تەنانەت سەرجەم دەزگا هەستیارەکانی وەکو ئاسایش و هەواڵگەری و بەرێوەبردنی سووپا و کایەکانی ئابووری وڵاتی ئازەربێجان هەموویان بە دەستی کوردەوەن، بەڵکو ئەوە بۆ سێیەم جارە (ئیلهام عەلییێف) بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرێتەوە، لەبەرئەوەی بە دەستێکی پۆڵایین خۆی و لایەنگرانی دەستیان بەسەر هەموو شتێکی ئەو وڵاتەدا گرتووە، جگە لەمەش باوکی سەرۆکی ئێستای ئازەربێجان (حەیدەر عەلییێف) کە سەرۆکی پێشوتری ئازەربێجان بووە لەلایەن ئازەرییەکان بە باوکی ڕوحی دادەنرێت! ئەمە بەپێچەوانەی ئەرمێنیا کە کوردەکان وەك بەکرێگیراو بەکاردەهێنێ لە جەنگەکانی.. جەنگی ئەمجارە و هەموجارێ لەنێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەر قەرەباغ بووە و گۆڕەپانی جەنگەکەش هەر قەرەباغە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانرێت کە کێشەکە چییە و چۆن دڕووست بووە؟



ناگۆرنی قەرەباغ (ئارتساخ)، هەرێمێکی شاخاوییە لە باشووری قەوقازە. ئازەرییەکان پێی دەڵێن (ناگۆرنی قەرەباغ) ئەمەش واتە شاخەکانی باغی ڕەش، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئازەرییەکان پێی دەڵێن (قەرەباغی سەروو) ئەرمەنییەکانیش پێی دەڵێن (ئارتساخ) واتە دارستانی خواوەندی ئارا. قەرەباغ لەنێو سنووری خاکی ئازەربێجانە و ڕووبەرەکەشی ٤,٨٠٠ کیلۆمەتر دووجا و ٢٧٠ کیلۆمەتر ئێستا ڕێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ١٤٥هەزارن و زۆرینەشیان ئەرمەنین، بەر لە ململانێ لەسەر ئەم هەرێمە لە ساڵی ١٩٩٢ ئەرمەنەکان لەشاری (ستیپاناکریت) دەژیان و ئەزەرییەکانیش لە (شوشا)ی پایتەخت بوون، ئەمە واتە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت.قەرەباغ خۆی بە وڵاتێکی کۆماری سەربەخۆیی دادەنێت، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا نەنراوە.لە کۆنەوە کێشەی قەرەباغ لەنێوان ئازەرییەکان و ئەرمەنەکان هەبووە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنە، سەرەتای دروستبوونی ململانێکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، واتە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوکاتەی (جۆزیف ستالین) بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دووبەرەکی خستە نێوان نەتەوە و کۆمەڵگا جیاوازەکان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتداریی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٣ بە زۆرەملێ کەمینەی ئەرمەنییەکانی قەرەباغی کۆچ پێکرد بۆ ناو سنووری ئازەربێجان، بە شێوەیەك کە دەورووبەریان هەمووی دانیشتوانی ئازەربن، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکە ئەرمەنییەکە حەزیان دەکرد بخرێنە سەر ئەرمێنیا، بەڵام لە بەرامبەریشدا کەمینەی ئازەرییەکانی لە ڕۆژئاوای (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربێجانەوە دوورە. هەرێمی قەرەباغ هەرێمێکی هەژارە لە ڕووی داهاتی ئابوورییەوە و تەنیا پشتی بەستووە بە کشتوکاڵکردنی وەکو دانەوێڵە و پەمۆ و تووتن، لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵداری.قەرەباغ لە ڕووی مێژووییەوە گۆڕەپانی چەندین جەنگ بووە لەنێوان ئیمپراتۆرییەکانی ڕووسی و عوسمانلی و فارسی، بەمەش دیمۆگرافیای دانیشتوانەکەی چەندین جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئێستا ڕێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ١٤٥هەزارن و زۆرینەشیان ئەرمەنین، بەر لە ململانێ لەسەر ئەم هەرێمە لە ساڵی ١٩٩٢ ئەرمەنەکان لەشاری (ستیپاناکریت) دەژیان و ئەزەرییەکانیش لە (شوشا)ی پایتەخت بوون، ئەمە واتە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت.قەرەباغ خۆی بە وڵاتێکی کۆماری سەربەخۆیی دادەنێت، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا نەنراوە.لە کۆنەوە کێشەی قەرەباغ لەنێوان ئازەرییەکان و ئەرمەنەکان هەبووە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنە، سەرەتای دروستبوونی ململانێکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، واتە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوکاتەی (جۆزیف ستالین) بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دووبەرەکی خستە نێوان نەتەوە و کۆمەڵگا جیاوازەکان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتداریی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٣ بە زۆرەملێ کەمینەی ئەرمەنییەکانی قەرەباغی کۆچ پێکرد بۆ ناو سنووری ئازەربێجان، بە شێوەیەك کە دەورووبەریان هەمووی دانیشتوانی ئازەربن، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکە ئەرمەنییەکە حەزیان دەکرد بخرێنە سەر ئەرمێنیا، بەڵام لە بەرامبەریشدا کەمینەی ئازەرییەکانی (ناختیشیڤان)یش دەورە بدرێن لەنێو کۆماری ئەرمێنیا، سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ئۆتۆنۆمیان لەناو کۆماری ئازەربێجان بەخشییە قەرەباغ، کە ئەمەش وەکو بۆمبێکی ئامادەکراو دادەنرێت!

بەم شێوەیە سیاسەتی سەرکوتکردنی سۆڤیەت بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجومەنی سۆڤیەتی قەرەباغ داوای لە مۆسکۆ کرد قەرەباغ بخرێتە سەر ئەرمێنیا، لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی ئازەربێجان دژی ئەم داوایەی ئەرمەنییەکان وەستانەوە و پاشان بەهۆیەوە شەڕی ناوەخۆیی سەری هەڵدا و بووە هۆی کوشتن و برینداربوون و ئاوارەبوونی هەردوولا، بەڵام شەڕەکە زیاتر پەرەی سەند ئەو کاتەی ئەنجومەنی سۆڤیەتی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٨٩ بڕیاری دا هەرێمی قەرەباغ بخاتە سەر کۆماری ئەرمێنیا. پاش لێکترازانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، جوداخوازانی هەرێمی قەرەباغ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ ئەمجارە جارێ سەربەخۆیان دا، لە بەرامبەریشدا ئەرمێنیا بە توانای مرۆیی و چەك پشتگیری کردن، بەڵکو زیاتریش لەمە سوپای ئەرمێنیا چووە ناو سنووری ئازەربێجان و سنووری قەرەباغی داگیرکرد، بە شێوەیەك کە خاکی شەش ناوچەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری قەرەباغ داگیر کرد، بە شێوەیەکی گشتی تا ساڵی ١٩٩٣ لە ٢٠٪ ی خاکەکەی داگیرکرد، بۆیە لە ئەنجامدا سەدان هەزار لە دانیشتوانە ئازەرییەکەی قەرەباغ لە ترسی سوپای داگیرکاری ئەرمەنییەکان ڕایانکرد و لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ کران، کە زۆرینەیان لە دەوروبەری باکۆی پایتەختی ئازەربێجانن.ڕووسەکان بە هەموو شێوەیەك پشتگیری ئەرمێنیایان کرد بۆیە سەرکەوتنەکەی ئەرمێنیا تا ئاستێك ئاسان بوو لە جەنگەکە! لە ساڵی ١٩٩٤یش سەرجەم لایەنەکان ڕێککەوتن بە ڕاگرتنی چەنگ و دانووستان لەسەر مێزی گفتوگۆ، ئەمەش بۆ ئەوەی چیتر خوین نەڕژێ.. ناوبژیوانانی سەرەکی دانووستانەکەش یەکێتی ئەورووپا بوو، کە فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕووسیای ڕاسپارد تا سەرپەرشتی لایەنە ناکۆکەکان بکەن بۆ کۆبوونەوە لە (مینسك)ی پایتەختی بیلارووسیا. لەم جەنگەی ئەمجارەش وەك هەموو جارێ تورکیا پشتگیری ئازەربێجان دەکات، لە بەرامبەریشدا ڕووسیا پشتگیری ئەرمێنیا دەکات. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەمجارەیان ئیسرائیلیش بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتگیری لە ئازەربێجان دەکات.



کێ ئاشووبی قەرەباخی زیندوو کردەوە؟



ئەمەل عەبدولعەزیز ئەلهەزانی

بەگژیەکداچوونی ماوە ماوە لە ناوچەی جێناکۆك، بۆ تۆمارکردنی هەڵوێست، پارسەنگکردنەوەی هاوسەنگی هێزەکان و ناردنی ئاماژە بۆ لایەنەکەی دیکە جار جارە ڕوو دەدات. دەکرێت ئەو شتە قبوڵ بکرێت، نەخاسمە، لەو ناوچانەی هێشتا بە دانپێنانی نێودەوڵەتی یەکلایی نەبوونەتەوە و ناسنامەیەکی سەربەخۆیان پێنەدراوە. بەڵام شتەکە جیاواز دەبێت، ئەگەر ئەو جۆرە کێشە گچکانە، ببێتە گۆڕەپانی ساغکردنەوەی ئەژمارەکانی وڵاتە زلهێزەکان، بەمەش کێشە بنەڕەتییەکە چارە نابێت، چونکە نابێتە ئامانج، بەڵکو دەبێتە قوربانیش. هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ، لەنێو ئەو زەویانەیە، کە هێشتا نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێنانەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە سەر دوو تیمە بەگژیەکداچووەکە، ئەرمینیا و ئازەربایجان. مێژوویەکی دڕێژیشی لەگەڵ ناکۆکییەکاندا هەیە، کە لەوانەیە باسکردنی گرنگ نەبێت، تەنیا ئەوە نەبێت، ئەو دوو وڵاتە لە وڵاتانی ناوچەی قەوقازن، ئەوەی ڕووسیا بە کلتووری جوگرافی خۆی دادەنێت لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەتدا. مۆسکۆ پێی وایە، ململانێیە لە چوارچێوەی هەژموونی ئەودا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، لەگەڵ فەرەنسا و ئەمریکا، ڕۆڵیان لەوەدا هەبوو، پاڵ بە هەردوو لا وەنێن، پەیاننامەیەك بۆ چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەکە واژوو بکەن، ئەویش لە میانی پێکهێنانی گرووپی (مینسك)ی سەر بە ڕێکخراوی هاریکاری و ئاسایش لە ئەورووپادا. ئەو شتەی ئێستا تازەیە، دەستوەردانی لە ناکاوی تورکیایە! کە چەپکێك پرسیاری ڕووژاندووە. تورکیا، ستراتیژیەتی کردنەوەی فرە بەرەی گرتووەتە بەر، بۆ ئەمەش پێگەی جوگرافی خۆی بەکارهێناوە، لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشووردە، چەندین ئامانجی سیاسیی و ئابووریشی هەیە. تورکیا بۆ وزە چووە نێو لیبیا، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیووە بچێتە نێو شاری سرتی پرنەوت، تەنیا بە بەگرخستنی هاوبەشەکانی لەو بەندەرانە وەستاوە، کە حکومەتی نا شەرعی دەستی بەسەردا گرتوون. لە قوبرس، کەشتییە گەڕۆکەکانی تورکیا، دوای چەندین مانگ لە خۆ تێهەڵقوورتین، نەیانتوانی لە پرۆسەی گەڕان بەدوای غازدا بەردەوام بن، چونکە واشنتن، دووری خستەوە و شوێنەکەی ئەوی گرتەوە. کارتی پەنابەران، کە پێیەوە هەڕەشە لە ئەورووپا دەکات، هیچ سوودێکی نەبووە، چونکە یەکیەتی ئەورووپا، لە پاراستنی سنووەرکانیدا، پشتیوانی لە یۆنان دەکات، کە پاشان هەڵوێستی نێودەوڵەتیشی بەدەوادا هات. لە باکوری سووریا، تورکیا نەیتوانی پشتی کورد لە زەوی بدات و پەیوەندیشی لەگەڵ واشنتن پیس بکات، کە واشنتن بۆ بەدواداچوون و دەرکردنی ڕێکخراوی داعش پشتی پێ دەبەستێت. بێجگە لەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو هەموو دەست دڕێژییەی تورکیاش، هێشتا یەکگرتوون و حکومەتی عێراقیش، دەستی بە هەڕەشەکردن بە هەڵکشانی هێرشەکانی تورکیا لەسەر بەرەی گرتووەتە بەر، بۆ ئەمەش پێگەی جوگرافی خۆی بەکارهێناوە، لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشووردە، چەندین ئامانجی سیاسیی و ئابووریشی هەیە. تورکیا بۆ وزە چووە نێو لیبیا، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیووە بچێتە نێو شاری سرتی پرنەوت، تەنیا بە بەگرخستنی هاوبەشەکانی لەو بەندەرانە وەستاوە، کە حکومەتی نا شەرعی دەستی بەسەردا گرتوون. لە قوبرس، کەشتییە گەڕۆکەکانی تورکیا، دوای چەندین مانگ لە خۆ تێهەڵقوورتین، نەیانتوانی لە پرۆسەی گەڕان بەدوای غازدا بەردەوام بن، چونکە واشنتن، دووری خستەوە و شوێنەکەی ئەوی گرتەوە. کارتی پەنابەران، کە پێیەوە هەڕەشە لە ئەورووپا دەکات، هیچ سوودێکی نەبووە، چونکە یەکیەتی ئەورووپا، لە پاراستنی سنووەرکانیدا، پشتیوانی لە یۆنان دەکات، کە پاشان هەڵوێستی نێودەوڵەتیشی بەدەوادا هات. لە باکوری سووریا، تورکیا نەیتوانی پشتی کورد لە زەوی بدات و پەیوەندیشی لەگەڵ واشنتن پیس بکات، کە واشنتن بۆ بەدواداچوون و دەرکردنی ڕێکخراوی داعش پشتی پێ دەبەستێت. بێجگە لەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو هەموو دەست دڕێژییەی تورکیاش، هێشتا یەکگرتوون و حکومەتی عێراقیش، دەستی بە هەڕەشەکردن بە هەڵکشانی هێرشەکانی تورکیا لەسەر بەرەی گرتووەتە بەر، بۆ ئەمەش پێگەی جوگرافی خۆی بەکارهێناوە، لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشووردە، چەندین ئامانجی سیاسیی و ئابووریشی هەیە. تورکیا بۆ وزە چووە نێو لیبیا، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیووە بچێتە نێو شاری سرتی پرنەوت، تەنیا بە بەگرخستنی هاوبەشەکانی لەو بەندەرانە وەستاوە، کە حکومەتی نا شەرعی دەستی بەسەردا گرتوون. لە قوبرس، کەشتییە گەڕۆکەکانی تورکیا، دوای چەندین مانگ لە خۆ تێهەڵقوورتین، نەیانتوانی لە پرۆسەی گەڕان بەدوای غازدا بەردەوام بن، چونکە واشنتن، دووری خستەوە و شوێنەکەی ئەوی گرتەوە. کارتی پەنابەران، کە پێیەوە هەڕەشە لە ئەورووپا دەکات، هیچ سوودێکی نەبووە، چونکە یەکیەتی ئەورووپا، لە پاراستنی سنووەرکانیدا، پشتیوانی لە یۆنان دەکات، کە پاشان هەڵوێستی نێودەوڵەتیشی بەدەوادا هات. لە باکوری سووریا، تورکیا نەیتوانی پشتی کورد لە زەوی بدات و پەیوەندیشی لەگەڵ واشنتن پیس بکات، کە واشنتن بۆ بەدواداچوون و دەرکردنی ڕێکخراوی داعش پشتی پێ دەبەستێت. بێجگە لەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو هەموو دەست دڕێژییەی تورکیاش، هێشتا یەکگرتوون و حکومەتی عێراقیش، دەستی بە هەڕەشەکردن بە هەڵکشانی هێرشەکانی تورکیا لەسەر



ئاستی نێودەوڵەتی کردووە. هەموو ئەو ڕۆژەڤانە، ڕووبەڕووی ئەنکەرە دەبنەوە و ناتوانێت خۆی لێبیان دەربازبکات، کەواتە لەبەرچی ئەمڕۆکە دەیەوێت بەهێزی سەربازییەوە، خۆی بخاتە نێو قوڕێکی تازەوە؟ تورکیا دەیەوێت ببێتە ژمارەیەکی گرنگ لە یاری نێودەوڵاتاندا، نەوەکو تەنیا لە سەپاندنی بوونی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، بەڵکو بە کردنەوەی فرە بەرەی هاوزەمان لەگەڵ ئەورووپی، عەرەب و ڕووسەکان، وەکو هێزی بە هەژموون لە ناوچەکانیاندا. عەرەب، ناڕەزاییان لە هەمبەر دەستوەردانی تورکیا لە لیبیا و هەوڵی لووشکردنی بەرهەمەکانی تۆمارکرد، ئەورووپییەکانیش، لە نزیکەوە چاودێری جوولەی یەکەکەکانی دەریاوانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن. ئامانجی ئەنکەرە لە هەموو ئەو شتانە، سەپاندنی بوونی سەربازیی تورکیایە، لە ڕێگەی دروستکردنی بنکەی سەربازیی لە هەموو قوژبنێکدا. بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، دەیکاتە دەوڵەتێکی خاوەن پێگە و لایەنێکی سەرەکی لەهەر دانوستانێك بۆ هەرپەك لەو ڕۆژەڤانەدا، وەکو هەر دەوڵەتێکی نێو گرووپی (مینسك)، لەتەك واشنتن، مۆسکۆ و پاریسدا. بۆ ئەمەش دوو فاکتەری گرنگ یارمەتی دەدەن، پارە کە لەلایەن قەتەری هاوپەیانییەوە پێی دەگات، یان خۆتێهەڵقوورتانی لە ناوچەی وزە لە دەریاکاندا، زێدەباری سوورییەکان، کە بە پارە ئەوانی کڕیووە، بۆ ئەوەی ببنە سەبازی ئەو لە جەنگەکاندا، واتە بووەتە هەشت پێ لەدەستی بیانییەکاندا. هەرێمی قەرەباخ، ڕووبەرێکی ئەرمینییە لەنێو خاکی ئازەبایجاندا، زۆربەی دانیشتووانی ئەرمەنین، ئەو نەتەوەیەی، دوای کەوتنی عەسابانییەکان لە یەکەم جەنگی جیهاندا، مافەکانیان پێشێل کرد و قەسابخانەیان دەرهەق ئەنجامدا، بەڵام نکۆڵی لێدەکات، هەرچەندە چەندین بەڵگە هەن و بەشێکی زۆری وڵاتانیش دانیان پێناوە. ئەو کێشەیەی لێرەدا ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە، ڕووسەکانن، نەوەکو لەبەرئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە پشتیوانی لە ئەرمینیا دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی بەشێکە لە ناوچەی قەوقاز، کە باڵی بەسەردا کێشاوە، بۆیە تورکیا ناتوانێت دوور بڕوات. لەلایەکی دیکەوە، هەرێمی ناخیچیڤانی ئازەربش، دەکەوێتە نێو خاکی ئەرمینیا، هەرچەندە خاوەن دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمیشە، کەچی ئازەرییەکان بەخاکی خۆیانی دادەنێن، لەبەرئەوەی هاوسنووری تورکیاشە، پێدەچێت ببێتە خاڵی چاودانەسەری سەربازیی تورکیا، بۆ پشتیوانیکردن لە ئازەربایجان، بەمەش جەنگی کردەیی، لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا نابێت، بەڵکو لە نێوان قەرەباخ و ناخیچیڤان دەبێت. گرنگترین پرسیار ئەوەیە، ڕووسیا لە هەمبەر پێشهاتەکانی ئەم دواییە چی دەکات؟ لام وایە ڕووسیا ئارام دەگرێت، بۆ ئەوەی بزانێت سەرۆکی تورکیا بەتەمای چییە. ئەردۆغانیش بە هێواشی پێشڕەوی دەکات، بۆ ئاگاڵێبوون لە هەر هەڵوێستێکی لە ناکاوی ڕووسیا، پێم وایە شتەکە دانوستانی لەسەر دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر ڕەوشی متبوونی، تورکیاش، هاوشێوەی هەموو ڕۆژهەڤانەکانی دیکە، بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.aawsat.com

مانشێت

دۆڕچە ڤیللە:

حکومەتی ئازەربایجان ئەرمینیای بە بۆردومانکردنی شاری کنجە تۆمەتبار کرد ، یەریڤانیش ڕەتی کردەوە کاری لەو جۆرەی ئەنجام دابێ.

ئینديپێندێنت:

پۆلیسی ئەڵمانیا ئەو کەسەی دەستگیر کرد کە لە شاری هامبۆرگ هێرشی کردبوە سەر کەسێکی جولەکە و بە سەختی بریندار کردبوو.

ئۆبزێرڤەر:

مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری دا لە ناردنی چەکداری بەکرێگیراو بۆ ئەو شەڕەی کە ئێستا لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بەرپا بووە.

سکای نیوز:

بۆ جاری دووەم سەرۆکوەزیرانی نیوزلەندا زاڵبوونی وڵاتەکەی بەسەر ڤایرۆسی کورۆنادا ڕاگەیاند.

یۆرۆ نیوز:

ئۆرسۆلا ڤۆن دیرلاینی سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا ڕایگەیاند دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسێك کە هەڵگری ڤایرۆسی کورۆنا بووە ، بڕیاری دا خۆی کەرەنتین بکات.

کەنالی نار تی:

لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێك بە کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی حاکمی ویلایەتی لوغان لە ئەفغانستان 5 کەس کوژران و 20 ی دیکە بریندار بوون.

بەکولتوورکردنی ڕێبەری گەشتیاری و گرنگی لە گەشتی گەشتیاراندا





1

ئارام دیلان*

میـژووی ڕێبـەری گەشـتیاری دەگەڕێتـەوە بـۆ تۆمـاس کۆکـی بەریتانـی خاوەنـی یەکـەم کۆمپانیـای گەشـتیاری بـە نـاوی Cocks tour لـە سـاڵی 1841 کـە بـۆ یەکـەم جـار گەشـتێکی بـۆ 540 گەشـتیار بـە شـەمەندەفەر ئامادەکـرد بـۆ دووری 15 کـم بـە خواردنـەوە بـە نرخـی تەنهـا 1 شـڵینگ کـە ئەمـڕۆ 20 شـڵینگ بەرامبـەر بـە1 پاونـدە.

ڕێبـەری گەشـتیاری ئەوکەسـەیە کـە ڕێنیشـاندەری تاکێـك یـان گروپێکـە لـەدەرەوە یـان نـاوەوەی وڵات بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو دەکات، بەتێچوویەکـی گونجـاو بـۆ نیشـاندانی شـوێنەوار و شـوێنە کولتـوری و ئاینـی و مێـژووی و کەلەپـووری، بـەو زمانـەی کـە داوای لێکـراوە. وەکـو هەمـوو پیشـەکانی تـر ڕێبـەری گەشـتیاریش ڕۆژێکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، کـە دەکەوێتـە 21-2 وە و هـەر سـاڵێك لـە وڵاتێکـدا لـە ڕێـگای فێدراسـیۆنی نێودەوڵەتـی ڕێبـەری گەشـتیاریەوە یـادی ئـەم ڕۆژە دەکرێتـەوە.

مەخابـن تـا ئێسـتاش ئـەم پیشـەیە لەگـەڵ ئـەو گرنگییـەی کـە هەیەتـی لـە کەرتـی گەشـتیاری، خـاوەن سـەندیکای خـۆی نییـە، ئەمـەش وای کـردوە کـە زۆرێـك لـە ڕێبـەری گەشـتیاری ئـەم پیشـەیە بـەکاری دووەمیـان دابنێیـن یـان وەکـو ئارەزویەکـی کاتـی کاری لەسـەر بکـەن. هەرچەنـدە ئەوانـەی کـە لـە وڵاتـە پـڕ گەشـتیارییەکان ڕێبـەری دەکـەن ئەوەیـان بـە لاوە گرنـگ نییـە و خۆیـان بەکارەکتەرێکـی سـەرەکی دادەنێـن لـە گەشـتەکاندا و گەشـتیار زۆربـەی گەشـتەکانی بـە ڕێبـەرەوە ئەنجـام دەدات، ئـەوەش لەبـەر چەنـد هۆیەکـە، لەوانـە:

•لەبـەر سـەرقاڵی گەشـتیار و کەمـی ئـارەزوو لـە خوێندنـەوەی زانیاریـیەکان لەسـەر شـوێنی مەبەسـت، لـە ڕێـگای ڕێبـەرەوە هەمـوو ئەوزانیاریانـە بـاس دەکرێـت.

•جـددی بـوونی ڕێبـەر و پێداگـری لـە وەرگرتنـی زانیـاری و زیاتـر مانـەوەی لـە هـزردا.

•دڵنیایـی لـە پێدانـی زانیـاری ڕاست و دروسـت و هەڵـی پرسـیارکردنی زیاتـر لەسـەر شـوێنەکە.

•دڵنیایـی و زیاتـر ئاسـودە بـوون، بەتایبـەت شـوێنە مەترسـیدارەکان کـە بـە ڕێبـەرەوە ئاسـودەتر و کەمـتر مەترسـیدار دەردەکەوێـت.

•دورکەوتنـەوە لـە کێشـە لاوەکییـەکان و لێـك تێنەگەیشـتن، بەبوونـی ڕێبـەر کێشـەکان دروسـت نابـن.

•دورکەوتنـەوە لـە ژەهـراوی بـوون بەخـواردن لـە گەشـتەکاندا.

•دوور کەوتنـەوە لـە فێـل و گـزی کـردن، کـە بەهـۆی بوونـی ڕێبـەری گەشـتیاری لـە گەشـتەکاندا ئەسـتەمە گەشـتیار فێڵـی لـێ بکریـت.

•زۆربـەی شـوێنەکان کراوەیـە بـۆ هەمـوو گەشـتیاران، بـەڵام هەندێـك شـوێن پێویسـتە ڕەزامەنـدی سـەردانی کردنـت هەبێـت، ئـەوەش تەنهـا ڕێبـەری گەشـتیاری دەتوانێـت ئـەو ڕەزامەندییـە وەربگرێـت.

•تێکـەڵاوی زیاتـر لەگـەڵ هاوڵاتـی ناوچـە و نزیکبونـەوەی زیاتـر لێیـان بەهـۆی شـارەزایی ڕێبـەری گەشـتیارییەوە.


•ڕێبـەری گەشـتیاری نمونـەی نوێنـەری وڵاتەکـەی و هەرێمەکـەی و شـوێنە گەشـتیارییەکەیەتی و زانیـاری تـەواوی هەیـە لەسـەر شـوێنی مەبەسـت لـەڕووی کولتـووری و مێـژووی و ئاینـی و جوگرافـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەوە، لـە هەمـان کاتـدا هەڵسـوکەوتی دانیشـتوانی جێـگای مەبەسـت دەخاتـە ڕوو بـۆ نەهێشـتنی لێکتێنەگەیشـتن لـە نێـوان گەشـتیار و دانیشـتوانی ناوچەکـە.

ماویەتی

ماموستای زانکۆ

خاوەن کۆمەڵگەیەکی گەشتیاری لە دەڤەری بارزان

بەهاتنی گەشتیاران کەلتوور و ژینگە پارێزی و مرۆڤ دۆستایەتی و بەرخودان و شۆڕەشگێڕی ناوچەکەمان بەگەشتیاران ئاشنا دەکەین



دیانە – مسلم دۆلەمەری

زۆربـەی ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان بـە هـۆی سروشـتی جـوان و کەشـوهەوای لەبـار چەندیـن شـوێنی گەشـتیاری دڵڕفێنـی لـێ هەڵکەوتـوە، دەڤـەری بارزانیـش کـە ناوچەیەکـی شـاخاوی و ژینگـە پارێزییـە، خـاوەن جوانـی تایبـەت و کەشـوهەوایەکی گەشـتیاری لەبـارە هەیـە، چەندیـن شـوێنی گەشـتیاری سروشـتی هەیـە، وەبەرهێنانـی گەشـتیاری لـە هەندێـك شـوێن کـراوە، بـەڵام ئەمسـاڵ لەبـەر ئاژاوەسـی کۆرۆنـا و نالەبـاری بـاری دارایـی و نەهاتنـی گەشـتیاران یـان کەمـی گەشـتیار بـۆ ئـەم دەڤـەرە نـاڕەزای خـاوەن شـوێنە گەشـتیارییەکانی لێکەوتۆتـەوە.

شـوان بارزانـی خاوەنـی کۆمەڵـگای گەشـتیاری بارزانـە سـەبارەت بـە کەمبوونـی گەشـتیاران و زیانەکانیـان بۆخەبـات دووای گوتـی:

مـاوەی شـەش سـاڵ زیاتـرە مـن خەریکـی ڕێکخسـتنی ئـەم پـڕۆژە گەشـتیارییەم لـە سـنوری ناحیـەی بـارزان، بەنـاوی کۆمەڵـگای گەشـتیاری بـارزان، ڕووبەرەکـەی زیاتـر لـە 5000 مەتـر دووجایـە، بـە شـێوەیەکی ئەندازیـاری و سـەرنج ڕاکێـش و گەشـتیاری بنیاتـم نـاوە، بەبـەردەوام هەوڵـی زیادکـردن و شـتی جوانـتر و سەرنجڕاکێشـی بـۆ دەدەم .


سەبارەت بەهاتنی گەشتیاران بۆ ئەم دەڤەرە لە ئێستادا گوتی :

ئێمـەی خـاوەن پـڕۆژەی گەشـتیاری بـە گشـتی لـەم دەڤـەرە دووای هاتنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا زۆر زەرەرمەنـد بووینـە، چونکـە دووای هاتنـی ئـەم ڤایرۆسـە ڕێـگا بەهاتنـی گەشـتیاری نـەدراوە، بەمـەش زیانێکـی زۆرمـان بەرکەوتـوە، بۆیـە داواکارم لـە لایەنـی پەیوەنـدار ڕێـگا بـدەن گەشـتیاران سـەردانمان بکـەن بـۆ ئـەوەی بـازاڕی ئێمـەش بکەوێتـەوە کار، وەکـو هەمـوو شـوێنە گەشـتیارییەکانی تـر لەژێـر ڕێنەمـای تەندروسـتی و خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کار بکەیـن.

لـەڕووی هـاوکاری لایەنـی پەیوەنـدار بـۆ ئـەم کەسـانەی وەبەرهێنـان دەکـەن لەبـواری گەشـتیاری گوتـی: بەداخـەوە تاکـو ئێسـتا وەکـو پێویسـت هـاوکاری منیـان نەکـردووە بـۆ ئـەوەی زیاتـر خزمـەت بەبـواری گەشـتیاری بکـەم، لـەزۆر ڕووەوە کەموکـوری هەیـە، بـۆ نمونـە کێشـەی کارەبـا و ڕێگاوبانمـان بـۆ شـوێنە گەشـتیارییەکان هەیـە، بۆیـە پێویسـتە هاوکاریـمان بکـەن بـە تایبەتـی لـەڕووی کارەبـا و ڕێگاوبانـەوە .

لەکۆتایـدا گوتـی: داواکارم لـە لایەنـی پەیوەنـدار هاوکارمـان بـن بـۆ ڕاکێشـانی گەشـتیاران بـۆ ناوچەکەمـان بـۆ ئـەوەی چیـتر زەرەرمەنـد نەبیـن بەتایبەتـی هاوکارمـان بـن لـە هێنانـی گەشـتیارانی بیانـی و ڕێککەوتنـمان لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی گەشـتیاری، بەمـەش ناوچەکەمـان و خـاوەن پڕۆژەکانمـان بـە گشـتی سـودمەند دەبـن، هەروەهـا کەلتـوور و ژینگەپارێـزی و مـرۆڤ دۆسـتایەتی و بەرخـودان و شۆڕەشـگێڕی ناوچەکەمـان بـە گەشـتیارانی بیانـی ئاشـنا دەکەیـن و دەزانـن کـە ئـەم دەڤـەرە چ قوربانـی و بەرخودانـی داوە بـۆ گەیشـتن بەئـازادی و سـەربەخۆی ئەمـڕۆی هەرێمـی کوردسـتان .

گرنگی کەرتی گەشتوگوزار بۆ ئابووری وڵات



1

سەرکۆ یونس*

کەرتـی گەشـتوگوزار لەزۆربـەی ئابـووری وڵاتانـی جیهانـدا بەیەکێـك لـە پایەکانـی ئابـووری وڵات دادەنرێـت و بەشـداری کارای هەیـە لـە بەدەسـتهێنانی داهـات و بزوێنـەری گەشـەپێدانی بەردەوامـە بـۆ ئابـووری وڵاتـان، نمونـەی ئـەو وڵاتانـەی کـە زیاتـر پشـت بـە داهاتـی گەشـتوگوزار دەبەسـتن زۆرن، لەوانـە (سـویسرا، کەنـەدا، تورکیـا، ئیتالیـا، ئیسـپانیا، ئیماراتـی عەرەبـی، یۆنـان و فەرەنسـا). لەسـاڵی (2019) لـە ئیسـپانیا گەشـتوگوزار بەڕێـژەی (14.2%) بەشـداری ئابـووری نەتەوەیـی کـردوە و لـە وڵاتانـی تریـش ئـەم کەرتـە گرنگـە بەڕێـژەی جیـاواز بەشـداری دەکات.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کەرتـی گەشـتوگوزار یەکێـك بـوو لـەو کەرتانـەی کـە زۆرتریـن زیانـی بەرکـەوت، ئەمـەش دەرەنجانـی قەدەغـەی هاتوچـۆی ناوخۆیـی و دەرەکـی و کەمبونـەوەی لەنـاکاوی خواسـتی بەکاربـەران لەسـەر گەشـت کـردن، کـە بـووە هـۆی زەرەروزیانـی ئابـووری و لەدەسـتدانی ملیۆنـان هەڵـی کار لـە جیهـان.

لەپێنـج مانگـی یەکەمـی سـاڵی (2020) زیانەکانـی گەشـتوگوزار نزیکەی(320)ملیـار دۆلار بـووە و ڕێـژەی (56%) ژمـارەی گەشـتیارانی جیهـان کەمـی کـردوە.

بەپێـی ڕاپۆرتـی ڕێکخـراوی جیهانـی گەشـتوگوزاری سـەر بـە نەتەوەیەکگرتـووەکان، بەهـۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە ژنـان و گەنجـان لەکەرتـی گەشـتوگوزار زۆرترین چیـن و تۆیـژن کـە کارەکانیـان لەدەسـت داوە، لەهەمـان کاتـدا ئابـووری ئـەو وڵاتانـەی کـە زیاتـر پشـتیان بـە داهاتـی کەرتـی گەشـتیارییەوە دەبەسـت، زۆرتریـن زیانیـان بەرکەوتـووە و داهاتـی گشـتییان توشـی کەمبونـەوە بـووە.

بەپێـی هەمـان ڕاپـۆرت بەهـۆی ئـەم ڤایرۆسـەوە ڕێـژەی (90%) شـوێنە کلتوریـیە گەشـتیاریەکانی جیهـان داخـراون و لـە ئێسـتادا سـوودیان لـێ نابینرێـت، بەمـەش مەترسـی بـۆ سـەر سـەدان شـوێنی کلتـوری و ڕۆشـنبیری مرۆڤایەتـی دروسـت دەبێـت.

لەڕاپۆرتـی ڕێکخـراوی جیهانـی گەشـتوگوزاردا هاتـووە لـە دەرئەنجامـی کاریگەرییەکانـی ڤایرۆسـی کۆڤیـد19-، لەنێـوان (100 بـۆ 120) ملیـۆن کاری گەشـتیاری (هەڵـی کار) ڕاسـتەوخۆ لەژێـر مەترسـی لەدەسـت داندان.

بەپێـی ڕاپۆرتـەکان هەریەکـە لـە (ئوسـتورالیا، چیـن، مالیزیـا، مەکسـیك، کۆریـای باشـور) زۆرتریـن زیانیـان بەرکەوتـوە کەبەچەندیـن ملیـار دۆلار دەخەمڵێنرێـت و پاشـان هێڵەکانـی گواسـتنەوەی ئاسـمانی و گازینـۆکان و هاتوچـۆی دەریایـی و چێشـتخانە و میوانخانـەکان زیانـی گەورەیـان بەرکەوتـوە.

ئابووریناس



چیرۆکی ئاوێتەبوونی دەسکەوت و دەربەدەریی ئاوارەیی بۆ خەبات دەگێڕێتەوە

ماریا ئەنجێلیکا: شەترەنج بوو ئەو هێزەی پێ بەخشیم بەرەنگاری ئەو نەهامەتییانەی کۆچ و دوور لە خانەوادەکەم ببمەوە











دیمانە: هاوار مورتکەیی

شەرەفی ئەوەم بەرکەوت وەک ئەندامێکی هەڵبژاردەی ژۆڵۆمپیادی پەنەما بەشداری لە ژۆڵۆمپیادی ڕووسیا بکەم

ماریا ئەنجێلیکا ئەو خانمە شەترەنجزانەی وڵاتی ڤەنزویلایە کە لەبەر بارودۆخی وڵاتەکەی کۆچ دەکات بۆ پەنەما و لەوێ کە دەزانن کەسێکی بەتوانایە لە شەترەنج داوای لێدەکەن وەک یاریزانێکی پەنەمایی یاری بکات و ئالای ئەو وڵاتە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان بەرز بکاتەوە، دواتر کە پێشەنگی پاریزانانی ئەو وڵاتە دەگرێت، شەرەفی ئەوەی پێدەدرێت یەکێک بێت لە ئەندامانی هەڵبژاردەی ژۆڵۆمپیادی بۆ ژۆڵۆمپیادی داهاتوو کە بڕیارە لە ڕووسیا بەڕێوەبچێت، ئەم خانمە لە میانی دیمانەیەکدا باس لەچیرۆکی خۆی دەکات و ئاماژە بەخۆشەویستی خۆی بۆ شەترەنج دەکات کە ئەو کاتەی کۆچیش دەکات ناتوانێت دەستبەرداری ئەو یارییە بێت.

کۆچ ناچاری کردم دووربکەومەوە

ماریا ئەنجێلیکا Maria Angelica Carrillo کە لەساڵی 1991 لە وڵاتی ڤەنزویلا لەدایک بووە، ماستەری لە یاسای کارکردن هەیە و دەڵێت: سەرەتا زۆر لەیاریپەکانم دەکرد وەک مەلەوانی، تۆپی بالە، گۆڕەپان و مەیدان، بەڵام شەترەنج ڕووبەریکی گەورەتری لە ژیانم داگیرکرد، لەخیزانەکەمان کەس ئەو یارییە ناکەن، بەڵام بەردەوام پشتگیری منیان کردووە و ئەوان هاندەرم بوونە، کاتێک تەمەنم دەبێتە 10 ساڵ و دەمبەنە قوتابخانەیەکی شەترەنج و دوای ساڵێک لەفێربوون بەشداری پاڵەوانیتییەکانم کرد، تا تەمەنی 18 ساڵی بەردەوام رکابەریم لە پاڵەوانیتییەکان دەکرد، بەڵام دواتر بارودۆخی وڵاتەکەم تێکچوو، ناچار کۆچم کرد بەرەو وڵاتی پەنەما و لەوێ بۆ ماوەیەک لە شەترەنج دوور کەوتمەوە و کاری دیکەم دەکرد.

دەرفەتم بۆ ڕەخساوە

ئەو خانمە زیاتر دەڵێت: لە پەنەما کە زانیان لەشەترەنج ئاستێکی باشم هەیە، دەرفەتێکیان بۆ ڕەخساندم کە دووبارە ئەو یارییە بکەمەوە، بەڵام مەرجی ئەوان ئەوەبوو کە لەمەودوا بەئاڵا و ناوی پەنەما بەشداری پاڵەوانیتییەکان بکەم، ئەوەبوو بەردەوام بووم و خۆشبەختانە بڕوانامەی ڕاهێنەری FIDEم بەدەستهێنا، لەیاریکردنیش بەشداری پاڵاوتنی ژۆڵۆمپیادم کرد و خۆشبەختانە پێشەنگی پۆلینەکەم بەدەستهێنا و شەرەفی ئەوەم بەرکەوت وەک ئەندامێکی هەڵبژاردەی ژۆڵۆمپیادی پەنەما بەشداری لە ژۆڵۆمپیادی ڕووسیا بکەین کە لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، پێشترێش توانیبوومان بۆ ژۆڵۆمپیادی باتۆمی لە جۆرجیا سەربکەوین و بەشداربم.

شەترنج ئومێدی پێ بەخشییەوە

ماریا ئەنجێلیکا زیاتر باس لە دەسکەوتەکانی لە یاری شەترەنج دەکات و دەڵێت: لەگەڵ ژمارەیەک شەترەنجزانی بەتوانی ئەو وڵاتە بەردەوامیم بەخۆم دا بۆ ڕاهێنان، زوو توانیم ئاستی خۆم پێش بخەم، ئەگەرچی ژیانی ئاوارەیی و دوور لە خانەوادەکەم بۆمن هێندە قورس بوو بەڵام چۆکم دانەدا و بەردەوامییم بەخۆم دا و هەرگیز ئەوەش لەبیر ناکەم کە بوومە پاڵێوراوی Master Fide، باشترین ئەنجامیشمان بەدەستهێنانی پلەی سێیەم بوو لە پاڵەوانێتی گشتی ئەمەریکا کە لە ساڵی 2019 لە کۆستاریکا بەڕێوەچوو، خۆشەویستیم بۆ شەترەنج ڕادەبەدەرە، بۆم دەرکەوت کە شەترەنج بوو ئەو هێزەی پێ بەخشیم بەرەنگاری ئەو نەهامەتییانەی کۆچ و دوور لە خانەوادەکەم ببمەوە، تەنها بەوشەیەك دەتوانم وەسفی شەترەنج بکەم کە ئەویش (سۆز)ە.



ئەنچیلوٚتی ستایشی ڕۆدریگز دەکات

کارلۆ ئەنچیلۆتی وەڵامێکی جیاوازی پێیە بۆ ئەو پرسیارە باوەی لەسەر ڕاهاتنی یاریزانان دەکرێت، بە تایبەت دوای گواستنەوەکەی خامیس ڕۆدریگێز لە ڕیاڵ مەدریدی لالیگاوە بۆ ئیڤەرتۆنی خولی ئینگلیزی کە تا وەکو ئێستا بە باشی ئاستی بەرزی پیشان داوە.

دوای بردنەوەکەی بە ئەنجامی 4-2 لە برایتۆن، کە تێیدا ڕۆدریگێز دوو گۆڵ و ئاسیستێکی تۆمار کرد، ئەنچلۆتی بەم شێوەیە بەرگری لە فەلسەفی خۆی و لە ئاستی یاریزانەکەش کرد: "یاریزانانی خاوەن کوالێتی بەرز، کێشەیان نییە لەگەڵ ڕاهاتن و گونجاندا. توانا و ئاستەکە هەمیشە بوونی هەیە، چونکە تۆپی پێ بۆخۆی هێندە ئاڵۆز نییە. یاریگا هەر یاریگایە و، تیمی دژبەر هەر 11 یاریزانن و تۆپیش هەر وەکو خۆیەتی. گۆڵەکەش لە جێگەی خۆی ناجوڵێت."

بۆ وە بیرهێنانەوە، ئیڤەرتۆن سێیەم وێستگەی پێکەوە کاردنی ڕاهێنەرە ئیتاڵیەکە و یاریزانە کۆڵۆمبیەکەیە لە سێ یانەی جیاوازدا پاش پێکەوەبوونیان لە یانەکانی ڕیاڵ مەدرید و بایەرن میونشن.

مان یونایتد بەرگریکارێکی گواستەوە ریزەکانی

مانچستەر یونایتد لەگەڵ بەرگریکارێکی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی گەیشتە ڕێککەوتن و بە فەرمی گرێبەستەکەی ڕاەگەیەندرێت.

فابریزیۆ ڕۆمانۆی پەیامنێری بەناوبانگی سکای سپۆرتس ئاشکرای کردووە کە مانچێستەر یونایتد ئالێکس تیلێس بەرگریکاری لای چەپی یانەی پۆرتۆی هێنایە ریزەکانی و لە نزیکترین کات گرێبەستەکەی بە فەرمی ڕادەگەندرێت.

ئالێکس تیلێس بە ڕەسەن بەرازیلییە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئیتاڵیایە، پێشتر لە دەرگەی یانەی گەلاتەسەرای تورکیا یانەی گریمیۆی جێهێشت و پەیوەندی بە خولەکانی ئەوروپا کرد، دوای یەك وەرز یاریکردن لە خولی تورکیا ڕوویکردە ئینتەر میلان، ماوەی 4 وەرزە یاری بۆ یانەی پۆرتۆی پورتوگالی دەکات، لەگەڵ یانەی پۆرتۆ 195 یاری کردووە 26 گۆڵ و 57 ئاسیستی هەیە.


مۆرینهۆ یانەکەی پێشووی گۆڵباران دەکات

مانچستەر یونایتد لەناو یاریگا و میژووی خۆیدا تووشی گەورەترین شکست هات لە بەرامبەر تۆتنهام.

سەرەتای یاریپەکە لە بەرژەوەندی یونایتد بوو کاتێك ناوبژیوان لە خولەکی سێ لێدانێکی سزای دژی تۆتنهام هەژمارکرد و یونایتد یەکەم گۆڵی تۆمارکرد بەڵام بەدەر لە چاوەڕوانییەکان سپێرز لە چەند خولەکێکدا دوو گۆڵیان تۆمارکرد و بەرگرییە وێرانەکەی یونایتد بەردەوام بوو تاوەکو تۆتنهام دوای ئەو دوو گۆڵە، چوار جاری دیکە تۆڕی دەیفد دی خیای هەژاند.

بەوەش یونایتد گەورەترین شکستی خۆی بەرامبەر تۆتنهام نوسییەوە و وە تەنها سێیەم جار بوو لە یاریپەکدا شەش گۆڵی لێ تۆماربکرێت. لە 1996بەرامبەر ساوزهامپتن و لە لە 2011 بەرامبەر مان سیتی.

جگە لەوەش یەکەمجاربوو مان یونایتد لە نیوەی یەکەمی یاریپەکەدا چوار گۆڵی لێ تۆماربکرێت لە یاریگای خۆی لەوەتەی 1957 ـەوە کە ئەوکاتیش هەر بەرامبەر تۆتنهام بوو!



ماسك بەستن

خەبات
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Tue.6 Oct. 2020 No.:(6017)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هونەرو دنیای هونەر هەمیشە مرۆڤەکان لەناو ڕوحیەتێکی پاک دەهێڵێتەوە

شێوەکار و فۆتۆگرافەر ئاکار ڕاوچی:

لەناو تابلۆکانم دا بەتەواوی هەستێکی نەتەوایەتی بەدی دەکرێت



دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین



ئاکار ڕاوچی یەکێکە لە شێوەکار و فۆتۆگرافەرەکانی کوردستان کە لە ٧/٤/١٩٩٠لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری ڕانیە لە دایک بووە لە ئێستادا دانیشتوی وڵاتی بەریتانیایە ، هەر لەمندالّی یەوە حەزی لە هونەری نیگارکێشان کردووە ، لە ساڵی ٢٠٠٩وێنەی سروشتی ڕانیەی گرتوە ، لەساڵی ٢٠١٠ بەتەواوی دەستی کردوە بەکاری فۆتۆگرافی چەندین گەشتی جۆراوجۆری بۆ شارو گوند و ناوچەشاخاویەکانی کوردستان ئەنجام داوە بە مەبەستی خزمەت کردنی سروشت و کلتوری کوردستان ، و بەشداری چەندین پێشەنگاو ڤیستیڤاڵ و چالاکی کردوە ، و چەندین کاری بۆ (کلیپ و فلیمی سینەمای و شانۆ) ئەنجام داوەو کارەکانی لە ماڵپەڕ و کەناڵەکان دەردەکەون، دەرچووی زانکۆی سەڵاحەددینە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی نیگارکێشان،کارە فۆتۆگرافیەکانی پێک هاتوون لە (ئیرۆتیک و دیجیتاڵ ئارت و فۆتۆئارت و پۆرترێت و لاندسکێپ ومایکرۆ)کارە شێوەکاریەکانیشی پێکهاتون لە تابلۆی(هونەرمەندان و شاعیران و شۆڕشگێڕو سەرکردەکوردەکانی ڕابردوو) یەکەم کەس بوە توانیویەتی لە پێشانگایەکی هونەریدا لە کوردستان وێنەی دیجیتاڵ ئارت نمایش بکات، یەکەم کەسیش بووە کار لەسەر هونەری ئیرۆتیک بکات لە کوردستان ، وە لە ئێستادا لە هەولّدایە لەگەڵ چەند ڕێخراوێکی بەریتانی کار لەسەر پرۆژەی هونەری بکات، ئاکار ڕاوچی بەم جۆرە دەستی کرد بەوەڵامی پرسیراکانی خەبات:

بۆدەرچوانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچونیان بەردەوام نابن لەسەرهونەری شێوەکاری؟

زۆرینەی دەچوانی بەشی شێوەکاری لە زانکۆو پەیمانگاکان بەحوکمی ئەوەی لە ئەزمەوە بۆ بەدەست هێنانی شەهادە ڕویان لەو بەشەکردوە بۆیە دوای دەرچونیان واز لەکاری هونەری دێنن یاخود دەتوانم بڵێم بەهۆی ئەوەی هونەر لە کوردستان هێچ داهاتێکی لێ دەست ناکەوێت ئەمەش وا لەدەرچوانی بەشی شێوەکاری دەکات کە دەست بەردارى هونەرەکەیان بن.

چی شتێك ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

هەمیشە ئەوەی کە ئاوێتە وڕەنگ دانەوەیە لە ناو کارەکانم دا هەستێکی نەتەوەیە خزمەت کردنە بە نەتەوەکەم.

ئەوتابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین وبۆکێشت کێشاون؟

هەموو ئەو کارانەی ئەنجامم داون هەوڵم بۆیانداوەو پێیانەوە ماندوبوم هەر کارێکم شانازیەکە بۆمن ، هەریەکێکیان تایبەت مەندی و خۆشەویستیەکی تایبەت بەخۆی هەیە ، کارەکان زیاتر بۆ هونەرمەند و شاعیرو ڕۆمان نووس و سەرکردە کۆنەکانی کورد بوون کە خزمەتیان بە نەتەوەی کورد کردوە ، وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەی ویستومە بە هونەر ڕێزلە ماندوبوونیان بگرم .

خاوەنی چەند پێشانگایت و لە چەند پێشانگا بەشداریت کردووە، چەند تابلۆت هەیە؟

بەشداری شەش پێشەنگای هاوبەشی کردوە لەشارە چیاوازەکانی کوردستان هەروەها لە فیستیڤاڵی هونەری وەك هونەرمەندێك بەشداربوە بە کۆمەڵێك کاری دیجیتاڵ ئارت .

بۆلەکوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

بەرەوپێش نەچوونی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دەگەڕێتەوە ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری تاك ئەمەش کەم تەرخەمی حکومەت وبی پلانی وەزارەتی ڕۆشنبیریە .

پێشمەرگەوشەهید لە کوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

بێگومان پۆرترێتی شەهیدان و پۆرترێتی پێشمەرگە لەناوکارەکانم دا بونیان هەیەوگرینگیان پێدراوە ئەوەش بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم لەبەرامبەر ئەو خزمەتە پیرۆزە ، کە خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ گەل ونیشتیمان.

هاوڵاتیان تاچەند تابلۆی خۆماڵی واتابەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟کرینی تابلۆتاچەند هۆکاردەبێت بۆبەرەو پێش چوونی هونەری شێوەکاری؟

بەهۆی ئاستی هۆشیاری تاکی کورد و کەم دەرامەتی تاك لە کوردستان هاوڵاتیان نەگەشتونەتە ئەو ئاستە تابتوانن تابلۆی هونەری بکڕن وکرینی تابلۆی ئۆرجینال ببێتە کلتور ،کەسانێکیش هەن کە دەیانەوێت نرخێکی کەم بدەن بەتابلۆ یاخود هەمیشە چاوبان لەوبە بەبێ بەرامبەر بنە خاوەنی تابلۆیەکی هونەری بەبێ ڕەچاوگرتنی کڕینی کەرەستەی هونەری وماندوبونی هونەرمەند ، بەمەش کاریگەریەکی تردروست دەبێت لە بەرەو پێش نەکەوتنی هونەری شێوەکاری.

حەزدەکەیت چی تابلۆیەك بکێشیت وپێشکەشی کێی بکەیت؟

هەمیشە حەزم بە ئایدیا و بیرۆکەی تازە کردوە لە هەوڵ و تەجروبەکردن دام بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانم لە وڵاتی بەریتانیا ، جونەناو هونەری تازەی لەم وڵاتە سودو بیرۆکەی باشتر دەخولقێنێت .


خەونت چییە؟

خەونی من هەمیشە خزمەت کردن بوە بە نەتەوەکەم و لە هەوڵدام تابتوانم کارەکانم لە بەریتانیاو وڵاتانی تر نمایش بکەم و هونەری شێوەکاری کوردی ببەمە ناو گەلەریەکان،گرینگی دان بە هونەرو کلتوروداببونەری تی نەتەوەی کورد.




ئیسپانیا.. دێرینترین چێشتخانەی جیهان لە بەرامبەر کۆرۆنا هەوڵی مانەوە دەدات





چێشتخانەی بۆتین کە تەمەی ٢٩٥ ساڵە، وەک دێرینترین چێشتخانەی جیهان ناوی چووەتە کتێبی گینس-ەوە و دەکەوێتە شاری مەدرید پایتەختی ئیسپانیا. لەئێستاشدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنای نوێ ئەم چێشتخانەیە بە ڕەوشێکی سەختدا تێدەپەڕێت و ڕووبەڕووی زەرەر و زیانێکی زۆر بووەتەوە، تا ئێستاش لە سەرتاسەری ئیسپانیا، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ زیاتر لە ٤٠ هەزار چێشتخانە مایەپووچ بوون و داخراون. خاوەنی چێشتخانەی بۆتین، ئەنتۆنیۆ گۆنزالیز لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە لە ساڵی ١٩٣٠ەوە خێزانەکەی بووەتە خاوەنی چێشتخانەکە و ڕایگەیاند «چێشتخانەی بۆتین تەنانەت لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا-ش بەکراوەیی ماوەتەوە و باپیرم لێرە بەردەوام بووە لە کارکردن، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی دژبە پەتای کۆرۆنای نوێ گیرانەبەر لە ١٤ی ئادار تا ٢١ی حوزەیران چێشتخانەکەمان داخست». ئەنتۆنیۆ گۆنزالیز کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنای بە شتێکی ترسناک و کتوپڕ وەسف کرد و گوتی: «لە کاتی ئاساییدا، ڕۆژانە ٦٠٠ میوانمان هەبوو، بەڵام لەئێستادا کەم بووەتەوە بۆ ٦٠ میوان. بەم هۆیەوە مانگانە ٥٠-٦٠ هەزار یورۆ زەرەر دەکەین، وا بروات هەر یەک ساڵ تا دوو ساڵ دەتوانین بەرگەبگرین».خاوەنی چێشتخانەی بۆتین، ئەنتۆنیۆ گۆنزالیز جەختی لەوەش کردەوە کە لە پێناو پاراستنی نازناوی «دێرینترین چێشتخانەی جیهان» بەهەموو هەوڵێکیانەوە هەوڵی مانەوە دەدەن.

پاش 60 ساڵان یادی هاوسەرگیریان بە شکۆوە کردەوە



دوو هاوژینی ئەمریکی کە 60 ساڵ لەمەبەر هاوسەرگیریان کردبوو ساڵیادی هاوسەرگیرییەکەیان بە پۆشینی جلی بوکێنی و وێنەگرتنی تایبەت کردەوە و بوونەتە جێی سەرنجی میدیاکان.

ماروین 88 ساڵە و لوسیل ستۆن 81 ساڵ، خەڵکی نێبرسکا ساڵی 1960 لە کەنیسەیەکی بچوك بە ناوی لۆتەر لە ستێرلینگ لە نێبرسکا هاوسەرگیری دەکەن و خاوەن سێ منداڵن، بە هۆی ئەو ئەوینەی کە ئێستاش بۆ یەکیان هەیە بڕیاریاندا کە پاش 60 ساڵ بە پۆشینی جلی بوکێنی و قاتی زاوایەتی وێنەی ڕۆمانسی زۆر سەرنجڕاکێش بگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکەنەوە. ئەو هاوژینانە نەهێنی ژیانیان متمانە و ڕوانگەی ئەرێنی خۆیان بۆ ژیان دەزانن. لوسیل دەڵێت چاوەڕێ مەکەن کە هەموو داخوازییەکانتان بێتە دی. کەلك لەو شتانە وەربگرن کە هەتانە و چێژ لە ژیان وەربگرن. وایستەکانتان دەستنیشان بکەن و بە هەموو تواناتانەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانیان بدەن.

